بەناوی خوای بەزێن و دلۆڤان

کۆبوونەوەی رۆژی ٧ / ٦ / ٢٠١٧ پیرۆز و گرنگ بوو
وەدەستکەوتنێکی بەهادارە بۆ گەلی کوردستان و قوربانییدانی
شەهیدان، شانازییەکی گەورەیە بۆ هەموو ئەو لایەنانەی
بەشداری کۆبوونەوەکە بوون و بریاری پیرۆزیان دا بۆ ئەوەی
گەلی کوردستان بتوانێ لە رێگەی ریفراندۆم دەنگ و ویستی
خۆی بە جیهانیان بگەیەنێت.

سوپاس بۆ خوا و بۆ پێشمەرگە و جەماوەری سەربەرزی
کوردستان و سوپاس بۆ ئەو لایەنانەی بە هەستی بەرپرسیارێتییەوە
هەڵوێستی نیشتیمانی و پیرۆزیان نواند. هیوادارم ئەم هەنگاوە
ببێتە هۆی یەکڕیزی نیشتیمانی و تەبایی لە نێوان لایەنە سیاسییەکان.

ویستی گەلی کوردستان ئەوەیە کە دەستکەوتەکانی لە مافێکی
سروشتی گەلی کوردستانە، لە رێگەی ئاشتی و دوور لە
توندوتیژی بەدەست بهێنێت. هەر لەم بارەیەشەوە دەمانەوێ
باشترین پەیوەندی و لێکتێگەیشتنمان لەگەڵ بەغدا و دراوسێکانمان
و وڵاتانی ناوچەکە هەبێت.

نابێ هەرگیز لەیاد بکەین کە دەستکەوت و سەرکەوتنەکانمان
بەرهەمی خوێنی شەهیدە نەمرەکانمانە.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی رێگەی ئازادی.

# دەستنیشانکردنی ٢٥ی ئەیلوول بۆ رۆژی ریفراندۆم

## رووخانی دیوارێکی دیکەی بەرلین و کۆتایی مێژووی ژێردەستەیی

**«کاتێک باس لە چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق دەکەین، گرنگە ئاماژە بەو راستییە بکەین کە ئەو زەمەنە بەسەرچوو، بەنیازی ئەوە بین چارەسەری نێودەوڵەتی، کێشە ناوخۆییەکانی عێراق چارەسەر بکات، عێراق مێژوویەکی دوور و درێژی لە حوکمڕانیی سەنتراڵیی بەهێز هەیە، بۆیە تەنیا عێراقییەکان خۆیان دەزانن، ئەگەر هەوڵبدرێت ئەم سیستمە سەنتراڵییە بەهێزە بگۆڕێت بۆ سیستمێکی دیکە، چ ئاکامێکی کارەستباری دەبێت.**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدەست کەموکورتیی ئەو جۆرە حوکمڕانییەی بەغداوە ناڵاندوویەتی، بۆیە گرنگە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدوای شەڕی داعش، چۆن هاوکاریی عێراق دەکات بۆ ریفۆرم و حوکمڕانیی باش، بە هەمان شێوەیەش هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات، هەروەها دەبێت رۆڵی ناوبژیوان بگێڕێت لە نێوان کوردستان و عێراق بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان هەتا بەشێوەیەکی ئاشتییانە لەگەڵ بەغدا بگاتە ئەنجام.**

**لە ئێستادا ئاستی متمانەو نییەتی باش لە نێوان بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوپەڕی لاوازیدایە، لەلایەک حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی وەک قوربانیی بەغدا سەیردەکات، بەغداش بەوجۆرە سەیری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کە بارودۆخەکەی ئیستغلال کردووە، بەڵام تێکچوونی پەیوەندیی نێوان بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرژەوەندیی هیچ لایەکیان و هەروەها لە بەرژەوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشدا نییە.**

**ئاشکرایە کە خواستی زۆربەی زۆری کوردی عێراق بۆ سەربەخۆیی کوردستانەو ئەم پرسە هیچ گومانێکی تێدا نییە. لەسەر ئەم پرسە لەنێو کورددا بیروبۆچوونی جیاواز هەیە سەبارەت بەوەی چۆن و کەی ئەم هەنگاوە هەڵبگیرێت، بەڵام کۆدەنگییەکی تەواو هەیە لەسەر ئەوەی کە پرۆسەکە دەبێت بەشێوەیەک بەڕێوە ببرێت کە کوردستانی سەربەخۆ پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ بەغدا هەبێت، بەتایبەتی لە هەردوو بواری ئاسایش و ئابووریدا.**

**ئەم پرۆسەیە دوو ئاراستەی پێکەوە گرێدراو لە خۆی دەگرێت، یەکەمیان: لەسەر ئاستی دوورمەودا، بریتییە لە چارەسەرکردنی ئەو پرسانەی کە پەیوەندیدارە بە**

### ● ریفراندۆمی ٢٥ی ئەیلوول

### کۆتایی مێژووی ژێردەستەیی و گەیشتن بە ئازادی

چەمکی کۆتایی مێژوو لە رووی فیکری و فەلسەفییەوە، بۆ یەکەمین جار لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی فەرەنسا، لەلایەن فردریك هیگل ئیمپراتۆری فەلسەفە بەکارهێنراوە و دوای رووخانی دیواری بەرلین-یش لە ١٩٨٩/١١/٩ لەلایەن بیرمەندی ئەمریکی (بە رەچەڵەك ژاپۆنی) فرانسیس فۆکۆیاما بەکار هێنراوە. چەمکی کۆتایی مێژوو لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستاش جێگەی مشتومڕێکی گەورەی فیکرییە لەنێوان بیرمەندان و رۆشنفکراندا، بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا بۆ یەکلاکردنەوەی یەکجارەکیی ململانێی نێوان دوو ئیرادە بەکار هاتووە، کە یەکێکیان هەوڵیداوە ئاستەنگ بۆ رەوڕەوەی مێژوو دروست بکات و نەهێڵێت بگاتە ئازادی، ئیرادەی دووەهەمیشیان هەوڵیداوە پاڵ بە رەوڕەوەی مێژووەوە بنێت بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی بگاتە ئازادی و مێژووی گەیشتن بە ئازادی کۆتایی بێت و، مێژووی پاراستنی ئازادی دەست پێ بکات.

لەم روانگەیەوە، بریاری رۆژی ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٧ کە لە کۆبوونەوەی حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆك بارزانی بە دیاریکردنی رۆژی ٢٥ی ئەیلوول بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم درا، هێندەی شۆڕشی فەرەنسا و رووخانی دیوار بەرلین، بۆ گەلی کوردستان و وەرچەرخانی گەورە لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیستمی

دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، وەک: (سنوور، نەوت، بارودۆخی کەرکووک و ناوچە کێشەلەسەرەکانی دیکە). دووەمیان: لەسەر ئاستی کورتمەودا جەختکردنەوەیە لەسەر بەڕێوەبردنی ئەو تەحەددییانەی ئێستا رووبەڕووی هەردوولا دەبێتەوە، وەک دابەشکردنی داهاتی نەوت، هاوکاری ئاسایش لە دوای تێکشکاندنی داعش، پاراستنی ئارامیی ناوچە جێ ناکۆکەکان، لەسەر ئەم پرسانە بەغداو هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک لیژنەی هاوبەشیان دروستکردووە، هەندێک لەم لیژنانە لەوانی دیکە باشتر بەڕێوەدەچن، بەڵام هەردوولا (بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان) نییەتی خۆیان راگەیاندووە کە لیژنەیەک دروست بکەن بۆ ئەوەی موناقەشەی جیابوونەوەی کوردستان بکەن.




ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تەنیا لایەنە کە لەلایەن بەغداو حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە جێگەی متمانەیە بۆ ئەوەی رۆڵی خۆی لەسەر ئاستی هەردوو قۆناخی دوورمەداو کورتمەودا لەنێوان بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان بگێڕێت، هەروەها ئەمریکا دەبێت لەسەر هاوکارییە ستراتیژییەکانی خۆی بۆ هاوکاریی نێوان هەردوولا بەردەوام بێت، بۆ نموونە بە رێگەی پشتگیریکردنی هەوڵی هاوبەش بۆ پڕۆژەکانی بودنیادنانەوەی ناوچە جێناکۆکەکان، بە رێگەی دروستکردنی هۆکاری هاندەر بۆ ئەوەی هاوکاریی نێوان هەردوولا بەردەوام بێت. بەمشێوەیەش ئەمریکا دەتوانیت کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان بەشێوەیەک بەڕێوەبەرێت کە پەیوەندییەکی زۆر بەرهەمدار لەنێوانیان دروست بکات.

بەشداربوونی ئەمریکا لەم پرۆسەیە بۆ هەردوولا کارێکی زۆر پێویستە، بەتایبەتیش لە پرسی جیابوونەوەی کوردستاندا، بەڵام ئەوە بۆ ئەمریکا ناشێت کە هەڵوێستێک وەربگرێت بۆ بەرژەوەندی، یان دژی سەربەخۆیی کوردستان، کاری ئەمریکا ئەوەیە هاوکاری هەردوولا بکات بۆ ئەوەی بگەنە ئەو ئامانجانەی کە خۆیان بۆ خۆیان رێکیانخستووە.»

***

چەند پەڕەگرافێک لە راپۆرتی تاسکفۆرسی ئامۆژگای ئەتڵەنتیک لەسەر ئایندەی عێراق کە بە سەرپەرشتی رایان کرۆکەر (باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق) ئامادەکراوە.

جیهانی کاریگەری هەیە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەر لە ئێستاوە لای تەواوی دەوڵەتانی جیهان ئاکامی ریفراندۆمەکە ئاشکرایە و دەزانن کە زۆرینەی رەهای گەلی کوردستان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە بە (بەڵێ) دەنگ بۆ ئازادی و کۆتاییهاتنی مێژووی ژێردەستەیی دەدەن. هەربۆیە هیچ دەوڵەتێك، یان ناوەندێکی نێودەوڵەتی، تەنانەت نەتەوە یەکگرتووەکانیش، لەسەر ئەگەری دەنگدانی (نەخێر) گرەو ناکەن و هەر لە ئێستاوە لەسەر بنەمای ئەو وەرچەرخانە گەورانەی لە (بەڵێ) یەکەوە سەرچاوە دەگرێت، هەڵوێستی خۆیان ئاشکرا دەکەن.

لەگەڵ دەستپێکی ناسەقامگیری و ئاڵۆزییەکانی شەڕی داعش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، زۆر لە پسپۆڕان و بیرمەندان و چاودێرانی سیاسی، ئاماژەیان بەوە کردووە کە سیستمە کۆنەکەی جیهان مردووە، بەڵام هێشتا سیستمە تازەکە لەدایك نەبووە، ئەمەش بەو مانایەی چیدیکە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەچوارچێوەی سیستمە کۆنەکەی جیهان چارەسەر ناکرێت و پێویستە سیستمێکی تازە لەدایك بێت و بەشێوازێکی دیکە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رێکبخاتەوە، ئەم رێکخستنەوەیەش کە هەموو لایەك کۆدەنگن لەسەری، ئەوەیە کە دەبێت لە عێراقەوە دەست پێ بکات و پاشان سەرتاسەری ناوچەکە بگرێتەوە، واتە بە (بەڵێ)ی خەڵکی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلوول و بە راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان لەدایك دەبێت.

**پێش ئەوەی خەڵکی کوردستان بازنەی حزبەکان پشتگوێ بخەن و لە بازنەیەکی فراوانتری سەرووی حزبەکاندا یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی دروست بکەن، باشترە حزبەکان خۆیان بازنەی تەسکی حزبایەتییان بەو ئاستە فراوان بکەن کە لەگەڵ خواستی نیشتمانی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستاندا هاودژی دروست نەکات**

**لەناو مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان هەندێک جار ئەو حاڵەتە روویداوە کە بیروبۆچوونی حزب لەگەڵ هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی گشتیدا یەک نەگرێتەوە، بۆیە لە دەرەوەی چوارچێوەی حزب، هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی لە بازنەیەکی فراوانتردا، بازنەی حزبەکانی تێپەڕاندووە و یەکیگرتۆتەوە**

**راستە بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان ئەندام و هەوادارى حزبە سیاسییەکانی کوردستانن، بەڵام ئەم خەڵکە هەتا ئەو کاتە فەرمانی حزبەکانیان جێبەجێ دەکەن، کە فەرمانی حزبەکانیان لەگەڵ ئیرادە و هەستی نیشتمانیی ئەندام و هەوادارییان دژبەری دروست نەکات**

کێشەکانی دەوڵەتی عێراق وەك لە راپۆرتی تاسکفۆرسی ئامۆژگای ئەتڵەنتیك لەسەر ئایندەی عێراق ئاماژەی پێکراوە، جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە ئەو زەمەنە بەسەرچوو، چارەسەری نێودەوڵەتی بتوانێت کێشەکانی عێراق چارەسەر بکات و ئەو وڵاتە بە یەکپارچەیی بهێڵێتەوە، بۆیە لەبری ئەوەی هەوڵەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش، پێداگیری بێت لەسەر یەکپارچەیی عێراق، باشترە ببنە ناوبژیوان لە نێوان کوردستان و عێراق بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتییانە کوردستان و عێراق لە یەکتری جیاببنەوە و وەك دوو دەوڵەتی دراوسێ پەیوەندییەکی باش لە نێوانیاندا هەبێت.

ئاماژەکردنی ئەم راپۆرتە گرنگە بەوەی جارێکی دیکە «هەوڵە نێودەوڵەتییەکان ناتوانن کێشەکانی ناوخۆی عێراق چارەسەر بکەن..»، مانای ئەوەیە دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەماهەنگ بێت بۆ ئەو گۆڕانکارییە گەورەی لە جوگرافیای عێراقدا دێتەئاراوەو ئامادە بێت لە چوارچێوەی شەرعییەتی نێودەوڵەتی، مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا بکات.

ساڵانێك پێش ئێستا دۆستانی گەلی کوردستان، راسپاردەیان بۆ کوردستان ئەوە بوو کە کارێك نەکەین، لەبەریەك هەڵوەشانی عێراق بخرێتە ئەستۆی کوردستان، بەڵام ئێستا یەکپارچەیی عێراق بۆتە ماکی سەرەکیی پەتای تیرۆر و توندڕۆیی و سەرهەڵدانی داعش لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، خودی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بۆتە کێشەیەکی گەورە بۆ سەر سیستمی جیهانی و ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، تەنانەت ئەو گرژی و ئاڵۆزییەی کە ئێستا لە نێوان عەرەبستانی سعودیە و ئێران هەیە و رۆژ لەدوای رۆژ هەڵدەکشێت بۆ ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی گەورەی هەرێمی لە نێوان سعودیە و ئێران، هۆکارە سەرەکییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێداگرتن لەسەر سیاسەتی یەکپارچەیی عێراق و واڵابوونی دەروازەکان بۆ باڵادەستی و نفووزی ئێران لە عێراق و تێکدانی باڵانسی هێز لە ناوچەکەدا، کەواتە بۆ رێکخستنەوەی باڵانسی هێز و کردنەوەی دەرگایەك بۆ گێڕانەوەی ئاسایش و سەقامگیری بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وێستگەی یەکەم ئەوەیە کە سەرلەنوێ عێراقی عەرەبی لە نێوان شیعە و سوننە رێکبخرێتەوە و هەمان کات ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی ناوبژیوان بن لە نێوان کوردستان و عێراق بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوانیان لەسەر بنەمایەکی تازە رێکبخرێتەوە. ئەم ناوبژیوانییە نێودەوڵەتییەش لەنێوان عێراق و کوردستان بە سەرپەرشتیی ئەمریکا لەنێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق دەستی پێکردووە و ئاکامی باشیشی بۆ هەردوولا بەدەست هێناوە. هەربۆیە کاتێك بەرەو ئازادکردنی تەواوی موسڵ و کۆتاییهاتنی خەلافەتی داعش هەنگاو هەڵدەگرین و ئەرکەکان لە تێکشکاندنی داعشەوە دەگۆڕێت بۆ لە ریشە هەڵکێشانی سەرچاوەی فیکری تیرۆر و توندڕۆیی، ئەوا قۆناخێکی تازە دەست پێدەکات و دەبێت پرۆسەی سیاسی لە عێراقی عەرەبیدا بەوجۆرە رێکبخرێتەوە کە عەرەبی سوننە هەست بە پەراوێزخستن و مەحروومی لە پرۆسەی سیاسی نەکات، لە هەمانکاتدا دەبێت پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و عێراق زیاتر بەرەو پێشەوە بچن و ئاستێکی فراوانتر و هەمەلایەن بگرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانرێت کوردستان ببێتە دەروازیەك بۆ هاتنی کۆمپانیا و وەبەرهێنەری بیانی بۆ عێراق و لەمەش زیاتر جەخت لەسەر ئەوەش دەکرێتەوە لە دارشتنی سیاسەتی دەرەوەش، پێویستە جۆرێك لە هاوکاری و هەماهەنگی لەنێوان دەوڵەتی کوردستان و دەوڵەتی عێراق هەبێت، بۆ ئەوەی پێکەوە ئاراستەیەکی ستراتیژی بۆ کاریگەریی ئەرێنی لەسەر وڵاتانی دەوروبەر و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دروست بکەن.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراقەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ و، لە هەوڵەکانی بۆ سەرخستنی پرۆسەی دیموکراتی و بونیادنانەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی، بێجگە لەوەی زیاتر لە ٥٠٠٠ کەسی لە شەڕەکەدا بوونەتە قوربانی، هەتا ساڵی ٢٠١١ بڕی زیاتر لە ٨١٥ ملیار دۆلاری راستەوخۆ لە عێراقدا خەرج کردووە و

مەزندە دەكرێت هەتا شەڕی داعش كۆتایی دێت، ئەم بڕە بگاتە زیاتر لە ١,٧ ترلیۆن دۆلار، بەڵام ئێستا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی نە سیستمی دیموكراتی سەركەوتوو بوو، نە عێراقیش بووە ئەو دەوڵەتە فیدراڵی و فرەییەی كە ئومێدی بۆ دەخوازرا، لەلایەكی دیكەش وازهێنان لە عێراق و بەم بارودۆخەی ئێستایەوە، ئەوا هێندەی دیكە عێراق دەبێتە سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەرهەڵدانەوەی تیرۆر و تیرۆریستانی هاوشێوەی داعش لەژێر ناو و ناونیشانی دیكەدا، ئەمەش راستەوخۆ هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریكا و دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش، دروست دەكات.

جەختكردنەوەی ئەمریكا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لەسەر شەڕی دژی داعش، تەنیا بریتی نییە لەوەی ئەو ناوچانە كۆنترۆڵ بكرێنەوە، كە داعش دەستی بەسەردا گرتوون، یان چەند چەكداری داعش دەكوژرێن، بەڵكو سەركەوتن لەشەڕی دژی داعش، لە ریشە هەڵكێشانی فیكری داعشە كە سەرەتاكەی لە دابەشكردنی عێراق و سەربەخۆیی كوردستانەوە دەست پێدەكات، ئەم ئاراستەیەش سەرلەبەری هەموو ئەو هەڵوێست و بۆچوونانە رەتدەكاتەوە كە لەسەر بنەمای یەكپارچەیی عێراق بونیاد دەنرێن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێستا جیهان بەگشتی و ئەمریكا و هاوپەیمانان بەتایبەتی بە كردەیی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی كە پێداگرتن لەسەر سیاسەتی یەكپارچەیی عێراق، سەرچاوەی هەموو كێشە و ئاڵۆزییەكانی عێراق و ناوچەكە و تێكدانی باڵانسی هێزە لە نێوان دەوڵەتە گەورەكانی ناوچەكەدا، بۆیە ئەگەر ئامانج گێڕانەوەی سەقامگیری و ئاسایش بێت بۆ عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوە دەبێت سیاسەتی پێداگیری لەسەر یەكپارچەیی عێراق كۆتایی بێت و پێشوازی لەدەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان بكرێت.

## • ریفراندۆم
## مێژوو و جوگرافیای نەتەوەیەكی بێ دەوڵەت

ئەمازیا بارام سەرۆكی پێشووی سەنتەری سابات بۆ دیراسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تایبەتمەند لە مێژووی حوكمڕانی لە عێراقدا، لە دیمانەیەكدا لێمان پرسی: ئەگەر بارزانی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان رابگەیەنێت، هەڵوێستی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بەرامبەر ئەو دەوڵەتە چۆن دەبێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا پرۆفیسۆر بارام پێی گوتین: «ئەو شەوەی بەنیاز بووین بۆ بەیانی دەوڵەتی ئیسرائیل رابگەیەنین، هەڵوێستی ئەمریكا بەوجۆرە بوو كە ئێمە دەوڵەت رانەگەیەنین، بەڵام كە دەوڵەتی ئیسرائیلمان راگەیاند، ئەمریكا پێش هەموو دەوڵەتێك ئیعترافی بە دەوڵەتی ئیسرائیل كرد، هەر بۆیە كاتێك ئەمریكا دەڵێت من پشتگیری راگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل ناكەم، ئەوە لە روانگەی بەرژەوەندییەكانی خۆی بووە و دەبێت بەو شێوەیە لێدوان بدات، بەڵام كە دەوڵەتەكە راگەیەندرا، ئەمریكا مامەڵە لەگەڵ ئەو دیفاكتۆیە دەكات كە دێتەئاراوە، بۆیە بۆ دەوڵەتی كوردستانیش هەمان شت راستە، لەبەر ئەوەی ئێستا ئەمریكا لە روانگەی بەرژەوەندییەكانی خۆیەوە بە فەرمی لێدوان دەدات، بەڵام كە دەوڵەتی كوردستان راگەیەندرا، ئەو كات مامەڵە لەگەڵ ئەو دیفاكتۆیە دەكات كە دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان دروستی دەكات.

لەدوای رۆژی ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٧وە كە سەرۆك بارزانی داوای لە كۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەكانی كوردستان كردووە خۆی بۆ ریفراندۆم و هەڵبژاردنی داهاتووی كوردستان ئامادە بكات، میدیاكانی كوردستان چەند جارێك ئەو پرسیارەیان لە وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا كردووە، بەوەی ئایا هەڵوێستی ئەمریكا بەرامبەر بە ئەنجامدانی راپرسی لە كوردستان چی دەبێت؟ لە وەڵامدا پێیان راگەیاندووین رێز لە ئیرادەی خەڵكی كوردستان دەگرین و پابەندین بە سیاسەتی یەكپارچەیی خاكی عێراقیشەوە. ئەم وەڵامە كە لەیەك كاتدا دەرنەبڕینی هەڵوێستە بەرامبەر سەربەخۆیی كوردستان، بەڵام لە هەمانكاتیشدا پیشاندانی ئەو هەڵوێستەشە كە ئەمریكا دژایەتی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان ناكات، هەموو ئەوانەشی ئەزموونێكی زۆریان لە سیاسەتی دەرەوە و كۆشكی سپی هەیە و ئێستا سەرقاڵی ئەوەن پیشنیار و راسپاردەی بەسوود

**كاتێك لە ساڵی ٢٠٠٧ شەڕی ناوخۆی نێوان شیعە و سوننە بووە شەڕێكی خوێناوی، ئەوە بوو رێكخراوی سندوقی ئاشتیی جیهان بە هاوكاری لەگەڵ گۆڤاری فۆرین پۆلیسی، بیرۆكەی (دابەشكردنی نەرمیان) گۆڕی بۆ (بەڕێوەبردنی دابەشكردن) و پشنیاری (یەكێتی دەوڵەتەكانی عێراق)یان كرد، لەسەر هاوشێوەی دەوڵەتانی یەكێتی ئەورووپا**

**ئەنجامدانی ریفراندۆمی نافەرمیی ٢٠٠٥، بووە هۆكاری ئەوەی لەسەر ئاستی ناوەندەكانی فیكر و لێكۆڵینەوە، بیركردنەوەیەكی تازە دروست بێت بەوەی گەلی كوردستان بە رێژەی زیاتر لە ٩٨٪ داوای سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە عێراق دەكات، هەر ئەمەش بووە بنەمای ئەو بیرۆكە تازەیەی كە بیر لە (دابەشكردنێكی نەرمی عێراق) لەچوارچێوەی سیستمی فیدراڵی عێراقدا بكرێتەوە و ببێتە پلانی B لە سیاسەتی ئەمریكادا بەرامبەر بە عێراق**

**بەشداریی خەڵكی كوردستان لە پرۆسەی ریفراندۆم و بڕیاردانی یەكلاكەرەوە بۆ چارەنووسی خۆی، دەكەوێتە سەرووی ئایدیۆلۆژیەتی حزبی، یان ئاراستەكردنی حزب بۆ بەشداریی خەڵك لەو پرۆسە مێژوویی و نیشتمانییەدا**

بۆ ئیدارەی ترەمپ ئامادەبکەن، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە نابێت ئەمریکا هەڵوێستی پاڵپشتی، یان دژی بەرامبەر پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان هەبێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئەمریکا ناوبژیوانێکی بەهێز و بێ لایەن بێت لە نێوان عێراق و کوردستان بۆ ئەوەی هەردوولا بگەنە ئەو ئاکامەی کە هەردوولایان رازی دەکات، بۆیە لەم پرۆسەیەدا ئەمریکا خۆی بەرامبەر کوردستان و عێراق بێ لایەن دەکات.

دیارە بوونی ئەمریکا وەك ناوبژیوانێکی بێلایەن لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان لەنێوان عێراق و کوردستاندا، سەرکەوتنێکی هێجگار گەورەیە بۆ مێژووی بزاڤی رزگاریخوازیمان و ئەو جوگرافیایەی پێی دەگوترێت کوردستان، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بە درێژایی زیاتر لە ١٠٠ ساڵی رابردوو، نەك تەنیا ئەمریکا، بەڵکو هەڵوێستی فەرمیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەك هەر بەرامبەر باسکردنی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان دژ بووە، بەڵکو بۆ فیدراڵیش دژبوون، تەنانەت لە میانەی دیدارێکی رۆژنامەوانیمان لەگەڵ پرۆفیسۆر لیسلی گلێپ سەرۆکی فەخریی ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا راشکاوانە پێی راگەیاندین: «ماوەی سێ ساڵ لە (٢٠٠٤-٢٠٠٧) هەوڵمدا، هەتا توانیم جۆزیف بایدن (کە ئەوکات سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەنات بوو) بە بیرۆکەی فیدراڵیزمی عێراق بۆ سێ هەرێم رازی بکەم.» پرۆفیسۆر گلێپ، راشکاوانە ئەوەشی خستەروو کە: «لۆبی عەرەبستانی سعودی لە کۆنگرێس کاریگەریی گەورەیان هەیە و دژی بیرۆکەی دابەشکردنی عێراقن بۆ سێ هەرێمی فیدراڵی.» ئەم قسانەی گلێپ ئەوەمان پێدەڵێن: ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی سەرۆکایەتی بارزانی و قوربانیدان و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە تێروانینی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان دروستی کردووە، وەرچەرخانێکی زۆر گەورەیە و رێگەی راستە بۆ هەنگاوهەڵگرتن بەرەو سەربەخۆیی و پێشوازیکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو دەوڵەتە تازەیە.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر لە روانگەی هەڵوێستی ئەمریکاوە سەیری هەڵوێستی دەوڵەتانی دۆست و هاوپەیمانی ئەمریکا لەناوچەکە بکەین، هەست دەکەین جۆرێك لە گۆڕانکاریی نەرێنی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەتی لەسەر ئاستی دەوڵەتی تورکیا کە بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی نوێی تورکیا راشکاوانە رایگەیاندووە: «دژی دەوڵەتی کوردستانین، ئەوجا لە هەر شوێنێك دابمەزرێت.» بەڵام ئەگەر سەیری کاردانەوەی تورکیا لەسەر بڕیاری دەستنیشانکردنی رۆژی ٢٥ی ئەیلوول بۆ ریفراندۆمی کوردستان بکەین، راشکاوانە هەست دەکەین، کاردانەوەی تورکیا کە دەڵێت: ئێمە لەگەڵ ئەو بڕیارە نین و بە کارێکی باشی نازانین، وەرچەرخانی زۆر گەورەی بەسەردا هاتووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٣ رازی نەبوو کە هەرێمی کوردستان ببێتە کیانێکی دەستووری لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا و چەندین ساڵی ویست، هەتا تورکیا بەوە رازی بوو مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا بکات، بەڵام ئێستا سەبارەت بە بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم بەو جۆرە قسە بکات کە هەر دەبێت بۆ سیاسەتی ئیستهلاکی محەلیی خۆی و دڵنەوایی پارتە نەتەوەپەرستەکانی تورك هەر بەو شێوەیە قسە بکات، بەڵام ئەمەش مانای ئەوەیە، تورکیاش لەگەڵ ئەوەی پشتگیریی خۆی بۆ ریفراندۆمی کوردستان دەرنەبڕیوە، لە هەمانکاتدا لە کاردانەوەکەی تورکیادا باس لەوە ناکات کە ئەو دژی ئەنجامدانی ریفراندۆمە، یان ئەمە مافی خەڵکی کوردستان نییە. لەبەرامبەردا ئەگەر سەیری هەڵوێستی دەوڵەتانی عەرەبی سوننە بکەین کە بە درێژایی مێژوو دژی بوونی کورد و مافەکانی بوون، کەچی دەبینین لەسەر ئاستی جەماوەری دەوڵەتانی وەك سعودیە و ئیمارات و ئەردەن، پشتگیرییەکی بێ وێنە لە دەوڵەتی کوردستان دەکرێت.

ئەم ئاماژە تازانە لە هەڵوێستی دەوڵەتانی دۆست و هاوپەیمانی ئەمریکا لەسەر ئاستی ناوچەکەو دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی، نیشانەی ئەوەیە ئەو دەوڵەتانەش لەوە تێگەیشتوون کە عێراقی ئێستا سەرچاوەی

**وەك لەمیانەی سەردانەکانی شاندەکانی کوردستان بۆ بەغدا سەرنجمان داوە، هەست بەوە دەکرێت کە لەلایەن بەغداشەوە نییەتی ئەوە پیشاندراوە کە لەگەڵ کوردستان دانوستاندن لەسەر پرۆسەی جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق بکرێت، ئەمەش هەنگاوێکی زۆر ئەرێنییە کە لەمێژووی عێراقدا بوونی نەبووە**

**سەرکردایەتیی بارزانی و قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگە لەمیانەی شەڕی داعشدا، پێگەیەکی هێندە بەرچاو و کاریگەریان بۆ کوردستان لەناو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش دروستکردووە، ئەگەر بێتو هەر هەوڵێک هەبێت بۆ ئەوەی کوردستان تێکەڵی عێراق بکاتەوە، ئامانجەکانی سەرکەوتنەکانی دژی داعش، دەخاتە ژێر پرسیارێکی گەورەوە**

**جێگەی دڵخۆشی و گەشبینییە کە پرۆسەی ریفراندۆم لە ژینگەیەکی لەباری سیاسی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵدەگرێت، ئەمە لەکاتێکدا مەزندەی ئەوەش دەکرێت کە هەڵوێستەکان بە نزیکبوونەوەمان لە وادەی ریفراندۆم گۆڕانکاریی گەورەی بۆ بەرژەوەندی کوردستان بەسەردا دێت**

بەڵا و نەهامەتی و ناسەقامگیریی ناوچەکەیە و سەربەخۆیی کوردستان کۆتایی بەو پەتا و نەهامەتییە دەهێنێت کە تەواوی وڵاتانی ناوچەکەی گرتۆتەوە. لەمەش زیاتر، هەموو ئەو دەوڵەتانە باش لەو راستییە تێگەیشتوون کە ئەنجامی ریفراندۆم لە کوردستاندا (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی) دەبێت، بۆیە هەڵسەنگاندن بۆ هەڵوێستەکانیان لەو روانگەیەوە سەیردەکرێت کە ئەوە هەمان هەڵوێستیش دەبێت بەرامبەر بە راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان. بۆیە ئەمەش جێگەی دڵخۆشی و گەشبینییە کە پرۆسەی ریفراندۆم لە ژینگەیەکی لەباری سیاسی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵدەگرێت، ئەمە لەکاتێکدا مەزندەی ئەوەش دەکرێت کە هەڵوێستەکان بە نزیکبوونەوەمان لە وادەی ریفراندۆم گۆڕانکاریی گەورەی بۆ بەرژەوەندیی کوردستان بەسەردا دێت، ئەم بۆچوونە لەسەر ئەو پاشخانە خۆی دەخاتەڕوو کە هیچ کام لە دەوڵەتانی ناوچەکە و دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، ناتوانن رێگەچارەیەکی نێودەوڵەتی بۆ رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی بەو شێوەیە لە عێراقدا بخەنەڕوو کە کوردستان بتوانێت بەشێك بێت لەو پرۆسەیە، لەمەش راشکاوانەتر ئەوەیە، سەرکردایەتیی بارزانی و قارەمانیەتیی هێزی پێشمەرگە لەمیانەی شەڕی داعشدا، پێگەیەکی هێندە بەرچاو و کاریگەریان بۆ کوردستان لەناو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش دروستکردووە، ئەگەر بێتو هەر هەوڵێك هەبێت بۆ ئەوەی کوردستان تێکەڵی عێراق بکاتەوە، ئامانجەکانی سەرکەوتنەکانی دژی داعش، دەخاتە ژێر پرسیارێکی گەورەوە، هەروەها هاوکاری و هەماهەنگیی کوردستان لە رووی ریفۆرم و بەرەوپێشەوەبردنی حوکمڕانی لە کورستان، لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی و سەرکەوتنی ئەم هاوکاری و هەماهەنگییەی نێوان حکومەتی کوردستان و بانکی نێودەوڵەتی، ئومێدی ئەوەی بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دروستکردووە کە پێویستە بەشێوەیەکی جیاواز لە حکومەتی بەغدا، پشتگیری حوکمڕانی و ریفۆرم لە حکومەتی کوردستان بکرێت، بۆ ئەوەی کوردستان بەرەو سەقامگیرییەکی دوورمەودای سیاسی و حوکمڕانی هەنگاو هەڵبگرێت.

لەگرێدانەوەی هەڵوێستی نێودەوڵەتی لەبەرامبەر هەنگاوەکانی کوردستان بۆ سەربەخۆیی، بە هەڵوێست و وەڵامدانەوەی حکومەتی عێراق لەگەڵ پرسی سەربەخۆیی کوردستان، بێگومان وەك لەمیانەی سەردانەکانی شاندەکانی کوردستان بۆ بەغدا سەرنجمان داوە، هەست بەوە دەکرێت کە لەلایەن بەغداشەوە نییەتی ئەوە پیشاندراوە کە لەگەڵ کوردستان دانوستاندن لەسەر پرۆسەی جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق بکرێت، ئەمەش هەنگاوێکی زۆر ئەرێنییە کە لەمێژووی عێراقدا بوونی نەبووە، بۆیە کاتێك عێراق ئامادەباشی ئەوەی تێدا بێت کە لەسەر پرسی سەربەخۆیی لەگەڵ کوردستان دانوستاندن بکات، مانای ئەوەیە بەغداش گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە بە سەربەخۆیی کوردستان رازی بێت.

### ● بەڵێی ریفراندۆم

### یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی لە سەرووی حزبەکانەوە دروست دەکاتەوە

بەشداریی خەڵکی کوردستان لە پرۆسەی ریفراندۆم و بڕیاردانی یەکلاکەرەوە بۆ چارەنووسی خۆی، دەکەوێتە سەرووی ئایدیۆلۆژیەتی حزبی، یان ئاراستەکردنی حزب بۆ بەشداریی خەڵك لەو پرۆسە مێژوویی و نیشتمانییەدا. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونە، دەکرێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو راپرسییە نافەرمییەی کە ساڵی ٢٠٠٥ لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق بە شێوەیەکی نافەرمی ئەنجامدرا، ئەو پرۆسەیە کە هیچ حزبێکی سیاسیی کوردستان بە فەرمی خۆی نەکرد بە خاوەنی و تەنیا لەلایەن چەند چالاکوانێکی مەدەنییەوە لەژێر ناوی بزووتنەوەی ریفراندۆم ئەنجامدرا، کە بە رێژەی ٩٨،٩٪ی خەڵکی کوردستان دەنگی بە (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی دا، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی تەواوی ئاماری ئەم دەنگدانە برا بۆ پەرلەمانی عێراقی، بەڵام لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی فەرمی ئەنجام نەدرابوو، نەبووە دیکۆمێنتێك بۆ ئەوەی شاندی کوردستان لەسەر ئەو دیکۆمێنتە دانوستاندن لەگەڵ بەغدا بکات، بەڵام وێڕای ئەمەش، تەنیا ئەنجامدانی

**ئەگەر سەیری هەڵوێستی دەوڵەتانی عەرەبی سوننە بکەین کە بە درێژایی مێژوو دژی بوونی کورد و مافەکانی بوون، کەچی دەبینین لەسەر ئاستی جەماوەری دەوڵەتانی وەک سعودیە و ئیمارات و ئەردەن، پشتگیرییەکی بێ وێنە لە دەوڵەتی کوردستان دەکرێت**

**ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی سەرۆکایەتی بارزانی و قوربانیدان و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە تێڕوانینی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان دروستی کردووە، وەرچەرخانێکی زۆر گەورەیە و رێگەی راستە بۆ هەنگاوهەڵگرتن بەرەو سەربەخۆیی و پێشوازیکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو دەوڵەتە تازەیە**

**جەختکردنەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لەسەر شەڕی دژی داعش، تەنیا بریتی نییە لەوەی ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکرێنەوە، کە داعش دەستی بەسەردا گرتوون، یان چەند چەکداری داعش دەکوژرێن، بەڵکو سەرکەوتن لەشەڕی دژی داعش، لە ریشە هەڵکێشانی فیکری داعشە کە سەرەتاکەی لە دابەشکردنی عێراق و سەربەخۆیی کوردستانەوە دەست پێدەکات**

**ئەو گرژی و ئاڵۆزییەی کە ئێستا لە نێوان عەرەبستانی سعودیە و ئێران هەیە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەڵدەکشێت بۆ ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی گەورەی هەرێمی لە نێوان سعودیە و ئێران، هۆکارە سەرەکییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێداگرتن لەسەر سیاسەتی یەکپارچەیی عێراق و واڵابوونی دەروازەکان بۆ باڵادەستی و نفووزی ئێران لە عێراق و تێکدانی باڵانسی هێز لە ناوچەکەدا**

**ساڵانێک پێش ئێستا دۆستانی گەلی کوردستان، ڕاسپاردەیان بۆ کوردستان ئەوە بوو کە کارێک نەکەین، لەبەریەک هەڵوەشانی عێراق بخرێتە ئەستۆی کوردستان، بەڵام ئێستا یەکپارچەیی عێراق بۆتە ماکی سەرەکیی پەتای تیرۆر و توندڕۆیی و سەرهەڵدانی داعش لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

**زۆر لە پسپۆڕان و بیرمەندان و چاودێرانی سیاسی، ئاماژەیان بەوە کردووە کە سیستمە کۆنەکەی جیهان مردووە، بەڵام هێشتا سیستمە تازەکە لەدایک نەبووە، ئەمەش بەو مانایەی چیدیکە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەچوارچێوەی سیستمە کۆنەکەی جیهان چارەسەر ناکرێت و پێویستە سیستمێکی تازە لەدایک بێت و بەشێوازێکی دیکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێکبخاتەوە**

ریفراندۆمی نافەرمیی ٢٠٠٥، بووە هۆکاری ئەوەی لەسەر ئاستی ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە، بیرکردنەوەیەکی تازە دروست بێت بەوەی گەلی کوردستان بە ڕێژەی زیاتر لە ٩٨٪ داوای سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە عێراق دەکات، هەر ئەمەش بووە بنەمای ئەو بیرۆکە تازەیەی کە بیر لە (دابەشکردنێکی نەرمی عێراق) لەچوارچێوەی سیستمی فیدراڵی عێراقدا بکرێتەوە و ببێتە پلانی B لە سیاسەتی ئەمریکادا بەرامبەر بە عێراق، لەمەش زیاتر کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٧ شەڕی ناوخۆی نێوان شیعە و سوننە بووە شەڕێکی خوێناوی، ئەوە بوو ڕێکخراوی سندوقی ئاشتیی جیهان بە هاوکاری لەگەڵ گۆڤاری فۆرین پۆلیسی، بیرۆکەی (دابەشکردنی نەرمیان) گۆڕی بۆ (بەڕێوەبردنی دابەشکردن) و پشنیاری (یەکێتی دەوڵەتەکانی عێراق)یان کرد، لەسەر هاوشێوەی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا.

گەڕانەوە بۆ ئەم باکگراوەندە و یەکەم ئەزموونی نافەرمیی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کوردستاندا، بۆ ئەوەیە لەوە تێبگەین، ڕاستە بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان ئەندام و هەواداری حزبە سیاسییەکانی کوردستانن، بەڵام ئەم خەڵکە هەتا ئەو کاتە فەرمانی حزبەکانیان جێبەجێ دەکەن، کە فەرمانی حزبەکانیان لەگەڵ ئیرادە و هەستی نیشتمانیی ئەندام و هەوادارنیان دژبەری دروست نەکات، بەڵام کاتێك ئەو هاودژییە دروست دەبێت، ئەوا بەشێوەیەکی سرووشتی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییەکی تازە لەناو ئیرادەی خەڵکی کوردستاندا لە دەرەوەی حزبە سیاسییەکان دروست دەبێتەوە.

لەناو مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان هەندێك جار ئەو حاڵەتە ڕوویداوە کە بیروبۆچوونی حزب لەگەڵ هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی گشتیدا یەك نەگرێتەوە، بۆیە لە دەرەوەی چوارچێوەی حزب، هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی لە بازنەیەکی فراوانتردا، بازنەی حزبەکانی تێپەڕاندووە و یەکیگرتۆتەوە.

بۆ ئەمڕۆی کوردستان، دوای پشتیوانیی خوا، هیچ شتێك هێندەی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی حزبە سیاسییەکان بۆ ڕێکخستن و سەرخستنی پرۆسەی ریفراندۆم گرنگ نییە، بەڵام



ئەگەر حزبێکی سیاسی پێیوابێت، دەتوانێت ئاستەنگ بۆ پرۆسەی ریفراندۆم دروست بکات، یان خەڵکی هان بدات بە (نەخێر) دەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدەن، ئەوا نەك هەر ناتوانێت ئاستەنگ بۆ پرۆسەکە دروست بکات، بەڵکو بەردەوامبوونی لەسەر ئەو هەڵوێستانە، خودی ئەو حزبە ڕووبەڕووی لێکترازان و لەبەریەك هەڵوەشان دەکاتەوە، ئەم بۆچوونە مەزندەیەکی حزبییانە نییە بەرامبەر بە هەڵوێستی حزبێکی دیکە، بەڵکو ئەمە پەند و وانەی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانەو سەلمێندراوە کە ڕای گشتیی خەڵکی کوردستان لەگەڵ سیاسەتی تەسکی حزبایەتی بۆ دژایەتی ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەییەکان یەك ناگرێتەوە و ڕای گشتیی خەڵکی کوردستان خۆیان لەو بیروبۆچوونە حزبییانە بێبەری دەکەن کە ئاو



دەکەنە ئاشی ناحەزان و دوژمنان و ئاستەنگ بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دروست دەکەن.

ئاماژەکردن بە سرووشتی هەڵوێستی گشتیی و شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان، پەنابردن بۆ کارتێك نییە بۆ ئەوەی بەرامبەر هەڵوێستی حزبێکی دیکە بەکار بهێنرێت، بەڵکو هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی راستگۆیانە لە هەڵوێستی گشتی و شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان هۆکار و یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ئەوەی حزبەکان لەو راستییە تێبگەن، پێش ئەوەی خەڵکی کوردستان بازنەی حزبەکان پشتگوێ بخەن و لە بازنەیەکی فراوانتری سەرووی حزبەکاندا یەکرێزی و یەکهەڵوێستی دروست بکەن، باشترە حزبەکان خۆیان بازنەی تەسکی حزبایەتییان بەو ئاستە فراوان بکەن کە لەگەڵ خواستی نیشتمانی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستاندا هاودژی دروست نەکات.

مێژووی دڕندایەتی داگیرکەرانی کوردستان هێندەیان زۆڵم و غەدر لە تاك بە تاکی خەڵکی کوردستان کردووە، ئایدیۆلۆژیای هێچ حزبێکی سیاسی ناتوانیت لە هزر و ویژدانی تاکەکانی کوردستاندا رووی ئەو دوژمنانە سپی بکاتەوە، بۆیە کاتێك لە پێناوی بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی، حزبێك یان لایەنێکی سیاسی هەوڵ بەو ئاراستەیە دەدات کە رووی دوژمنانی کوردستان سپی بکاتەوەو ئاستەنگ بۆ سەربەخۆیی دروست بکات، ئەوا دەبێت ئەو حزبانە لەوە دڵنیابن، کە نەك هەر رووی داگیرکەرانیان پێ سپی ناکرێتەوە، بەڵکو رووی خۆشیان وەك رووی داگیرکەران لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا رەش دەکەن.


# کورد و نەتەوە و دەوڵەت!

● **نەتەوە و دەوڵەت**

ئێتنـۆس شـێوە و قـەوارەی جۆراوجـۆری هـەن، وەکـو: هـۆز (یەکێتیـی خێڵەتـی- الاتحـاد القبلی)، میللـەت (القومیــة)، نەتەوە(الامــة). ئەمـەی دوایـی، واتـە نەتـەوە nation , پێشـکەوتووترین شـێوەی ئێتنۆسـە، چونکـە لـە حاڵەتـی نەتـەوەدا، بەجیـاوازی لـە ئێتنۆسـەکانیتر، مەعریفـە و هوشیاری لەسـەر بنچینـەی کولتوورێکی هاوبەشی ئاست بـەرزدا یەکێتییەکـی پتـەو دروست دەکـەن و ئـەم پێکهاتەیـەش پێویسـتی بـە ئامێرێـک دەبـێ بـۆ پاراستنی کـە، ئـەو ئامێرەش، خۆی لە یەکێتییەکی سیاسـیدا دەنوێنـێ- واتـە دەوڵـەت. کەواتـە دەوڵـەت لێـرەدا مافێکـی سروشـتیی ئێتنۆسـی نەتەوەیـە و ئەندامەکانی هەمیشـە بـە ئامانجێکـی نەتەوەیـی «سـتراتیجی»ی دادەنێـن و خەباتـی بـۆ دەکـەن- «ئایدیـای دەوڵـەت جێگەیەکـی گرنگـی گرتـووە لەنـاو خۆناسـی و هوشـیاریی نەتەوەییـدا»... لـەم ڕوانگەیـەوە، بـە قسـەی ئێرنسـت گیلنـەر «تەنیـا لەسـەر بنەمـای یەکبوونـی ئیـرادەی پێکـەوە ژیـان و کولتـوور و یەکێتیـی سیاسـی دەتوانیـن پێناسـەی نەتـەوە بکەیـن»؛ نـە هـەر ئـەوە، دەوڵـەت تەنیـا هـەر پارێـزەری کولتـوور نییـە، بەڵکـو دەوڵەتـی نەتەوەیـی، بـەڕای هەمـان پسـپۆر لـە کارێکیتریـدا، هەروەهـا پارێـزەری ئابوورییـە تـازە و لاوازەکەشـیەتی.

لەگـەڵ ئەوەشـدا، دەوڵـەت خـۆی هەرگیـز مەرجێکـی حەتمـی نییـە بـۆ هەبوونـی نەتـەوە. نموونـەی نەتـەوەی زۆر هـەن کـە بـەو ئامانجـە نەگەیشـتوون یـان لەدەسـیانداوە- نەتـەوەی پۆڵۆنـی مـاوەی چەندیـن سـەدە، تـا کۆتایـی جەنگـی جیهانیـی یەکـەم، ئینجا بـووەوە بـە خـاوەن دەوڵـەت؛ سـکۆتلاندییەکان سـاڵی ١٧٠٢ دەوڵەتـی خۆیـان لەدەسـدا و بـوون بـە بەشـێک لـە بریتانیا؛ نەتـەوەی باسـک لـە ئیسـپانیا، کۆرسـیکی لـە فەرەنسـا، سیسـیلی لـە ئیتالیـا، کیوبیـک لـە کەنـەدا... تاکـو ئێسـتا بـۆ سـەربەخۆیی خەبـات دەکـەن.

جگـە لـەوەش دەوڵەتـی نەتەوەیـی، لەڕەوتـی مێژوویـی سـەرهەڵدانیدا، هەمیشـە یەکڕەنـگ نەبـووە و هـەر هەموویـان تـەواوی مەرجـە نەتەوەییەکانیـان لەخـۆ نەگرتـوون- لـە کاتـی شۆڕشـی فەرەنسـیدا (سـاڵی ١٧٨٩) تەنیـا نیـوەی دانیشـتوانی فەرەنسـا بـە زمانـی فەرەنسـی دەوان، لەمانـەش تەنیـا ١٣٪یـان فەرەنسـیی پاراویـان زانیـوە- خەڵکەکەیتـر سـەر بـە دیالێکـت و شێوەزاری جۆراوجۆر بوویـن. کاتێـک ئیتالیا سـاڵی ١٨٦٠ بـوو بـە دەوڵەتێکـی یەکگرتـوو، تەنیـا



د. ڕەشاد میران

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

٢،٥٪ لە دانیشتوانەکەی ڕۆژانە زمانی ئیتالییان بەکاربردووە، بگرە هەندێ لە سەرکردە نەتەوەییە هەرەناودارەکانیان زمانی «نەتەوەیی» خۆیان نەزانیووە. دەوڵەتی عیراق، کە لە سەرەتای سەدەی بیست دروستبوو، دانیشتوانەکەی نە یەک نەتەوە و نە یەک کۆمەڵەی سیاسی بوون؛ نە هەر ئەوە، بەڵکو بە قسەی حنا بطاطو، تەنانەت عەرەبەکان خۆشیان پێکهاتبوون لە چەندین کۆمەڵەی جیاواز و دوور لە یەکدی- ئەگەرچی هەندێ سیمای هاوبەشیان هەبوو - نموونەیتریش زۆرن. هەموو ئەمانە ڕێگەمان دەدەن بڵێین : ئەگەر نەتەوە دەوڵەت دروست نەکات، ئەوا پێچەوانەکەی لە هەموو حاڵەتێک ڕوونادات- واتە دەوڵەت نەتەوە بەرهەم ناهێنێ و، هەروەها، ئەوەش کە دەوڵەت مەرج نییە هەمیشە بتوانێ یەکڕەنگی لەناو سنوورەکانی خۆیدا بخولقێنێ و سیما نەتەوەیی و ئێتنیکییە جیاوازەکان ڕەش بکاتەوە... «کولتوور لە دەوڵەتێکدا مەرج نییە نەتەوەیی بێت (واتە هی یەک نەتەوە بێت- ڕ.م.)، دەوڵەتیش مەرجێکی پێویست نییە بۆ مانەوەی کولتووری تایبەت».

دەوڵەتی نەتەوەیی، بێگومان، «ئابووریی نەتەوەیی» فەراهەم دەکات و ئەوەش دەوری باڵای دەبێت لە پتەوکردنی یەکێتیی نەتەوەیی؛ بەڵام نەتەوە پێش ئەوە بە گەڵاڵەبوونی هوشیاریی نەتەوەیی و «لە هەلومەرجی خەبات بۆ ئازادیی نەتەوەیی» دروست دەبێ. کەچی لە ڕۆژگاری ئێستادا شتێک نەماوە بە ناوی «ئابووریی نەتەوەیی»؛ وەکو ئێریک هۆبسباوم دەڵێ : بەهۆی شۆڕشی تەکنۆلۆگییەوە لە بوارەکانی گواستنەوە و پەیوەندیکردندا، هەروەها ماوەیەکی دوورودرێژی گواستنەوەی ئازادانەی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان لەسەر ڕووبەرێکی بەرفراوانی ڕووی زەویدا کۆمەڵە و یەکێتیی گەورەی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی وەکو کۆمەڵەی ئابووریی ئەوڕوپی و گەنجینەی دراوی نێودەوڵەتی لە سستێمی جیهانیدا جێگەی ئابووریی نەتەوەییان گرتۆتەوە... بەشی زۆری سستێمی پرۆسە ئابوورییە جیهانییەکان لە هەر کۆنترۆڵکردنێک بەدەرن- وەکو بازاڕی دۆلاری ئەوڕوپی؛ تەنانەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش لە کۆتایی هەشتاکانەوە دانیناوە بەوەی کە وازیهێناوە لە بەشێکی زۆری کۆنترۆڵی ئابووریی خۆی بۆ وەبەرهێنەرانی بێگانە، کە دەتوانن ئابوورییەکە ببوژێننەوە یان سستی بکەن. هەرچی دەوڵەتە بچووک و مامناوەندییەکانن، ئەوا هەرگیز

**دەوڵەتی نەتەوەیی، لەڕەوتی مێژوویی سەرهەڵدانیدا، هەمیشە یەکڕەنگ نەبووە و هەر هەموویان تەواوی مەرجە نەتەوەییەکانیان لەخۆ نەگرتوون- لە کاتی شۆڕشی فەڕەنسیدا (ساڵی ١٧٨٩) تەنیا نیوەی دانیشتوانی فەڕەنسا بە زمانی فەڕەنسی دواون، لەمانەش تەنیا ١٣٪یان فەڕەنسیی پاراویان زانیووە- خەڵکەکەیتر سەر بە دیالێکت و شێوەزاری جۆراوجۆر بووین**

بەرادەی جاران سەربەخۆ نەماون.

مرۆڤایەتی لە ڕەوتی مێژووی دووروودرێژیدا کۆمەڵبوونەکانی خۆیی بە چەندین شێوە ڕێکخستوون، قۆناغ بە قۆناغیش ڕێکخستنەکانی گۆڕیوون : هەر لە شاری دەوڵەتەوە تا ئیمپراتۆریا و، دواتریش، دەوڵەتی مەرکەزی کە وردەوردە وەرچەرخا بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی و ئینجا بۆ دەوڵەتی کۆلۆنیالی- هەرهەمووشیان کیانی فرەیی بوون و زۆربەی هەرە زۆریان گرفتی «داواکاریی کەمەنەتەوەیی»یان هەبوو و زۆریان ئێستاش هەیانە؛ ئەوەش چونکە هەموو ئەو کەس و ڕژێمە سیاسییانەی حوکمڕانیی دەوڵەتیان دەکرد، جگە لەوەی نەیانتوانی بەهای هاوڵاتیبوون لەنێو قەوارەی دەوڵەتەکانیاندا پراکتیک و بچەسپێنن، هەروەها درکیشیان بەوە نەکرد کە: ئینتیمای ئێتنیکی و ناسنامەی نەتەوەیی خەڵک هەمیشە بەهێزترە لە ئینتیمای مەدەنی... یان بە قسەی ڤۆلتێر «مرۆڤ مولکی خۆیی هەمیشە خۆشتردەوێ لە مولکی گەورەی خۆی»؛ ئەوەش ئەم بۆچوونە بەهێزتر دەکات سەبارەت بەوەی کە «ئەگەر سەدەی بیستەم سەدەی لەناوچوونی ئیمپراتۆریاکان ( عوسمانی، نەمساوی، جەرمانی، ڕووسی...) و هەروەها هەڵوەشانەوەی کیانە فرەنەتەوەییەکان (یەکێتیی سۆڤیەت، یوگۆسلاڤیا، چیکۆسلۆڤاکیا) بووبێ، ئەوا سەدەی بیست و یەک سەدەی نەمانی دەوڵەتی نەتەوەیی دەبێ... چونکە دەوڵەتان جاران نەتەوەکانیان دەتواندنەوە، بەڵام ئێستاکە قڕیان دەکەن... ئەم سەدەیە، سەدەی کەمایەتییەکان دەبێ، چونکە جیهانگەرایی (عولمة) لە پەراوێزدا نەتەوە و گرووپی کۆمەڵایەتیی وا دەهێڵێتەوە کە تادێ زێتر و زێتر تایبەتمەندییەکانیان جەخت دەکەنەوە و ناسنامەی خۆیان دەسەلمێنن.

نەتەوە، ئەگەرچی دیاردەیەکی خۆڕسکە، بەڵام هەرگیز جاویدان و تاهەتایێ نییە؛ هەروەکو چۆن دەوڵەتیش، کە شێوازێکی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و دەسکردی مرۆڤە، بۆ ئەوەی بمێنێ، چیتر نابێ تاقە دەزگای دەسەڵات بێ و بۆ ئەوەی دەوڵەتی هەمووان بێ، نابێ هاوڵاتیان دابڕێ لە زاتی خۆیان، لە ناسنامەی نەتەوەییان و پێویستە مۆرکی ئێتنیکیی هەمووان لەخۆ بگرێ- ئەوەش ڕەنگە پێویستی بە داهێنانی شێوازی ڕێکخستنێکی جۆری تازە بێ کە شیاوی سەدەی بیست و یەک بێت.

**● کورد و دەوڵەت**

دەوڵەت، وەکو پێشتر گوتمان، «ئامێرێکی» کاریگەرە بۆ پاراستنی تایبەتمەندی و دەسکەوتەکانی ئەو کۆمەڵبوونە مرۆییەی لە ڕەوتی گەشەکردنیدا گەیشتووە بە ئاستی هەربەرزی ئێتنۆس- واتە نەتەوە؛ بێگومان حاڵەتی واش بووە کە ئێتنۆسی پێش نەتەوە، لەبەر گەلێ هۆ و هۆکار، بووین بە خاوەن دەوڵەت. نەتەوەش بریتییە لە یەکێتییەکی تۆکمە و پتەوی توخمی جۆراوجۆر لە کۆمەڵەی وەکو ئێتنۆلینگویستی، ئێتنۆئایینی و ئێتنۆجیۆگرافی کە هەریەکێک لەو کۆمەڵانە خاوەن وردەکولتووری خۆیەتی؛ بەڵام نەتەوە هەر هەموویان کۆدەکاتەوە لەنێو قەوارەی چەندین مەرج و مۆرکی ئێتنیکیی هاوبەش، وەکو : ناوی نەتەوەیی، زمانی هاوبەش، خاکی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، کولتووری هاوبەش و سایکۆلۆگیای هاوبەش... ئەمانە هەروەکو چۆن مەرجی پێویستن بۆ هەبوونی ئێتنۆسی نەتەوە، هەروەها نیشانە و مۆرکیشن بۆ ئەندامەکانی، بەسەریانەوە دیار و پێیانەوە دەناسرێنەوە. گەشەکردنی هەموو ئەو فاکتەرە ئێتنیکییانە لە ماوەیەکی مێژووییدا کاردەکاتە سەر بەرزبوونەوەی ئاستی فیکری و مەعریفی و مەعنەویی ئەندامانی خەڵکی ناو ئەو کۆمەڵبوونە و دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی دیاردەیەکی ئێتنیکیی هەرەگرنگ کە ئەویش هوشیاریی نەتەوەییە...

دروستبوونی هوشیاریی نەتەوەیی، بێگومان، کاریگەریی دەنوێنێ لەسەر فیکر و هەڵویست و ڕەفتارەکانی ئەندامانی کۆمەڵ، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەرچاوی دەبێ لە بیرکردنەوە و کارکردن و چالاکی و خەباتیان، بەجۆرێک ئەمانە چیتر ڕازیی نابن بە ئاست و ڕەوشی جارانیان- مرۆڤ چەندی ئاستی فیکر و بیرکردنەوەی پێشکەوت، داخوازی و پێداویستییەکانی لە هەموو بوارەکاندا زێتردەبن...

کوردیش دەمێکە گەیشتووە بەو ئاستە، قەوارەکانی پێشوو (ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی) چیتر داخوازییەکانی جێبەجێ ناکەن؛ هوشیاریی نەتەوەیی کورد، بەتایبەتیش لە باشوور، پێگەیشتووە و ئەندامانی هاندەدا بەرەو دەوڵەت. ڕاستە لەناوخۆی نەتەوەدا ناکۆکی و شپرزەیی

**ئەم سەدەیە، سەدەی کەمایەتییەکان دەبێ، چونکە جیهانگەرایی (عولمة) لە پەراوێزدا نەتەوە و گرووپی کۆمەڵایەتیی وا دەهێڵێتەوە کە تادێ زێتر و زێتر تایبەتمەندییەکانیان جەخت دەکەنەوە و ناسنامەی خۆیان دەسەلمێنن.**

**بۆ ئەوەی دەوڵەتی هەمووان بێ، نابێ هاوڵاتیان دابڕێ لە زاتی خۆیان، لە ناسنامەی نەتەوەییان و پێویستە مۆرکی ئێتنیکیی هەمووان لەخۆ بگرێ- ئەوەش ڕەنگە پێویستی بە داهێنانی شێوازی ڕێکخستنێکی جۆری تازە بێ کە شیاوی سەدەی بیست و یەک بێت**

هەیە، بەڵام ئەمە هەرگیز ناگاتە ئەوەی کە ئێرنست گیلنەر دەڵێ «کورد لەناوەوە خێلەکییە و لە دەرەوە نەتەوە»... خێڵایەتی لە کوردستاندا پێگە و دەوری جارانی نەماوە- ئینتیمای خێڵەتی لای مرۆڤی کورد ئیمرۆکە تەنیا سیمبۆلییە ؛ ئەو ئاڵۆزی و شپرزەییەی لە کوردستان لە ئارادایە تەواو سیاسییە نەک کۆمەڵایەتی و کولتووری.

ئەگەر سەرنج بدەین، کورد بەگشتی هەمەوو ئەو مەرج و مۆرکانەی هەن، بەتایبەتیش لە کوردستانی باشوور هەموو ئەو بوارە ئێتنیکییانە، کەم و زۆر، دەستوبرد و هەنگاویان بۆ نراوە- بۆ نموونە کارکراوە لە لایەنەکانی : زمان- ئێستاکە کوردی زمانی فەرمیی هەرێمی کوردستانە و لە بوارەکانی فێرکردن،رۆشنبیری، راگەیاندن، سیاسەت و ئیدارەدا بە رەهایی بەکاردێ ( لەبیرمانە تا ساڵی ٢٠٠٠یش زمانی عەرەبی لەم بوارانەدا بەکاردەهات، کەچی ئیمرۆکەش ئەوا زمانی ئینگلیزی پێشدەخرێ!)- ئەگەرچی مەسەلەیەکی ستراتیجیی هەرگرنگی وەکو زمانی ستاندارت تاکو ئێستاش پشتگوێ خراوە؛ دامەزراندنی دەزگا حکومییەکان؛ هێزێکی چەکداری نیمچە رێکخراو و نیمچە یەکگرتوو- پێشمەرگە؛ خەباتێکی دژوار بۆ دەستەبەرکردنی تەواوی خاکی نەتەوەیی و دیارکردنی سنووری کوردستان؛ بزاوتێکی کۆمەڵایەتیی مەدەنی و نوێگەرایی چالاک لەگەڕدایە و هەست بە دیاردەی کولتووریی سەردەمانە دەکرێ { باشترین نموونە- وردوورد زێدەبوونی خێزانی بچووکە، هەروەها دەور و کاریگەریی تەکنۆلۆگیا لە ژیانی رۆژانەدا...}؛ ئابووریەکی «سەربەخۆ»؛ پەیوەندیی نێودەوڵەتی و گەیاندنی پرسی نەتەوەیی بۆ پلە هەرە باڵاکەی، واتە دامەزراندنی دەوڵەت- ئەمەش بارێکی سایکۆلۆگیی نوێی هاوبەشی داهێناوە بۆ سەرلەبەری ئەندامانی نەتەوەی کورد کە، بێگومان، دەیانپەرێنێتەوە بۆ ئاستێکی، لەرووی فیکری و هوشیاری و مەعنەوییەوە، بەرزتر...

بۆیە، هەرچەندە دەستوبردەکان لەم بوارانەدا لەئاستی پێویست و چاوەڕوانکراو نەبووین، بەڵام لەم حاڵەتەشدا ژێرخانێکی لەباریان رەخساندووە بۆ دەوڵەتسازی- کە لە راستیدا دەوڵەتی کوردی خۆی لە ئارا دایە... ماوەتەوە تەنیا راگەیاندنی.

● **پەراوێز**

١ ئێتنۆس- چەمکێکی ئێتنۆگرافیایە بە مانای هەر کۆمەڵبوونێکی مرۆیی خاوەن کولتوور و تایبەتمەندیی خۆی (جا ئەو کۆمەڵبوونە خێڵ یا چەند خێڵێک، میللەت یان نەتەوە بێت ).

٢ S.T. Kaltakhchyan ; Marksistsko- Leninskaya Teorya Natsy I Sovrimennost. Moskva 1983, p 217

٣ ایرنست جیلنر؛ ماهی الامة. لە کتێبی : القومیة- مرض العصر ام خلاصە ؟ دار الساقی ١٩٩٥، ص٣٧

٤ ایرنست جیلنر؛ المجتمع الصناعی و مستقبل القومیة عموما. هەمان سەرچاوە، دار الساقی، ل ٦٣

٥ S.T. Kaltakhchyan ; Ibid

٦ ف. ف. ڤینۆگرادۆڤ؛ مەسەلەکانی زمانی ئەدەبی و یاسای دروستبوونی و گەشەکردنی. وەرگێرانی لە رووسییەوە د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ. بەغدا ١٩٩١، ل ٢٩- ٣٠

٧ المجتمع العراقی- حفریات سوسیولوجیة فی الاثنیات و الطوائف و الطبقات. مجموعة مؤلفین. معهد الدراسات الاستراتیجیة، بغداد ٢٠٠٦، ص ٢٤١

٨ مارتن فان بروینسن؛ الاکراد و بناء الامة. ترجمة فالح عبدالجبار. معهد الدراسات الاستراتیجیة ٢٠٠٦ ص١٣

٩ عبد الحلیم الرهیمی؛ القومیة و المجتمع. القومیة مرض العصر... (هەمان سەرچاوە) ص١٦٥

١٠ تودورف؛ نحن و الآخرون- النظرة الفرنسیة للتنوع البشری. ترجمة د. ربی حمود. المدی، دمشق١٩٩٨، ص٢٠٣

١١ ف. ڤینۆگرادۆڤ. هەمان سەرچاوە

١٢ اریک هوبز باوم؛ النزعة القومیة اواخر القرن العشرین. القومیة مرض العصر... (هەمان سەرچاوە) ص٥٢- ٥٣

١٣ تودوروف؛ هەمان سەرچاوە، ل٢٠٤

١٤ جوزیف یاکوب؛ مابعد الاقلیات بدیل عن تکاثر الدول. ترجمة حسین عمر، المرکز الثقافی العربی، دار البیضا- بیروت ٢٠٠٤ ص ١٨- ١٩

١٥ ایرنست غیلنر؛ الامم و القومیة. ترجمة د. مجید لراضی، المدی، دمشق ١٩٩٩، ل ٢٥٠

١٦ د. رەشاد میران؛ چەند بابەتێکی ئێتنۆکۆمەڵایەتی. چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٦، ل١٥٦- ١٥٧

**دروستبوونی هوشیاریی نەتەوەیی، بێگومان، کاریگەریی دەنوێنێ لەسەر فیکر و هەڵوێست و رەفتارەکانی ئەندامانی کۆمەڵ، ئەمەش رەنگدانەوەی بەرچاوی دەبێ لە بیرکردنەوە و کارکردن و چالاکی و خەباتیان، بەجۆرێک ئەمانە چیتر رازیی نابن بە ئاست و رەوشی جارانیان- مرۆڤ چەندی ئاستی فیکر و بیرکردنەوەی پێشکەوت، داخوازی و پێداویستییەکانی لە هەموو بوارەکاندا زێتردەبن**

**پەیوەندیی نێودەوڵەتی و گەیاندنی پرسی نەتەوەیی بۆ پلە هەرە باڵاکەی، واتە دامەزراندنی دەوڵەت- ئەمەش بارێکی سایکۆلۆگیی نوێی هاوبەشی داهێناوە بۆ سەرلەبەری ئەندامانی نەتەوەی کورد کە، بێگومان، دەیانپەرێنێتەوە بۆ ئاستێکی، لەرووی فیکری و هوشیاری و مەعنەوییەوە، بەرزتر**



پڕۆفیسۆر هۆگر مەحمود لە زانکۆی سلێمانی بۆ گوڵان:

# ئەوانەی دژی ریفراندۆمن لە ئاکامدا خۆیان دەپووکێننەوە

# دوایین خواستی بارزانی دەوڵەتە کە خواستی شەهیدان و تەواوی خەڵکی کوردستانە و لەسەر دەستی ئەویش دێتەدی

کوردستان بەرەو ئەنجامدانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەم پرۆسەیە کە خەونی هەر تاکێکی کوردستانە، چەندین ساڵە چاوەڕێی دەکەین و ئومێدی بۆ دەخوازین، لەناوی شاری سلێمانی کە بە مەڵبەندی گەشەکردنی بیری نەتەوەیی دادەنرێت، هەموو کات ئەم شارە شۆڕشگێڕ و وڵاتپارێزە، رۆڵی سەرەکیی گێڕاوە و شەڕی بەردەرکی سەرا نموونەی بەرجەستەیەتی کە لە سییەکانی سەدەی رابردوو دژی لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە رووی دا و راپەڕینی لێکەوتەوە، بۆیە لەسەر پاشخانی ئەم مێژووە شۆڕشگێڕییە چاوەڕێی ئەوە دەکرێت ئەمجارەش سلێمانی بۆ ماڵئاواییکردنی کوردستان لە عێراق، رۆڵی کاریگەر و بەرچاوتر بگێڕێت. بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵی سلێمانی و گەشەکردنی فیکری نەتەوەیی و رۆڵی ئەو شارە لەم پرۆسە گرنگەدا، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر هۆگر مەحمود فەرەج لە زانکۆی سلێمانی کە لە هەڵگرانی بیری نەتەوەیی و دامەزرێنەری (کۆڕی سەربەخۆیی کوردستان)ـە، ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** دەوڵەت و نەتەوە، دووانەی پێکەوە گرێدراون، ئەگەر دەوڵەتمان نەبوو، ناسنامەی نەتەوە شاراوەیە، ئایا تاچەند دەوڵەت بۆ ناسنامەی نەتەوە گرنگە و تاچەند دەوڵەت شکۆ و پێگەی نەتەوە بەرزدەکاتەوە؟**

- مێژووی کورد پێمان دەڵێت لەم سەد ساڵەی دواییدا نەبوونی دەوڵەتی کوردی بەڵای گەورەی ئێمە بووە، نەبوونی ئەم دەوڵەتە واتە دەرنەچوونی دەنگی کوردو مافە رەواکانی گەلی کوردو کوردستانییەکانە بەدنیای دەرەوە، بەشێوەیەك کە وڵاتان و دامودەزگا نێودەوڵەتییەکان گوێبیستی دەنگی ئێمە نەبوون، ئەمەش بەدڵی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بووە، بۆ نموونە لەم شارەی ئێمەدا لە هەشتاکاندا کارەساتێکی سرووشتی بە لافاو رووی دا، لەو کاتەدا پیاوەکانی رژێمی بەعس هەر کەسێك کامێرای خۆی دەربهێنایەو وێنەی لافاوەکەی بگرتایە، دوچاری لێدان دەبۆوە و کامێراکەشیان دەشکاند، ئەمەش تەنیا بۆ ئەوەی کەس گوێبیستی ناوی کورد نەبووایە، ئەو کات تەکنەلۆژیاو هۆیەکانی گەیاندن و میدیا بەم شێوەیەی ئێستا نەبوو، لەبیرم دێت جارێکیان مام جەلال وتی: «رۆژگارێك بوو ئێمە دەوڵەتێك، یا رۆژنامەیەك ئەگەر جنێویشی پێمان بدایە، پێمان خۆش بوو، بەس تەنیا بۆ ئەوەی وەك کورد ناومان بهێنێ..» ئەو سەرکردەیە بۆچی ئەمەی وتووە. چونکە ئێمە دەوڵەتمان نەبوو، ئەگەر دەوڵەتمان هەبووایە گوێمان لێدەگیرا، نوێنەرمان دەبوو، باڵیۆزمان دەبوو. نەبوونی دەوڵەت وایکردووە لەهەر چوارپارچەی کوردستان کۆمەڵکوژ بکرێین و سووکایەتی بە هەموو پیرۆزییەکانمان بکرێت و کورد بچەوسێتەوە، هەرکاتێك کارەساتی گەورە بەسەر کورددا هاتووە، لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا وتوویانە ئەوە کێشەیەکی ناوخۆیی

**جەنابی مسعود بارزانی لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد لەدایکبووە و بە درێژایی ژیانی لە نێو ئەو هەلومەرجەدا بووە، لە ئێستاشدا ئەوە لە بەڕێزیان چاوەڕوان دەکرێت کە هەوڵی تەواو بدات بۆ دروستکردنی یەکدەنگیی نیشتمانی و نەتەوەیی و گەشبینیشم کە لەسەر دەستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو کارە دەکرێت**

ئەو وڵاتانەیە، هەر بۆیە بوونی دەوڵەت واتا بەخۆهاتنی تاك لە هەموو لایەنەكانەوە، ئەگەر ئێستاش لێرەو لەوێ زۆرجار رێزمان لێنەگیرێت، بەهۆی ئەوەیە دەوڵەتمان نییە، ئەوەش زۆر بە نارەوایان مەزانە، بۆچی؟ چونكە ئەگەر نەتەوەیەك هەوڵیدا بۆ مانەوە و بوونی خۆی و یەكێتی و یەكرێزی خۆی بپارێزێ، ئەوا دەتوانێ دەوڵەتیش بە دەست بهێنێ، بۆ نموونە پیاوێكی وەكو «مارتن ڤان برۆنسن» لە كتێبی «ئاغاو شێخ و دەوڵەت» باس لە بێدەوڵەتیی كورد دەكات و دەڵێت: «ئەم كوردە كێشەكەی وەك مێژوو ئەوەیە یەك ناگرێت، ئەمە بۆتە كێماسییەك تیایدا كە نەیهێشتووە رزگاری بێت»، كەواتە یەكگرتوویيم بۆ مسۆگەر بكە، دەوڵەتت بۆ دروست دەبێت، بەتایبەتی لەم هەلومەرجەی ئێستادا كە من بە هەلێكی زێڕینی دەزانم، ئەگەرچی بەداخەوە زۆر پارت و لایەنی رامیاری و گرووپی وا هاتوونەتە پێشەوە، كە دەیانەوێت ئەوە بخەنە مێشكی خەڵكەوە گوایە ئێستا كاتی نییە، باشە ئەی كەی كاتیەتی؟ ئێستا دەرفەتێكی زێڕینە و كۆمەڵێك هۆكار هاتوونەتە پێشەوە بۆ بە خاوەن دەوڵەتبوون، كە رەنگە دووبارە نەبنەوە.

*** خواست و ئومێدی دامەزرانی دەوڵەتی كوردستان خواستی هەر تاكێكی كوردستانی بووە، تەنانەت سەدان سروودی لەسەر دانراوە و لاوەكانی كوردستانی بۆ خەبات لە پێناوی سەربەخۆیی پێ جۆش دراوە، لە ئێستا رەوتێك هەیە دژی سەربەخۆیین، ئایا ئەم رەوتە چۆن دروست بووە و ئامانجیان لە دژایەتیكردنی سەربەخۆیی كوردستان چییە؟**

- ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ململانێیەكی هەمەڕەنگی رامیاری هەیە، سیاسەتیش هەمیشە پەیوەندی بە بەرژەوەندییەكانەوە هەیە، بەتایبەتی بەرژەوەندیی زلهێزەكان، كە لەزۆر لایەنەوە هەلومەرجی جووڵانەكان بەپێی بەرژەوەندییەكانی خۆیان ئاراستە دەكەن و هەلی بۆ دەڕەخسێنن، ئێستاش ئێمە ئەو هەلومەرجە بەئاشكرا دەبینین، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێكرد كەسانێك هەن لەگەڵ ئەوەدا نین كە لە ئێستادا باسی سەربەخۆیی بكرێت، كە ئەمە بە گوێرەی هەموو یاسا ئاسمانی و زەمینییەكان مافی رەوای تۆیە. بەڵام ئەوان كۆمەڵێك بیانوو دەهێننەوە كە پێموایە كەسی ژیر بە پاساوی لەباریان نازانێت. من بەو كەسانە دەڵێم: ئەگەر ئێستا كاتی نەبێت، ئەی كەی كاتیەتی؟ بەتایبەتی كە لەم ساتەوەختەدا هەرچی داگیركارانی كوردستان هەیە هەریەكەو بە دەیان كێشەی ناوخۆیی و دەرەكییەوە تێوەگلاون و تەنانەت زۆربەیان هەلومەرجی ئەوەشیان نەماوە پێیان بڵێی دەوڵەت و سنوورەكانی جارانی خۆیان بۆ ناپارێزرێت، ئەمە لەكاتێكدا تەكنەلۆژیای نوێ هەلومەرجێكی رەخساندووە كە بچووكترین و ئاسانترین رووداو لەسەرجەم جیهاندا پێی دەزانرێت. ئێستا هەل و مەرجەكە زۆر لەبارە و ئەمڕۆ كورد لەهەموو كات زیاتر لەجیهاندا ناسراوە، زیاتریش ئەو ناسراوییە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە كە رووبەڕووی دڕندەترین شاڵاوی نامرۆیی بۆتەوە، بەڵام ئەمە ئەگەر دەستی دەرەكی بێت، یان ناوەكی، ئەوا لە كۆتاییدا بە زیانی كورد تەواو دەبێت، ئەگەر خوانەخواستە ئەو هەوڵانە سەربگرن، مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەوانەی پێمان دەڵێن ئێستا كاتی سەربەخۆیی نییە، مەبەستیان ئەوەیە چاوەڕی بكەین تا ئەو كاتەی دوژمنانی كورد بەهێز ببنەوەو بتوانن بە هاوشێوەی رابردوو رێككەوتن لەدژی كورد بكەن بۆ ئەوەی دووبارە دەنگمان كپ بكەنەوە و بە هەموو توانایانەوە دژمان بووەستنەوە، ئەوانەی دەڵێن ئێستا كاتی سەربەخۆیی نییە، وەكو ئەوە وایە كابرایەكی وەرزێڕ كە خەرمانەكەی دروێنەوە كردووە و ئامادەیە شەنی بكات، بوەستێت تا (با) هەڵكات و كە با هەڵیكرد، ئەو كاتیش شەنەكەی نەكات! باشە ئێستا بۆ خەرمانی كورد —با-كە هاتووەو بایەكی سیاسی و سەربازی و بگرە تەنانەت ئابووریی باش لە ئارادایە، ئیتر بۆ دەوڵەت رانەگەیەنین؟ ئەوە خەونی ئێمە بوو مامەڵەی نەوتمان لەگەڵ بكرێت و نەوت بفرۆشین، كەچی بەداخەوە خەڵكێك هەیە پێمان دەڵێن نەوتمان نەفرۆشتایە، باشتر بوو.

*** شاری سلێمانی بە سەرچاوەی بیری نەتەوەیی و پارتە نەتەوەییەكانی وەك: (كاژیك و پاسۆك و هیوا و.. هتد) دادەنرێت، بەڵام ئێستا لەم شارەدا جۆرە دەنگێك پەیدابووە دژی ئەم مێژووە وەستاوەتەوە، ئایا مێژووی سلێمانی و دەنگە نەشازەكانی دژی بیری نەتەوەیی لە كوێدا یەكدەگرنەوە؟**

**ئەگەر کەسانێک هەبن گوێ لە مستی دەرەوەش بن، ئەوا ناتوانن بە ئاشکرا دژایەتی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بکەن، چونکە ئەوانەی دژایەتی ریفراندۆم دەکەن، ئاکامەکەی لەناوچوونی خۆیان دەبێت**

**پرسی ریفراندۆم سەردەگرێت و پارتەکانیش دێنە ژێر باڵی ئەرکە مێژوویی و نەتەوەییەکانیان و کارێک ناکەن سبەی نەوەکانی داهاتوو سەرکۆنەیان بکەن**

**بۆ من گرنگ نییە ئەو کەسە کێیە دەوڵەت رادەگەیەنێت، گرنگ ئەوەیە بۆ بەرژەوەندی ئەو نەتەوەیە هەوڵبدات و هەموومان لە سایەی ئەوەدا ئەم قۆناغە تێپەڕێنین**

- زۆر لایەن و هۆكار كاریگەریی لەسەر سرووشتی مرۆڤ دەبێت، كاتێك پارە و داهات بكەوێتە دەست حزبەكان، وەك ئەوەی رووی دا، واتە كادیرەكانیان پارە وەربگرن، بەپێچەوانەی ساڵانی شەستەكان كە خەڵكی كاری حزبیی دەكرد، ئەو پارەی دەدا. دواتر هەروەك پێشتر ئاماژەم پێكرد ئێمە یەككگرتوو نین و ئەو كێشانەی چەند سەد ساڵە بەردەوامە و دووبارە دەبێتەوە، پەندی لێ وەربگرین، تۆ سەیر بكە كەسێكی وەكو خانی-ی بەهەشتی نزیكەی ٣٠٠ ساڵ پێش ئێستا دەڵێت:

گەردێ هەبوا مە ئیتیفاقەك
ڤێكرا بكرا مە ئینقیادەك
رۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی
هەمیا ژمەڕا دكر غولامی

ئێمە تا ئێستا بەقسەی خانی بە قسەی كەسانی پێش و دوای ئەویشمان نەكردووە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی. ئەو مەرگەساتەی بەسەر مرۆڤی كورد هاتووە لە ئەنجامی بەزۆر لكاندنی كوردستان بووە بە عێراقی عەرەبییەوە، پێشتر زاراوەی هەرێمی كوردستان یا كوردستانی عێراق نەبووە، پێشتر كورد كاتێك لەژێر دەستی داگیركاری عوسمانی بوون، ئەوانیش كوردستانیان وەك بەشێك لە ویلایەتی موسڵ ناوزەد دەكرد. كە هاوكات ویلایەتی بەغدا و بەسرا لەئارادا بووە، لەو رۆژگارانەشدا كاتێك لیژنەی (كومەڵەی گەلان) دێت و چاویان بە كەسایەتییەكانی كورد و بە خێڵەكان دەكەوێت و لە ناوچەیەكی كوردستاندا لە یەكێك لە خێڵەكان دەپرسن: دەتانەوێت لەگەڵ عێراق بن یان نا، لەوەڵامدا كابرای دەمڕاستی خێڵەكە دەڵێت: خێڵی فلان وەڵامیان چی بووە؟ ئەندامی لیژنەكەی ( كومەڵەی گەلان) پێی دەڵێتەوە: ئێمە پرسیارمان لە تۆ كردووە، رای ئەوانت بۆچییە؟ لەوەڵامدا كابرای دەمڕاست دەڵێت: ئەگەر ئەوان بیانەوێت لەگەڵ عێراق بن، من لەگەڵی نابم و بەپێچەوانەشەوە ئەگەر وەڵامی خێڵی فلان لەگەڵ عێراق نەبن، ئێمە لەگەڵی دەبین! ئەم بیركردنەوەیە هەرگیز ئێمە ناگەیەنێتە ئاكام، ئێستاش پێموایە هەندێك پارتی كوردی بەو ئاراستەیە كاردەكەن كە نایانەوێت ئەو بەشەی هەیەتی لێی كەم بێتەوە، جێی داخە كە كەسانێكیش كە لافی خوێندەواری و هەندێ جار رۆشنبیری لێ دەدەن، ئەمە لە كاتێكدا هەرگیز رۆشنبیر كەسێك نییە لەگەڵ ژێردەستەییدا بێت. كەواتە بە داخەوە بە ناوی حزبەوە خێڵ خۆی دووبارە دەكاتەوە. كەسێكی یۆنانی وەك زەینەفۆن قسەیەكی جوانی هەیە كە دەڵێت: ئەگەر تۆ بتەوێت هەر كارێكی گرنگ و وەرچەرخێنەر بكەیت، ئەوە بێ فەرماندە ناكرێت، كەچی ئێمە نامانەوێت كەسێك پێشەنگمان بێت، ئەمە لە كاتێكدا بۆ من گرنگ نییە ئەو كەسە كێیە دەوڵەت رادەگەیەنێت، گرنگ ئەوەیە بۆ بەرژەوەندی ئەو نەتەوەیە هەوڵبدات و هەموومان لە سایەی ئەودا ئەم قۆناغە تێپەڕێنین.

*** بە درێژایی مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی كوردستان، هیچ كاتێك وەك ئێستا ئەو دەرفەتە نەهاتۆتەپێشەوە كە كورد خۆی بڕیاری سەربەخۆیی ئامادە بكات، ئایا چۆن سوود لەم بارودۆخە وەربگرین و چۆن ئەم دەرفەتە لەدەست نەدەین، بۆ ئەوەی دەوڵەتی كوردستان ببێتە ئەمری واقیع و بە سەربەخۆیی شاد ببین؟**

-بە دڵنیاییەوە دەرفەتەكە و هەلە زێڕینەكە دیارەو تەنیا یەكدەنگی و یەكڕیزی پێویستە، چونكە تەنانەت لە رووی هەرێمیشەوە دەرفەتی بوون بە دەوڵەت رەخساوە، لەبەر ئەوەی ئەو وڵاتانەی دراوسێمان هاودەنگ بوون لەسەر ئەوەی ئێمە نەگەین بە ئامانجەكانمان، ئێستاش راستە هەمان خواستیان هەیە، ئێمەی كورد نەبینە هیچ، بەڵام وەكو جاران ناتوانن ئەو خواستەیان بەدی بێنن. چونكە لە دوای رووداوەكانی ئەوەی پێی دەوترا بەهاری عەرەبی، دەوڵەتێك لەم ناوچەیە نەماوە بێ گرفت بێت، تەنانەت سوپاكانیشیان پەرت و بڵاو بوونەتەوە و ئاماژەی لاوازی سەربازی و رامیاری ئەوان بەتەواوەتی دیارە، كەواتە ئەگەر بمانەوێت وەك زۆر دەرفەتی دیكە ئەم دەرفەتەش لە دەست نەدەین، ئەوا پێویستە یەكدەنگ بین و یەكڕیزی مسۆگەر بكەین، بەمە مۆژدەی هاتنەئارای دەوڵەتی كوردستان مسۆگەر دەبێت. كاتی خۆی كە شۆڕشی ئەیلوول هەبوو، نەتەوەیەك گوێبیستی ئێستگەیەكی رادیۆیی بوو، ئەو رادیۆیە هۆكارێك بوو بۆ ئەوەی ئەوەندەی دیكە هەستی نەتەوەیی تۆكمە بێت لای

**كاتی خۆی كە شۆڕشی ئەیلوول هەبوو، نەتەوەیەک گوێبیستی ئێستگەیەکی رادیۆیی بوو، ئەو رادیۆیە هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی ئەوەندەی دیکە هەستی نەتەوەیی تۆکمە بێت لای خەڵک. بەداخەوە ئێستا ئەو هەموو تەلەفزیۆن و وێستگەو گۆڤارو رادیۆ هەیە کەچی شتێک نییە بە ناوی سنووری نەتەوەییەوە کە نەبەزێندرێت**

**کەسێکی یۆنانی وەک زەینەفۆن قسەیەکی جوانی هەیە کە دەڵێت: ئەگەر تۆ بتەوێت هەر کارێکی گرنگ و وەرچەرخێنەر بکەیت، ئەوە بێ فەرماندە ناکرێت، کەچی ئێمە نامانەوێت کەسێک پێشەنگمان بێت**

**ئێمە تا ئێستا بەقسەی خانی بە قسەی کەسانی پێش و دوای ئەویشمان نەکردووە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی. ئەو مەرگەساتەی بەسەر مرۆڤی کورد هاتووە لە ئەنجامی بەزۆر لکاندنی کوردستان بووە بە عێراقی عەرەبییەوە**

**ئەوانەی پێمان دەڵێن ئێستا کاتی سەربەخۆیی نییە، مەبەستیان ئەوەیە چاوەڕێ بکەین تا ئەو کاتەی دوژمنانی کورد بەهێز ببنەوەو بتوانن بە هاوشێوەی رابردوو رێککەوتن لەدژی کورد بکەن بۆ ئەوەی دووبارە دەنگمان کپ بکەنەوە و بە هەموو توانایانەوە دژمان بووەستنەوە**

خەڵك. بەداخەوە ئێستا ئەو هەموو تەلەفزیۆن و گۆڤارو رادیۆ هەیە کەچی شتێك نییە بە ناوی سنووری نەتەوەییەوە کە نەبەزێندرێت، واتە بە ناوی رای سەربەستەوە و لە زۆر باردا ئەو شتانە بڵاودەکەنەوە کە بە دڵنیاییەوە دەچێتە خانەی بەرژەوەندییەکانی داگیرکەرانی خاکی ئێمەوە، هەر بۆیە مسۆگەرکردنی یەکدەنگی و زامنکردنی لەدەستنەدانی ئەم هەلە مێژووییە، ئەرکی سەرشانی پارتەکانە کە ئەوان بە خۆیان و راگەیاندنەکانیاندا بچنەوەو رێگە نەدەن زیان بە یەکدەنگیی گەلی کورد بگەیەندرێت. جێی داخە کاتێك گوێ لە هەندێ رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان دەگریت، زۆرجار نائومێدی لای تاکی کورد بڵاودەکەنەوە، ئەو کاریگەرییەش لەسەر گەنجی کورد زۆر بە ئاشکراتر دیارە.

*** لە ئێستا خۆ ئامادەکردن هەیە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم وەك بەشێك لە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان، بۆ ئەمەش هەوڵێك هەیە کە هەموو حزبە سیاسییەکان لەسەر ئەم پرسە یەکدەنگ بن و پێکەوە شان بدەنە بەر ئەم بڕیارە چارەنووسسازە، ئایا تاچەند یەکڕیزی و یەکدەنگیی نێوان حزبە سیاسییەکان بۆ پرۆسەی ریفراندۆم گرنگە؟**

- بەدڵنیاییەوە زۆر زۆر گرنگە، من تا رادەیەك گەشبینم بەوەی پرسی ریفراندۆم سەردەگرێت و پارتەکانیش دێنە ژێر باڵی ئەرکە مێژوویی و نەتەوەییەکانیان و کارێك ناکەن سبەی نەوەکانی داهاتوو سەرکۆنەیان بکەن. لە ئێستادا باوەڕم وایە تەنانەت ئەگەر کەسانێکیش هەبن گوێ لە مستی دەرەوەش بن، ئەوا ناتوانن بە ئاشکرا دژایەتی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بکەن، چونکە ئەوانەی دژایەتی ریفراندۆم دەکەن، ئاکامەکەی لەناوچوونی خۆیان دەبێت، چونکە ئەگەر هەلومەرجەکەو هەلە مێژووییەکەش لەدەست بچێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەوەی هەشمانە لە دەست دەچێت. کەواتە ئەگەر بەو ئاراستە خراپە کار نەکرێت، ئەوا شتێکی بەڵگەنەویستە کە میللەت سەربەخۆیی دەوێت، لەبەر ئەوەی چەند سەد ساڵێکە ئێمە خوێن دەڕێژین و هەموو شۆڕشەکانی کوردو شەهیدەکانمان لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان بوو بۆ ئەوەی کورد خۆی بڕیاردەری خۆی بێت و کەس ئاغای نەبێت و جارێکی تر کۆمەڵکوژ نەکرێین و دوچاری ئەنفال و تەعریب و راگواستن نەبین و نەکرێین بە عەرەب و نەتەوەی دیکە، لەبەر ئەوە من گەشبینم و پێموایە ئاکامەکەی لە بەرژەوەندیی نەتەوەییمان دەبێت.

*** هەندێك جار گوێبیستی هەندێك قسە و لێدوان لە هەندێك حزب و لایەنی سیاسی دەبینەوە، کە بەجۆرێك لە جۆرەکان ئاستەنگ بۆ ریفراندۆم دروست دەکەن، یان بەبیانووی جیاواز خۆیان لەبەشداریکردنی ئەم پرۆسە گرنگە دەشارنەوە، ئایا پرۆسەی ریفراندۆم ئەوەندە ناهێنێت بخرێتە سەرووی ناکۆکییە حزبییەکانەوە؟ ئایا ئەوانەی دەیانەوێت خۆیان بخەنە دەرەوەی پرۆسەی سەربەخۆیی وەکو ئاماژەت پێدا، چۆن وەڵامی نەوەکانی ئایندە دەدەنەوە؟**

- من پێم ایە ئەگەر لە راگەیاندنەکانەوە کاری جددی بکرێت لەسەر ریفراندۆمەکە، ئەوا لە سەروەختی پرۆسەی ریفراندۆمدا خەڵکانێکی زۆر گوێ لەو کەسانە ناگرن کە دەنگێکی نەشازن و کاردەکەن بە ئاراستەی لەباربردنی ئەو هەلە. کەواتە من گەشبینم بە هۆشیاریی خەڵکی کوردستان بەوەی کە بەرژەوەندی خۆی رەچاو دەکات. دواتر ئێمە لە دوای رووخاندنی سەدام حوسێن شتێکمان بەناوی (کۆڕی سەربەخۆیی کوردستان) دامەزراند، کە بەداخەوە بە هۆکاری حزبەکان لەو کاتەدا کارەکانی سست کرا، لەکاتێکدا لەساڵی ٢٠٠٤دا دەیان هەزار واژوومان کۆکردەوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان و دواتر لە راپرسییەکی نافەرمیدا زیاتر لە ٩٥٪ی خەڵکی کوردستان بە بەڵێ دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا، بەڵام ئەو ریفراندۆمە فەرمی نەبوو، بۆیە وەکو پێویست رەچاو نەکرا، بەڵام ئەمجارە بە شێوەیەکی فەرمی ئەنجام دەدرێت و لەو بڕوایەشدام بڕیاردەرانی ئەم کارە، هەلومەرجی لەباریان بۆ پرۆسەی ریفراندۆم مسۆگەر کردووە، چ لە رووی یاساییەوە بێت، یا لە رووی نێودەوڵەتییەوە، هەر بۆیە لەگەڵ وادەی نزیکبوونەوەی ریفراندۆم، دەنگی راستەقینەی کوردو کوردستانیەکان دەبینین کە بڕیار لەسەر مافی چارەنووسی خۆیان و سەربەخۆیی دەدەن.

*** پرۆسەی سەربەخۆیی هەنگاوی بۆ**

**پیاوێکی وەکو (مارتن ڤان برۆنسن) لە کتێبی (ئاغاو شێخ و دەوڵەت) باس لە بێدەوڵەتیی کورد دەکات و دەڵێت: «ئەم کوردە کێشەکەی وەک مێژوو ئەوەیە یەک ناگرێت، ئەمە بۆتە کێماسییەک تیایدا کە نەیهێشتووە رزگاری بێت»**



**هەڵگیراوە، ئێستا شاندی کوردستان ئەم پرسەی لەگەڵ بەغدا باسکردووە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتییانە لە عێراق جیاببینەوە، پرسیار ئەوەیە ئایا تاچەند گرنگە سەربەخۆیی کوردستان بە ڕێگەی دیالۆگ و دانوستاندن لەگەڵ عێراق یەکلایی بکرێتەوە؟**

- ئەگەر لەگەڵ عێراق بەئاشتی و بەگفتوگۆ بگەینە ئامانج، ئەوە شتێکی زۆر باشە، بەڵام ئەگەر عێراق گوێبیستی دەنگی میللەتی کوردو کوردستانییەکان نەبێت، ئەوا بە زیانی خۆی تەواو دەبێت، لە ماوەی ١٠٠ساڵدا کە کوردستان بە زۆر لکێنراوە بە عێراقی عەرەبییەوە، ڕۆژێك عێراق سەقامگیر نەبووە، هەر بۆیە ئەگەر عێراق بە ئەرێنی نەهاتەپێشەوە، ئەوە بە زیانی خۆی تەواو دەبێت، ئەگەر لەگەڵ عێراقیش نەگەینە ئاکام و ڕێکنەکەوتین، ئەوەش بڕیارێکی بوێرانەی دەوێت، بەتایبەتی لەم هەلومەرجەی هاتۆتەپێشەوە، چونکە هەر ڕاوەستانێك بە زیانی ئێمە تەواو دەبێت. ئێوە بڕوانن هەلومەرجی نێوان شیعە و سوننە چۆنە، ئەوە هەلومەرجی وڵاتانی عەرەبییە و بەم دواییەش بارودۆخی کەنداو. هەربۆیە ئێستا کاتە زێڕینەکەیە بۆ گەلی کوردستان، ئەگەر بە ڕێککەوتن لەگەڵ عێراق بێت، یا لەگەڵ خۆماندا بێت و بەئاگایی وڵاتانی زلهێز بێت، ئەو نیشانانە دەرکەوتوون و بەئاشکرا پێمان دەڵێت کاتی ئەوەیە بڕیاری خۆمان بدەین. چونکە ئێستا و کۆت و بەند و زنجیرەکان شکێندراون و بگرە ئێستا ئێمە وەك دەوڵەتێك مامەڵەمان لەگەڵ دەکرێت، ئەوە ماوەتەوە کە بڵێین بەڵێ ئێمە دەوڵەت و سەربەخۆییمان دەوێت.

*** وەکو مامۆستایەکی زانکۆ و کەسایەتییەکی شاری سلێمانی و کەسێکی نەتەوەیی چۆن هەوڵ و کۆششی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ سەربەخۆیی و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان دەخوێنیتەوە؟**

- ماڵباتی بارزانی نەك تەنیا لە مێژووی بەڕێز سەرۆکی هەرێمەوە، بەڵکو تەنانەت لەپێش مەلا مستەفا بارزانی -یەوە ئەوان ڕۆڵی نەتەوایەتییانە و دڵسۆزانەی خۆیان نواندووە و لەم پێناوەشدا خوێنی زۆریان داوە، جەنابی مسعود بارزانی لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد لەدایکبووە و بە درێژایی ژیانی لە نێو ئەو هەلومەرجەدا بووە، لە ئێستاشدا ئەوە لە بەڕێزیان چاوەڕوان دەکرێت کە هەوڵی تەواو بدات بۆ دروستکردنی یەکدەنگیی نیشتمانی و نەتەوەیی و گەشبینیشم کە لەسەر دەستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو کارە دەکرێت، من پێموایە ڕۆڵی جەنابی مسعود بارزانی ڕۆڵێکی تا بڵێی باش بووە تا ئێستا، دوایین کارێکیش کە خواستی ئەوە و خواستی نەتەوەکەمانە و خواستی هەموو ئەو شەهیدانەیە کە لە پێناوی نەتەوەکەیاندا ڕۆیشتوون، سەربەخۆیی کوردستانە کە لەسەر دەستی بەڕێزیان بێتەدی.

**نەبوونی دەوڵەت وایکردووە لەهەر چوارپارچەی کوردستان کۆمەڵکوژ بکرێین و سووکایەتی بە هەموو پیرۆزییەکانمان بکرێت و کورد بچەوسێتەوە، هەرکاتێک کارەساتی گەورە بەسەر کورددا هاتووە، لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا وتوویانە ئەوە کێشەیەکی ناوخۆیی ئەو وڵاتانەیە**

**لەبیرم دێت جارێکیان مام جەلال وتی: «ڕۆژگارێک بوو ئێمە دەوڵەتێک، یا ڕۆژنامەیەک ئەگەر جنێویشی پێمان بدایە، پێمان خۆش بوو، بەس تەنیا بۆ ئەوەی وەک کورد ناومان بهێنێ..» ئەو سەرکردەیە بۆچی ئەمەی وتووە؟ چونکە ئێمە دەوڵەتمان نەبوو، ئەگەر دەوڵەتمان هەبووایە گوێمان لێدەگیرا**

# پێویستمان به ریفراندۆمه

ئاماژە بەدوادێڕی دیباجەی دەستووری عێراق کە دەڵێت:

«پابەندبوون بەم دەستوورەوە یەکێتییە ئازادەکەی عێراق دەپارێزێت وەك گەل و خاك و سەروەریی»

کەواتە کاتێك عێراق و وڵاتانی ئیقلیمیی و وڵاتانی پەیوەندیدار بەکاروباری عێراق و کوردستانەوە باس لە پابەندبوون دەکەن بە دەستوورەوەو، هەر کاتێك کە باس دێتە سەر ریفراندۆمی گەلی کوردستان بۆ دیارکردنی چارەنووسی خۆی، بۆیە جێگەی خۆیەتی کە یاساناسان و شارەزایانی دەستووریی لەم کەلێنەوە بچنە نێو باسی ریفراندۆمەوە، چونکە کاتێك کە دوادێڕی دیباجەی دەستووری عێراق دەڵێت: «پابەندبوون بەم دەستوورەوە یەکێتییە ئازادەکەی عێراق دەپارێزێت وەك گەل و خاك و سەروەریی»، کەواتە پێچەوانەکەیشی راستە کاتێك پابەندبوون بەم دەستوورەوە نامێنێت، ئەوا ئەوسا یەکێتییە ئازادەکەی عێراقیش وەك گەل و خاك و سەروەریی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. ئەمڕۆش لەم هەلومەرجە نێودەوڵەتییەی کە ناوچەکەی گرتۆتەوە، پێویستە زلهێزانی جیهان دان بەو هەڵەیەدا بنێن کە پێش سەدەیەك دەرهەق بە ئێمەیان کردو، کوردیان لە دەوڵەتی سەربەخۆ بێبەش کردو، بەم هۆیەشەوە کوردیان تووشی ئەو هەموو کارەساتە کرد.

هەروەها جێگەی خۆیەتی کە لیستێك ئامادە بکەین پەیوەست بەو پێشێلکارییە دەستوورییانەی حکومەتی ئێستای عێراقەوە بۆ ئەوەی چی دیکە نەتوانێت باسی پابەندکردنی ئێمە بەم دەستوورەوە بکەن. بۆ ئەم کارەش وا چاکە ئەمجارەیان هەموومان بە یەکڕیزی و یەکدەنگی بێینە ئەم مەیدانەوەو هەمووشمان دوور لە جیاوازیی بیر و بۆچوونی سیاسی و حزبی و ئایینی، کۆك بین لەسەر رەوایەتیی سەربەخۆیی کوردستان، بە رەچاوکردنی ئەو راستییەی کە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی عەرەبیدا لەلایەن ئینگلیزەکانەوەو، بەزۆر لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەو دەوڵەتەوە، حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بە چاوی کەمینەیەکی ترسناکەوە لە کوردیان روانیوەو، لە پێناوی لاوازکردن و کۆنترۆڵکردن و دواجاریش قڕکردنیدا خۆیان لە بەکارهێنانی هیچ شێوازێکی نایاسایی و نائاسایی و نامرۆڤانە نەپاراستووە،



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

جا سەردەمێك بە نكۆڵیكردن لە مافە رۆشنبیرییەكانی و سەردەمێكیش بە گۆڕینی ناوی شار و گوندەكانی، سەردەمێكی دیكەش بە بەعەرەبكردنی، جارێكیش بە راگوێزانی، جارێكی دیكەش بە سووتماككردنی خاكی و دواجاریش ناپاڵم و كیمیا پیاكردنی و هەوڵدان بۆ لەناوبردن و قڕكردنی لە ژێر ناوی ئەنفالداو، ئێستاش لەژێر گوشاری بڕینی بودجەی كوردستان و نەناردنی مووچەی فەرمانبەران و هەڕەشەكانی حەشدی شەعبییەوە، ئەم حكومەتەی ئێستای عێراق هیچ مانایەكی بۆ شەراكەت و پابەندكردنی ئێمەی بەم دەستوورەوە نەهێشتۆتەوە.

جا بۆیە لە روانگەی ئەوەی كە پێكەوەژیان و پێكەوەبوونی مرۆڤەكان لە بچووكترین بازنەدا تا پێكەوەبوونی گەلان لەیەك دەوڵەتدا، ئیرادەی ئازادو قەبووڵكردنی سەربەستانەی دەوێت، بۆیە پێویستە ئێمە ئەوە بە جیهان رابگەیەنین كە گەلی كوردستان لە لكاندنی خاكی بەم عێراقەوە پرسی راستەقینەی پێنەكراوە، بۆیە مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی خۆی و، جۆری ئەو سیستەمەش كە ئارەزوومەندانە بۆ خۆی و نەتەوە هاوژیانەكانی هەڵیدەبژێرێت.

هەروەها بەمەبەستی بەرقەراركردن و چەسپاندنی ئاشتیی جیهانی و ئیقلیمی، داوا لە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دامەزراوە جیهانییە پەیوەندیدارەكان دەكەین كە هەوڵەكانیان چڕ بكەنەوە بۆ سڕینەوەی ئاسەواری هەڵە كوشندەكەی خۆیان و قەرەبووكردنەوەی گەلی كوردستانی زیان لێكەوتوو، كە مافی بڕیاردانی ئازادانە و ریفراندۆم و مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی كوردستان بە رەوا بزانن، نەك دژی بوستنەوە، چونكە كوردستان وەك هەرێمێك توانی بیسەلمێنێت كە مێرگی پێكەوەژیانی نەتەوە و ئایین و ئایینزاكانە، هەروەها هێڵی یەكەمی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریش بوو لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا، هەر ئاواو زیاتریش وەك دەوڵەتێكی سەربەخۆ باشتر دەتوانێت بە ئەركە مرۆیی و سیاسی و كەلتوورییەكانی خۆی هەستێت لە پێناوی ئاشتیی ئیقلیمی و جیهانیدا.

# ریفراندۆم لە یاسای نێودەوڵەتی


## ئاماژەپێکردنێکی تایبەت بە مەشروعیەتی یاسای ریفراندۆم لە هەرێمی کوردستان

ریفرانــدۆم بەیەکێـك لـە میکانیزمـە یاسـایی و سیاسـییەکان ئەژمـار دەکرێـت و جۆرەکانـی زۆرن، بـۆ نموونـە ریفراندۆمـی دەسـتووری لەسـەر پـرۆژەی دانانـی دەسـتوور و پەسـەندکردنی یاخـود هەموارکردنـی، هەروەهـا ریفراندۆمـی یاسـایی بەمەبەسـتی بەشـداری هاووڵاتییـان لـە دانـان و دەرچوونـی یاسـاکان، بـەڵام گرنگتریـن شـێوازی ریفرانـدۆم، ریفراندۆمـی سیاسـییە، کـە بریتییـە لـە ڕێگادانـان بـۆ وەرگرتنـی ڕای گـەل لـە بڕیارێکـی سیاسـی تایبـەت وەك ریفراندۆمـی چـارەی خۆنووسـین، ریفراندۆمـی دەستنیشـان کردنـی شـێوازی فەرمانڕەوایـی سیاسـی، ریفراندۆمـی بەئەندامبـوون لـە ڕێکخراوێکـی نێودەوڵەتـی یاخـود هەرێمـی یاخـود پەیماننامەیەکـی نێودەوڵەتـی، ریفراندۆمـی پەیوەسـت بـە یاسـاییە داراییـەکان. ئەمانـەی سـەرەوە ئامـاژە پێکراو بەبنەمـا سـەرەکی و بنەڕەتـی یاسایی هەژمـار دەکرێن لـە مەسـەلەی ریفرانـدۆم.

ئەگـەر بێینـە سـەر عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان، لەسـەرەتاوە دەبێـت ئامـاژە بـەو خاڵـە گرنگـە بدەیـن، کـە لـەدووەم بنیاتنانـەوەی دەوڵەتـی عێـراق لـەدوای گۆڕانکارییەکانـی زەمینلـەرزە سیاسـییەکەی ٢٠٠٣/٤/٩ هەرێمـی کوردسـتان لەسـەر بنەمـای شـەراکەتی نیشـتمانی بەشـداری کـرد لـەم ئەزموونـە، لەبـەر رۆشـنایی پێشـەکی دەسـتووری ٢٠٠٥ و ماددەکانـی (١ و ١١٧ – یەکـەم و ١٣١ و ١٢٠) لـە هەمـان دەسـتوردا، هەروەهـا مـاددەی/ ٥٦ لـە یاسـای پەرلەمانـی کوردسـتان ژمـارە (٢)ی سـاڵی ١٩٩٢، و مـاددەی /٢ لـە یاسـای سـەرۆکایەتی هەرێـم ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەمـوار کـراو، و مـاددەی / ٢ لـە یاسـای دەسـتەی سـەربەخۆی هەڵبـژاردن و ریفرانـدۆم ژمـارە (٤)ی سـاڵی ٢٠١٤، هەمـوو ئـەم ماددانـەی سـەرەوە کـە ئاماژەپێکـراو بەبنچینـەی یاسـای مەشـروعیەتی دەستنیشـانکردنی رۆژی ریفرانـدۆم لەهەرێمـی کوردسـتان هەژمـار دەکرێـت، جگـە لەمانـەی سـەرەوە، سـەبارەت بـە پەرلەمـان وەك دەسـەڵاتێکی تەشریعی هەڵبژێـردراو لـە نێـو گـەل دا، گـەل لـە هەمـان کاتدا چۆن مافی هەڵبژاردنـی نوێنەرانـی خـۆی هەیـە، لـە هەمـان کاتـدا مافـی ئـەوەی هەیـە بڕیـار لەسـەر چارەنووسـی خـۆی بـدات لـە مەسـەلەیەکی گرنگـی زینـدووی پەیوەسـت بـە ئاسایشـی نەتەوەیـی وەك ریفرانـدۆم.

پرسـیار لـە رەهەنـدە (نێوخۆیـی، عێـراق، هەرێمـی، نێودەوڵەتـی) دەکرێـت لـەم مەسـەلەیە،

**کورد گەلێکە تاوانی نێودەوڵەتی لەدژی بەکارهێنراوە وەکو تاوانەکانی: جینۆساید، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، جەنگ، بۆیە مافی خۆیەتی داوای قەرەبوو نەک تەنها لەعێراق بەڵکو لە کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامی و نێودەوڵەتیش بکاتەوە بە پێی یاسای نێودەوڵەتییەکان**



**د.نەژدەت ئاكرەیی**
پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

لە راستیدا ئەمە لەسەر ئەكتیڤی جانتای دیپلۆماسی كوردستان رادەوەستێت پاڵپشت بە فاكتەرەكانی ئابووری و بەرگری و بەرژەوەندییەكان و چۆنیەتی خوێندنەویان بە سیاسەتێكی واقیعی و عەقڵانی و بەخوێندنەوەی ئەزموونەكانی (تەیموری رۆژهەڵات، باشووری سودان، كۆسۆڤۆ، بیابانی رۆژئاوا، قوبرس، بەشێك لەناوچەكانی یەكێتی سۆڤێتی پێشوو، چیكوسلوڤاكیا.. هتد)، لە ئێستاوە دەبێت كار بكرێت لەسەر ئەوەی گروپێكی پسپۆری خاوەن ئەزموون (سیاسی، ئابووری، یاسایی) نیشتمانی، بەبەشداری هەندێك لە پسپۆرانی نێودەوڵەتی بۆ ئەم مەسەلەیە و خوێندنەوەی هەموو سیناریۆو ئەگەرەكان بكرێت بەبەرنامەو پرۆژەیەكی زیندووی ستراتیژی و دوارۆژی هەژمار دەكرێت، هەرێمی كوردستانی ئەمڕۆ جیایە لە كوردستانی نیو سەدەی پێش ئێستا، كوردستانی ئەمڕۆ گۆڕەپانی بەرژەوەندییە ئابووری و سەربازی و سیاسی ستراتیژییەكانی نێودەوڵەتی و هەرێمییە، كوردستان پێگەیەكی جیۆپۆلیتیك و جیۆستراتیژو جیۆئابووری گرنگی هەیە، لەهاوكێشەكانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەكاندا، لاپەڕەكانی بەهێزی ئاسایشی نەتەوەیی هەیە، دامەزراوەكان تا رادەیەك ئەزموونیان هەیە، و جۆرە سەلماندنێك هەیە لە سەركەوتوویی بەڕێوەبردن نەك لەباری سروشتی بەڵكو لەكاتی قەیرانە ئابووری و سەربازی و سیاسییەكانیش.

لە راستیدا هەڵەیە بڵێین ریفراندۆم تەنها مەسەلەیەكی نێوخۆیی عێراقییەو پەیوەستە بە یەكپارچەیی عێراقەوە، بەڵكو مەسەلەی گەلێكە ئەگەر ددان نەنرێت بەمافەكانی ئەوا ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەكەو نێودەوڵەتی تووشی مەترسی و ترسناكی دەبێت، گەلێكە تاوانی نێودەوڵەتی لەدژی بەكارهێنراوە وەكو تاوانەكانی: جینۆساید، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، جەنگ، بۆیە مافی خۆیەتی داوای قەرەبوو نەك تەنها لەعێراق بەڵكو لە كۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامی و نێودەوڵەتیش بكاتەوە بەپێی یاسای نێودەوڵەتییەكان، چونكە ئەمانە بەرپرسیارن بە شێوازی جۆراوجۆر بەرامبەر ئەم میللەتە هەر لە بێدەنگی خۆیان لەكاتی خۆی تا بەرژەوەندییەكانی ئەمڕۆ، بۆیە بڕیاری ریفراندۆم وەڵامدانەوەیەكی مەشروعی یاساییە لە هەرێمی كوردستان دژ بە زوڵمی مێژوویی، جوگرافی، سیاسی .

**لە ئێستاوە دەبێت كار بكرێت لەسەر ئەوەی گروپێكی پسپۆری خاوەن ئەزموون (سیاسی، ئابووری، یاسایی) نیشتمانی، بەبەشداری هەندێك لە پسپۆرانی نێودەوڵەتی بۆ ئەم مەسەلەیە و خوێندنەوەی هەموو سیناریۆو ئەگەرەكان بكرێت بەبەرنامەو پرۆژەیەكی زیندووی ستراتیژی و دوارۆژی هەژمار دەكرێت**



*** شرۆڤە و لێکدانەوەی ئێوە چییە بۆ ئەو بارودۆخ و پەرەسەندنەی حاڵی حازر لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێت؟**

- پێموایە بارودۆخەکە لەم رۆژانەی دواییدا لە خراپەوە بۆ خراپتر چووە، بە باوەڕی من ئەو ناکۆکییەی لە نێوان سعودیە و قەتەردا هاتۆتەئاراوە، هەروەها هێرشەکانی سەر تاران کاریگەریی خراپیان دەبێت لەسەر شەڕی دژ بە داعش. بە دەربڕینێکی دیکە، یەکێك لە سوودمەندە سەرەکییەکانی پەرەسەندنەکانی ئەم دواییە بریتییە لە داعش، لەبەر ئەوەی ئەو هاوپەیمانێتییەی شەڕی دژ بە داعشی دەکرد، ئێستا لەنێو خۆیدا شەڕی یەکتر دەکات، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر توانای تێکشکاندنی داعش لە گۆڕەپانی شەڕدا دەبێت، ئەمە سەرنجی یەکەم. سەرنجی دووەم ئەوەیە کە سەرۆکایەتی ترەمپ بۆتە هۆکاری زیادبوونی ئەو پشێوی و پاشاگەردانییەی ناوچەکە رووبەڕووی دەبێتەوە، رێککەوت نییە کە لە دوای دوو هەفتە لە سەردانەکەی ترەمپ بۆ ناوچەکە بەرپابوونی ناکۆکییەکی ئاوا گەورە بەدی دەکەین لە نێوان هاوپەیمانانی پێشووی نێو ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، ئێستاش ناکۆکییەکە درێژبۆتەوە بۆ ئێران. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە سەرۆکایەتی ترەمپ هۆکارێکە بۆ هەڵکشانی پشێوی و ئاژاوەکانی ناوچەکە و هاریکار نییە لەوەی بارودۆخەکە بە ئاڕاستەی راست و دروستدا بڕوات.

*** کەواتە پێتوایە هەڵکشانی گرژییەکانی ناوچەی کەنداو و شێوازی کارکردنی ترەمپ لە ئاست ئەم ناوچەیەدا بوار و دەرفەتی زیاتر بۆ داعش و گرووپە هاوشێوەکانی دیکە دەخوڵقێنێت؟**

- بەڵێ، پێموایە، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا داعش زادە و دەرهاویشتەی میراتی سلبیی خۆسەپێنیی سیاسییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا،

نادر هاشمی

بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی دێنڤەر بۆ گوڵان:

# گرژی و ناکۆکییەکانی نێوان سعودیە و قەتەر بەرەی دژی داعش لاواز دەکات

**نادر هاشمی پرۆفیسۆری سیاسەتی ئیسلامی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە سکوولی جۆزێف کۆربێل بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی دێنڤەر، پسپۆڕ و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك کاروباری ئیسلامی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایین و دیموکراسی و عەلمانییەت و سیاسەتی بەراوردکاری و تیۆری سیاسی و سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. خاوەنی چەندین کتێبە بۆ نموونە، «بەرەو دیموکراسی: تیورێك بۆ کۆمەڵگە موسڵمانەکان»، «بزووتنەوەی سەوز و تێکۆشانی ئێران بۆ دیموکراسی». بۆ تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەستنیشانکردنی کێشە و تەحەددییە کورتخایەن و درێژخایەنەکانی ئەم ناوچەیە و چەندین پرس و بابەتی پەیوەندیداری دیکە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خستەڕوو.**

ڕێککەوت نییە کە داعش لە عێراق و سووریادا سەریهەڵدا، ئەو دوو وڵاتەی بە ڕاددەیەکی گەورە کەوتنە ژێر کاریگەریی میراتی خۆسەپێنی و تاکڕەوی سیاسییەوە، کەواتە کاتێك ترەمپ خۆی نزیك دەکاتەوە لە ڕژێمە خۆسەپێنەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەك سعودیە و ئیمارات و بەحرەین و ژەنەڕاڵ ئەل سیسی لە میسر، ئەوا ئەمە هەلومەرجێکی ئەوتۆی سیاسی دەخوڵقێنێت کە دەبێتەهۆی هەڵکشانی ڕادیکاڵیزم و توندڕەوی. کەواتە ئەگەر وردبیتەوە لەو بارودۆخەی ئێستا لەئارادایە، ئەوا یەکێك لە سوودمەندە سەرەکییەکان لە مەودای دوور و نزیکدا بریتییە لە هێزە توندڕەوە ڕادیکاڵەکان، کە ئەو هێزانە ئاماژە بە کار و کردەوەکانی ترەمپ دەکەن و بە خەڵکی ڕادەگەیەنن کە جگە لە چوونە پاڵ ڕێکخراوە توندڕەوە و ڕادیکاڵەکانیان هیچ بەدیلێکی دیکەیان نییە.

*** بەڵام ئەگەر ئێمە لە لێدوانەکانی ئیدارەی ئەمریکا بڕوانین، ئەوا دەردەکەوێت کە تێکشکاندنی داعش و فشارخستنەسەر ئێران دوو ئەولەوییەتی سەرەکی و بە پەلەی ئەو ئیدارەیە بن، پرسیارەکە ئەوەیە دەکرێت ئەم ئامانجانە بەدی بهێنرێن بە گرتنەبەری ئەو شێوازی کارکردنەی کە لە سەرەوە ئاماژەت پێکرد؟**

- لە ڕاستیدا ئەوان ڕایانگەیاندووە کە دەیانەوێت ئەم ئامانجانە بەدەست بهێنن. بەڵام یەکێك لەو کارانەی کە ئیدارەی ترەمپ ئەنجامی دەدات بۆ تێکشکاندنی داعش، کە پێموایە دەرئەنجامی سلبی لێدەکەوێتەوە، بریتییە لە خێراترکردنی ڕەوتی بۆردومانکردنی ئامانجەکانی داعش و هەڵگرتنی کۆت و بەندەکان لەسەر هێرشەکان و ئەو کاریگەرییەی لەسەر دانیشتووانی مەدەنی دەکەوێتەوە. واتە ئەو کۆت و بەندانە لابراون کە ئۆباما دایانابوون و ئێستاش زیادبوونی

هێرشەکان لەسەر خەڵکانی مەدەنی و بێتاوان دەبینین کە ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژراوە، ئەمە بە قازانجی داعش دەشکێتەوە و لەو باوەڕەدا نیم کە لە مەودای دووردا هاوکار بێت بۆ تێکشکاندنی داعش. لەوەش زیاتر، ئیدارەی ترەمپ ستراتیژییەتێکی دوورمەودای نییە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ نموونە ئایا پلانی ئیدارەی ترەمپ چییە بۆ دوای تێکشکاندنی داعش؟ ئێمە نازانین ئەو پلانە چییە، ئەمەش ئاماژەیە بە بوونی دژبەیەکییەکی سیاسی لە واشنتۆن، کە ترەمپ راستەوخۆ دەستی بەم ناکۆکییە کرد لە نێوان سعودیە و قەتەردا، بەڵام رۆژی دواتر وەزیری بەرگری و دەرەوەی ئەمریکا هەوڵیاندا کە کاریگەریی قسەکانی سەرۆک کەم بکەنەوە، کەواتە پێدەچێت هەماهەنگی و رێکخستن و رۆئیایەك نەبێت لەم رووەوە. دواتر داعش تەنیا کێشەیەکی سەربازی نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا کێشەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریشە کە دەبێت چارەسەر بکرێن و لە راستیدا سەرۆك ترەمپ هیچ شتێکی لەم رووەوە نەخستۆتەڕوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو تەنگژەیەی کە داعش خوڵقاندوویەتی.

> **ئەگەر ئەمریکا بتوانێت کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین چارەسەر بکات، ئەوا هاوکار دەبێت لە خاوکردنەوەی گرژییەکانی ناوچەکە و لە هێنانەئارای سەقامگیریی ناوچەکەش بەشدار دەبێت**

*** وا دەردەکەوێت کە ئێوە گومانتان هەبێت لەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی بتوانن بەشدارییەکی ئیجابییان هەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم ناوچەیە، ئایا پێتانوایە پێویستە گەلانی ئەم ناوچەیە خۆیان جڵەوی مەسەلەکان بگرنەدەست و خۆیان چارەسەرێك بۆ تەنگژە و کێشەکانی خۆیان بدۆزنەوە؟**

- ئەوە راستە کە دەبێت خەڵکی ناوچەکە خۆیان جڵەوی مەسەلەکان بگرنەدەست، بەڵام ئەم خەڵکە ناتوانن ئەم کارە بکەن، کاتێك لەلایەن رژێمێکی خۆسەپێن و نادیموکراتییەوە حکومڕانی دەکرێن، کەواتە ناکرێت بڵێین با خەڵکی خۆیان چارەسەری کێشەکانیان بکەن، لە کاتێکدا ئەو خەڵکە گوێ لە بۆچوونەکانیان ناگیرێت، چونکە ئەوەی بڕیارە گەورەکان دەدات، لەم ناوچەیەدا رژێمە خۆسەپێنەکانن، ئیدی سعودیە بێت، یان ئێران یان ناوچەکانی ئەو نێوەندە. کەواتە من هاوڕام لەگەڵتاندا کە دەبێت خەڵکی ناوچەکە خۆیان جڵەوی دەستپێشخەری بخەنە دەستی خۆیانەوە و پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانییان بکات، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم کە دیکتاتۆر و رژێمە خۆسەپێنەکان بتوانن کێشەکانی ناوچەکە چارەسەر بکەن. پێموایە ئەمە ئەو کێشەیە بنەڕەتییەیە کە دۆناڵد ترەمپ لێی تێناگات، هەروەها ئەمە کێشەیەك بوو کە باراك ئۆباماش لێی تێنەگەیشت، کەواتە ئەمە گرفتێکە لەنێو هەردوو پارتی کۆماری و دیموکراتەکانی-ئەمریکادا- هەیە. ئەمەش ئاماژەیە بە سیاسەتێکی درێژخایەن و دڵڕەقانەی رۆژئاوا لە ئاست ناوچەکەدا کە بە هەڵە پێیانوابوو دیکتاتۆر و خۆسەپێنەکان دەتوانن دەستەبەری سەقامگیری بکەن، کە من دڵنیم هاوکێشەکە تەواو پێچەوانەیە، چونکە ئەو رژێمانەی مایەی ناسەقامگیری ناوچەکەن کە داعشیش دەرهاویشتەیە لەو نێوەندەدا.

> **تاوەکو هێزێک نەبێت کە بەرهەڵستی هەڵوێستی رووسیا بکات، ئەوا رووسیا بە هاوبەشی لەگەڵ هاوپەیمانەکەیدا، کە ئێرانە، بەردەوام دەبێت لە دارشتنی رێساکانی ناکۆکییەکە لە سووریا و ئەوەش بۆ تەواوی ناوچەکە مایەی کارەسات دەبێت**

*** بەڵام ئەو بۆچوونەش هەیە کە دۆخی ناوچەکە بەتایبەتی دوای بەهاری عەرەبی و داڕووخانی دامەزراوەکانی دەوڵەت بە چەشنێك گۆڕاوە کە چیتر ناکرێت بگەڕێینەوە بۆ هەلومەرجی رابردوو، بۆ نموونە زۆر دژوارە جارێکی دیکەی سیستمێکی توندی مەرکەزی بسەپێندرێتەوە، ئایا هاوڕایت لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا و ئایا پێویست ناکات ئەو رێگاچارەیەی دەگیرێتەبەر رەنگدانەوەی واقیعەکە بێت؟**

- لە راستیدا ئێمە کێشەی کورتخایەن و درێژخایەنمان هەیە، بە دڵنیاییەوە لە مەودای کورتدا دەبێت داعش تێکبشکێنرێت، هەروەها دەبێت شەڕی سووریاش کۆتایی پێبهێندرێت، کە بۆتە فاکتەرێکی گەورەی ناسەقامگیری نەك تەنیا لە ناوچەکەدا، بەڵکو لە جیهاندا، هەروەها رکابەریی نێوان ئێران و سعودیەش هەیە کە دۆخی ناوچەکەی ناهەموار کردووە و پێویستە کۆتایی پێبهێندرێت، ئەمانە تەحەددییە کورت مەوداکانن. بەڵام لە هەمان کاتدا تەحەددی درێژخایەن هەن کە بە راستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشداری نەکردووە لە چارەسەرکردنیان، یاخود فەرامۆشی کردوون، کە بریتین لە حوکمڕانیی باش و بە دیموکراتیزەکردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بواردان بە خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاوەکو درك بکەن

کە بژارەیان لەبەردەمدایە و دەتوانن مومارەسەی بکەن و دەتوانن چارەنوسی خۆیان دابڕێژن. ئەمە ئەو موژدەیە بوو کە بەهاری عەرەبی هەڵگری بوو، ئێستا ئەو رۆژگارە بەسەرچوو، ئێستاش خەڵکەکە نائومێد بوون و لە سایەی رژێمێکی خۆسەپێندا دەژین و لە سایەی سیاسەتێکی نێودەوڵەتیدا کە پێناچێت بایەخ بە خەڵکی ناوچەکە بدات. کەواتە دەتوانین بڵێین کە کێشە بنەڕەتییەکانی ناوچەکە هەمیشە هەمان ئەو کێشە درێژخایەنانە بوون، وەك حوکمڕانیی باش و بە دیموکراتیزەکردن و بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی، کەواتە پێویستە ئەم تەحەددییە درێژخایەنانە چارەسەر بکرێن، ئەگەر بمانەوێت هەندێك لە هۆکارە ریشەییەکانی ناسەقامگیری چارەسەر بکەین کە رۆژگارێکی دوور و درێژە ناوچەکە بە دەستیەوە دەناڵێنێت.

*** کەواتە هاوڕایت لەگەڵ ئەوەدا کە تێکشکاندنی داعش تەنیا هەنگاوی سەرەتایە و پێویستە سەرکەوتنە سەربازییەکە بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری راستەقینە لە سیستەمە سیاسییەکەدا تەواو بکرێت، چونکە باس لەوە دەکرێت کە دوورخستنەوە و پەراوێزخستن و مامەڵەی خراپ لەگەڵ سوننەی عێراقدا هۆکارێك بوون بۆ تەشەنەکردنی داعش؟**

- بەڵێ، راستە تێکشکاندنی داعش تەنیا سەرەتایە و من هاوڕام لەگەڵتاندا، بەڵام مەرج نییە بڵێین گۆڕانکاریی ریشەیی لە سیستەمە سیاسیەکەدا، بەڵکو ئەوەی پەیوەندی بە عێراق و پەراوێزخستنی سوننەی عێراقەوە هەبێت، ئەوا پێویستە بەلای کەمەوە سیستەمە سیاسییەکە بە چەشنێك بێت کە هەموو پێکهاتە سیاسییە ئاوێتەی بونیادی حوکمڕانی و سیستمی سیاسیی عێراق بکرێت، چونکە ئەگەر تەنیا بایەخ بە پێکهاتەیەکی دیاریکراو بدەن، ئەوا پێکهاتەکانی دیکە دووردەخەنەوە و ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی رووبکەنە داعش و گرووپە رادیکاڵەکانی دیکە، ئەمە دەقاودەق لە عێراقدا روویدا و هۆکارێك بو هەڵکشانی داعش و پێویستە ئەمەش بگۆڕێت، چونکە ئەگەر نەگۆڕێت، ئەوا رەنگە بتوانین داعش تێکبشکێنین، بەڵام بە دڵنیاییەوە گرووپەکانی هاوشێوەی داعش سەرهەڵدەدەنەوە، چونکە هەمان هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەئارادا دەمێنن و دەبنەهۆی ئەوەی کاردانەوەی لێبکەوێتەوە بە چەشنی ئەوەی لە سەرهەڵدانی داعشدا بینیمان.

*** ئایا هیچ هەنگاوێکی لەم چەشنە لە حکومەتی عێراقی بەدی دەکرێت؟**

- لە راستیدا دەبێت ئەوە رووبدات و پێموایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کارێکی راست و دروستی کردو ئۆباماش شایستەی ستایشە لەو رووەوە کە فشار دروستکرا لەسەر حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی نزیك بێتەوە لە سوننەکان و ئاوێتەیان بکات، پێموایە ئەوە هەنگاوێکی دروست بوو، هەروەها لابردنی نوری مالیکی هەنگاوێکی دروست بوو، هەروەها ئەوەش کارێکی راست و دروست بوو کە مەرجی پشتیوانیکردنی عێراق لە شەڕی دژ بە تیرۆردا بریتی بوو لەوەی سوننەی عێراق ئاوێتەی سیستمە سیاسییەکە بکرێت. بە شێوەیەکی گشتی من پێموایە دەبێت کاری زیاتر بکرێت لەم رووەوە، واتە پشتیوانی نێودەوڵەتی مەرجدار بێت بە گۆڕینی سیاسەتەکانەوە لە ناوچەکەدا بە ئاراستەی حوکمڕانی باش و بە دیموکراتیکردنەوە. من خوازیارم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکات.

*** ئەی پێتوایە بۆ ئەوەی ئەمریکا دەستڕۆیشتوو بێت لە عێراقدا و لە پێگەیەکدا بێت بتوانێت فشار لەسەر حکومەتی عێراق دروست بکات تاوەکو بەو شێوەیە رەفتار بکات کە ئێوە ئاماژەتان پێکرد، پێویستە هێزێکی سەربازی لە عێراقدا جێگیر بکات؟**

- لە راستیدا دەبێت خەڵکی عێراقی بڕیار لەو بارەیەوە بدەن، واتە خەڵکی عێراق خاوەنی سەروەرین و ئەوان دەتوان بڕیاری ئەوە بدەن، ئایا خوازیاری ئەوەن هێزێکی سەربازیی ئەمریکی لە خاکەکەیاندا جێگیر بکرێت، یان نا. بەڵام زۆر روونە کە بێ بوونی هێزی سەربازی ئەمریکا تێکشکاندنی داعش زۆر زۆر دژوار دەبێت، پێموایە ئەوەش بەشێکی گرنگە لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی داعشدا. پشت بە خوا بەم نزیکانە داعش تێکدەشکێت و ئەو کاتە مەسەلەکە دێتە سەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی بنیادنانی سوپا و

**رووسیا و ئێران بەرپرسیارن لە خراپترینی ئەو تاوانانەی کە لە سووریا روودەدەن، ئەمەش بە رادەیەکی گەورە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە سایەی ئیدارەی ئۆبامادا بایەخدان و ئیرادەیەکی سیاسی نەبوو بۆ تەحەددیکردنی هەڵوێستی رووسیا و ئێران**

**نەهامەتیی کورد یەکێکە لە دەرئەنجام و میراتەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی کاتێک ناوچەکە داڕێژرا، کەواتە ئەگەر زەمەن بگەڕێتەوە بۆ دواوە ئەوا دەبوو کورد خاوەنی دەوڵەتی خۆی بووایە**

هێـزی ئەمنیـی کارا و کاریگـەر لـە عێراقـدا، بـە چەشـنێك کـە پێویسـتیان بـە هاتنـی ئەمریـکا نەبێـت هـەر کاتێـك کـە رووبـەڕووی قەیرانێکـی گـەورە دەبنـەوە. کەواتـە ئـەم تەحەددییانـە پەیوەسـتن بـە چۆنیەتـی چارەسـەرکردنی کێشـەی عێـراق لـە پەیوەنـدی بـە دروسـتکردنی هێزێکـی ئەمنـی کـە بەرپرسـیار و کارا بێـت لـە رووبەڕووبوونـەوەی ئـەو کێشـە ئەمنییانـەی کـە رووبـەڕووی وڵاتەکـە دەبێتـەوە.

*** تێڕوانینتـان چییـە لەبـارەی ئـەو لێکدانەوەیـەی پێیوایـە کشـانەوەی هێزەکانـی ئەمریـکا لـە عێراقـدا لـە ساڵی ٢٠١١ هۆکارێـك بـوو بـۆ خراپبوونـی بارودۆخەکـە، بـەو پێیـە ئەگـەر ئەمەریـکا بـە شێوەیەکی خێـرا هێزەکانـی بکشـێنێتەوە لـە دوای تێکشـکاندنی داعـش، ئـەوا دووبـارە عێـراق بـەرەو شـەڕی ناوخۆیـی دەچێـت؟**

- هەنـدێ راسـتی هەیـە لـەم لێکدانەوەیـەدا، بەڵام ئەگـەر بگەڕێینـەوە بۆ ئـەو کاتـەی سـەرۆك ئۆبامـا ویسـتی هێزەکانـی لـە عێـراق بکشـێنێتەوە و لێدوانـەکان بخوێنینـەوە، ئـەوا دەبینیـن کـە بەرهەڵستییەکی زۆر هەبـوو لایـەن عێراقـەوە بـۆ جێگیرکردنـی هەمیشـەیی هێزێکـی سـەربازی لـەو وڵاتـەدا کـە نەکەونـە ژێـر بـاری بەرپرسـیارێتی و چاودێـری حکومەتـی عێراقییـەوە، کەواتـە زۆرینـەی زۆری عێراقییـەکان، بـەلای کەمـەوە، نوێنـەرە هەڵبژێردراوەکانیـان خوازیـاری مانـەوەی ئەمریـکا نەبـوون لـە وڵاتەکـەدا. کەواتـە ئەمـە مەسـەلەیەك نییـە ئەمریـکا بتوانێـت بیسـەپێنێت بەسـەر عێراقـدا و دەبـوو ئـەو بڕیـارە لـە عێراقـەوە بێـت و ئـەو کاتـەش بڕیـاری عێـراق ئـەوە بـوو هێزەکانـی ئەمریـکا بکشـێنەوە، واتـە ئەمریـکا نەیتوانـی ئیـرادەی خـاوەن سـەروەری ئـەو نوێنەرانـەی حکومەتـی عێـراق فەرامـۆش بـکات کـە لـە هەڵبژاردنێکـی دیموکراتـی هەڵبژێدرابـوون، کـە لـەو کاتـەدا ئـەو نوێنەرانـە نەیانتوانـی بگەنـە رێککەوتـن لەگـەڵ ئەمریـکادا.

*** چـۆن لـە هەلومەرجـی هەرێمـی کوردسـتان دەڕوانیـت، ئایا ئاینـدەی ئـەم هەرێمـە و ئەگـەری سـەربەخۆبوونی چـۆن دەبینیـت؟**

- بۆچوونـی شـەخسـی مـن ئەوەیـە کـە کـورد لـە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا مافـی مومارەسـەکردنی بڕیاردانـی چارەنووسـی هەیـە و پێویسـتە بـژارەی ئەوەیـان پێبدرێـت کـە ئایـا بڕیـاری سـەربەخۆیی دەدەن، یاخـود دەیانەوێـت لەنێـو ئـەو دەوڵەتـەدا بمێننـەوە کـە تێیـدا دەژیـن. جێـی داخـە کـە نەهامەتیـی کـورد یەکێکـە لـە دەرئەنجـام و میراتەکانـی جەنگـی یەکەمـی جیهانـی کاتێـك ناوچەکـە دارێـژرا، کەواتـە ئەگـەر زەمـەن بگەڕێتـەوە بـۆ دواوە ئـەوا دەبـوو کـورد خاوەنـی دەوڵەتـی خـۆی بووایـە.

*** راوبۆچوونتـان لەبارەی بارودۆخی سووریا و رۆڵی رووسیا لـەو وڵاتـەدا چییـە؟**

- پێموایـە ئـەوەی روودەدات کارەسـاتە، بـە بـاوەڕی مـن رۆڵـی رووسـیا بـە پشـتیوانی ئێران بۆتـە مایـەی ناسـەقامگیرییەکی قـووڵ لـە تـەواوی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، بـە تێڕوانینـی مـن رووسـیا و ئێـران بەرپرسـیارن لـە خراپتریـنی ئـەو تاوانانـەی کـە لـە سـووریا روودەدەن، ئەمـەش بـە رادەیەکـی گـەورە بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە لـە سـایەی ئیـدارەی ئۆبامـادا بایەخـدان و ئیرادەیەکـی سیاسـی نەبـوو بـۆ تەحەددیکردنـی هەڵوێسـتی رووسـیا و ئێـران. ئێسـتاش دۆخـی سـووریا بـە تەواوەتـی ناسـەقامگیرە و بـاوەڕم وانییـە بەشـار ئەسـەد بتوانێـت لـە دەسـەڵاتدا بمێنێتـەوە. بەداخـەوە سـەرۆکایەتی ترەمـپ مایـەی نادڵنیایییـە، لەبـەر ئـەوە سـتراتیژیەتێکی نییـە بـۆ تـەواوی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و بـۆ سـووریا. کەواتـە تاوەکـو هێزێـك نەبێـت کـە بەرهەڵسـتی هەڵوێسـتی رووسـیا بـکات، ئـەوا رووسـیا بـە هاوبەشـی لەگـەڵ هاوپەیمانەکەیـدا، کـە ئێرانـە، بـەردەوام دەبێـت لـە داڕشـتنی رێسـاکانی ناکۆکییەکـە لـە سـووریا و ئەوەش بـۆ تـەواوی ناوچەکـە مایـەی کارەسـات دەبێـت.

*** ئایـا ئەگـەری ئـەوە هەیـە رووسـیا و ئەمریـکا بتوانـن بـۆ هێورکردنـەوەی بارودۆخـی سـووریا و زەمینەخۆشـکردن بـۆ چارەسـەرێکی درێژخایەنـی سیاسـی، جۆرێـك لـە هەماهەنگـی لـە نێـو خۆیانـدا دروسـت بکـەن؟**

- نەخێر، لـە راسـتیدا ئۆبامـا هەوڵیدا ئـەم کارە لەگـەڵ رووسـیا بـکات، بـەڵام رووسـیا ژیرانەتـر هەڵسـوکەوتی کـرد، ئێسـتاش سـەرەڕای گوتـاری تـا رادەیـەك توندی ترەمـپ لـە ئاست رووسـیا و بەشـار ئەسـەد، بـەڵام پێموانییـە ترەمـپ و تیمەکـەی کارامەیـی دیپلۆماسـیی ئەوتۆیـان

**کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مافی مومارەسەکردنی بڕیاردانی چارەنووسی هەیە و پێویستە بژارەی ئەوەیان پێبدرێت کە ئایا بڕیاری سەربەخۆیی دەدەن، یاخود دەیانەوێت لە نێو ئەو دەوڵەتەدا بمێننەوە کە تێیدا دەژین**

**لابردنی نوری مالیکی هەنگاوێکی دروست بوو، هەروەها ئەوەش کارێکی راست و دروست بوو کە مەرجی پشتیوانیکردنی عێراق لە شەڕی دژ بە تیرۆردا بریتی بوو لەوەی سوننەی عێراق ئاوێتەی سیستمە سیاسییەکە بکرێت**

هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی سووریا بەو شێوەیەی کە پێویستە. پێموایە لە ئێستادا پشێوییەکی ئەوتۆی سیاسی هەیە لە واشنتۆن و تێڕوانینەکانی ترەمپیش بۆ جیهان، چ جای ئەوەی بڵێین سووریا، بە شێوەیەکن کە بڕی هەفتەیەك ناکەن و پێناچێت بتوانێت سیاسەتێکی تۆکمە لە ئاست سووریادا گەڵاڵە بکات بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو کێشە سیاسییانەی لە ناوخۆدا هەن.

*** ئایا رۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی ناتوانن کەلێن و لێکدابڕانێك لە نێوان رووسیا و ئێراندا دروست بکەن؟**

- لە رووی تیورییەوە دەتوانین بڵێین دەتوانن، بەڵام ئەوە پێویستی بە پلان و رێکخستن و دروستکردنی هاوپەیمانێتی هەیە، بەڵام دۆناڵد ترەمپ توانای ئەنجامدانی ئەم کارەی نییە، ئێوە تەنیا لەوە بڕوانن کە لە ماوەی چەند هەفتەی رابردوودا رووی دا، ئەو سەردانی ریازی کردو کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی وڵاتانی ئیسلامی ئەنجام دا و ئێستاش تێوەگلاوە لە کێشەی نێو وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو کە هەوڵدەدەن فشاری لەسەر قەتەر دروست بکەن و ئێستاش لێکترازانی گەورە دروست بووە لە نێوان دۆستەکانی ئەمریکا، کە پێشتر هەموویان لە بەرەیەکدا بوون. هەموو ئەمانە ئاماژەن بەوەی دۆناڵد ترەمپ توانای پێویستی نییە بۆ رێکخستن و درێژەدان بە سیاسەتێك لە ئاست سووریا یان رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە هاوکار بێت لە هێورکردنەوەی هەندێ لە کێشەکان.

*** چۆن لە پەیوەندییەکانی ئیسڕائیل و ئەمریکا دەڕوانیت، بەتایبەتی دوای ئەوەی دۆناڵد ترەمپ سەردانی ئەو وڵاتەی کردو سەرۆك وەزیرانی ئەو وڵاتەش باسی لەوە کرد کە چۆن رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە ئەمریکایەکی بەهێزە، بەهەمان شێوە ئەمریکاش پێویستی بە ئیسڕائیلێکی بەهێزە؟**

- هەمیشە ئەمریکا وەك هاوپەیمانێکی سەرەکیی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئیسرائیلی روانیوە، بەتایبەتی دوای شەڕی ساڵی ١٩٦٧ کە ئێستا یادی ٥٠ ساڵەی ئەو شەڕەیە. بەڵام کێشەی پشتیوانیی ئەمریکا بۆ ئیسڕائیل ئەوەیە کە ئەم کێشەیە قووڵ رۆچۆتە عەقڵ و دڵی خەڵکی ناوچەکەوە، بەهۆی ئەو کار و کردەوانەی کە ئیسڕائیل پێشتر و ئێستاش ئەنجامی دەدات دەرهەق بە فەلەستینییەکان. کەواتە سیاسەتی ئیسڕائیل لە فەلەستیندا لە ماوەی ٧٠ ساڵدا فاکتەرێکی سەرەکیی ناسەقامگیرییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە پێموایە پەیوەندییەکی راستەوخۆ هەیە لە نێوان ئەوەی ئیسڕائیل بە فەلەستینی کردو تەشەنەکردنی ئیسلامی رادیکاڵی و هەستی دژ بە رۆژئاوایی. ئەگەر ئەمریکا بتوانێت کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین چارەسەر بکات، ئەوا هاوکار دەبێت لە خاوکردنەوەی گرژییەکانی ناوچەکە و لە هێنانەئارای سەقامگیریی ناوچەکەش بەشدار دەبێت، بەڵام هیچ سەرۆکێکی ئەمریکی لە کۆماری و دیموکراتەکان ئامادە نەبوون سەرکردایەتی دەستەبەر بکەن و کێشەی ئیسڕائیل و فەلەستین چارەسەر بکەن، دەرئەنجامی ئەوەش ئێستا ئیسڕائیل لە سایەی بنیامین نەتنیاهۆ حکومەتە هاوپەیمانێتیە راستڕەوەکەی کە سیاسەتی دروستکردنی کۆمەڵگە جوونشینەکانیان گرتۆتەبەر، هۆکارێکن بۆ ناسەقامگیری و تەشەنەکردنی ئیسلامی رادیکاڵی و پاساوێك دەداتە دەست رژێمە خۆسەپێنەکانی ناوچەکە، وەك ئێران بۆ ئەوەی رۆڵی بەرپرسیارانە لە ناوچەکەدا نەبینن.

*** کەواتە گەشبین نین بەوەی بەم زووانە بەرەوپێشچوونی گەورە لە پرۆسەی ئاشتیی ئیسڕائیل و فەلەستیندا دروست بێت؟**

- نەخێر، لە بنەڕەتدا لەبەر ئەوە ترەمپ تەبەنی جیهانبینییەکەی نەتنیاهۆی کرد، نەتنیاهۆش کەسێك نییە کە برەو بە سەقامگیری و پرۆسەی ئاشتی بدات، لایەنی فەلەستینیش بە تەواوەی لێکدابڕاو و لێکترازاون و خاوەن سەرکردایەتی سیاسی نین، ئەمەش دۆخێکی دروستکردووە کە ئیسڕائیل بە بە رەوتێکی لەسەرخۆ بتوانێت دەستڕۆیشتوویی خۆی بەسەر کەناری رۆژئاوادا بەهێزتر بکات و بەردەوام بێت لە گەمارۆدانی غەززە، بەو پێیە من لە ئاسۆدا چارەسەرێکی دادپەروەرانە بەدی ناکەم.

**راستە کە دەبێت خەڵکی ناوچەکە خۆیان جڵەوی مەسەلەکان بگرنەدەست، بەڵام ئەم خەڵکە ناتوانن ئەم کارە بکەن، کاتێک لەلایەن رژێمێکی خۆسەپێن و نادیموکراتییەوە حکومڕانی دەکرێن**

**لە بنەڕەتدا داعش زادە و دەرهاویشتەی میراتی سلبیی خۆسەپێنیی سیاسییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، رێککەوت نییە کە داعش لە عێراق و سووریادا سەریهەڵدا، ئەو دوو وڵاتەی بە رادەیەکی گەورە کەوتنە ژێر کاریگەری میراتی خۆسەپێنی و تاکڕەوی سیاسییەوە**


# ڕەگ و ڕیشەی ناکۆکییەکانی دەوڵەتانی کەنداو لەگەڵ قەتەردا


**پێویستە ئیدارەی ترەمپ لەبری هەڵگیرساندنی بارگرژیی ئیقلیمی و بوێریدان بە سەرسەختەکان لە ڕیاز و پایتەختەکانی دیکەی کەنداو بەوەی کە ناتوانرێت قەناعەت بە ئێران بکرێت، دەستڕۆیشتوویی خۆی بەکار بهێنێت بۆ هاندانی گفتوگۆییەکی ئیقلیمی کە باشتر دابەشبوونەکانی ئێستا چارەسەر بکات**

مانگی ڕابردوو، سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ، دەستی بە یەکەم گەشتی دەرەکی کرد، کە بە سەردانیکردنی ڕیاز دەستی پێکرد. لەوێدا ئیدارەکەو بەرپرسانی سعودیە، پەیامێکی ڕوونیان نارد: ئێران هێزێکی ناسەقامگیرکارە لە ناوچەکەدا، کە پێویستە «نەتەوە خاوەن ویژدانەکان» بەرەنگاری ببنەوە. بەشێکی گەشتەکە لە ناوچەکە و دەرەوەی ناوچەکەشدا ڕووبەڕووی ڕەخنەگرتن بووەوە، هەندێ لە چاودێران ئاماژەیان بەوە کرد کە گەشتەکە لێکترازانی لەنێو عەرەبەکانی کەنداودا هێنایەئاراوە. ناکرێت ئۆباڵی لێکترازانەکە بخرێتەئەستۆی ترەمپ- عەرەبەکانی کەنداو یەکبەرە نین، ناکۆکییەکانی نێوانیان بەربڵاو بووە- بەڵام ئەو بوێری بە لایەنە سەرسەختەکانی کەنداو دا.

چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئێراندا مایەی مشتومڕ بووە لە نێو ئەنجومەنی هاریکاری کەنداودا. ئەگەرچی سەرجەم وڵاتانی نێو ئەم گرووپە ئامانجیانە بە ڕووی دراوسێ بەهێزەکەیاندا بوەستنەوە، بەڵام هەر یەکەیان جیاوازییان هەیە لەوەی چۆن ئەم کارە بکەن. گفتوگۆکانی پەیوەست بە مەسەلە ناوکییەکە لە نێوان گرووپی ٥+١ و ئێراندا ئەم دابەشبوونانەی زەق کردووەتەوە. لە سایەی سەرکردایەتیی سعودیەدا، بەحرەین و بەشێکی زۆری ئیمارات بە گومانەوە لە ڕێککەوتنەکەیان دەڕوانی و جەختیان لە نیگەرانی خۆیان کردەوە لەبارەی دەستێوەردانی ئێران لە ناوچەکەدا. ئەوانی دیکە، لە نێویاندا عومان و ئیمارەتی دوبەی ئومێدیان ئەوە بوو سوود لەو ڕێککەوتنە وەربگیرێت و شەراکەتێکی بازرگانی نوێ دابڕێژدرێت. ئەوان پەرۆش بوون بۆ ئیحتیواکردنی ئێران و لە هەمان کاتدا خاوکردنەوەی گرژییەکان. دوای هەموو شتێك، ئەوان بەرژەوەندیی هاوبەشیان لەگەڵ ئێران هەیە، لە نێویاندا کێڵگەی غاز و بازرگانی.

شەڕی یەمەن مەسەلەکانی ئاڵۆزتر کرد. ڕیاز سەرکردایەتیی هەڵمەتێکی بۆردومانکردنی کرد لە یەمەن بۆ بەرگرتن بەوەی پێیانوابوو دەستڕۆیشتوویی ئێرانە لە نێو حوسییە یاخیبووەکاندا. ڕیاز قەناعەتی بەوە هەبوو کە ئێران دەستی لە شەڕەکەدا هەیە، بەڵام ئەوانی دیکە کەمتر دڵنیابوون. ئەویش لەبەر ئەوەی ڕۆڵی ئێران لە شەڕەکەدا تەواو ڕوون نییە و پشتیوانیی بۆ یاخیبووان زیادەڕەوی تێداکراوە. بۆ نموونە، عومان ڕەتیکردەوە بچێتە نێو ئەو هاوپەیمانێتییەی کە سعودیە سەرکردایەتی دەکات. ئەوانەی چوونە نێو هاوپەیمانێتییەکەوە لەگەڵ سعودیەدا- باقی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو- پێیانوابوو کە ئەمریکا لە سایەی ئیدارەی باراك ئۆبامادا زیاتر و زیاتر ڕووی لە کەنداوی فارس وەردەگێڕێت، ئەوان ویستیان ئەوە بخەنەڕوو کە دەتوانن لەسەر پێی خۆیان ڕابوەستن لە ڕێی دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆیانەوە، بەڵام لەگەڵ درێژەکێشانی شەڕی یەمەندا، ناکۆکییەکانی نێو ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو چڕتر بوونەوە. بە دەگمەن دەتوانرا پاساو بۆ هەڵمەتی نەپساوە و هەڕەمەکیانەی بۆردومانکردن بهێنرێتەوە، کە کاریگەرییەکی کەمیشی هەبوو لەسەر باشترکردنی ئاسایش و میسداقییەت و وێنەی دەوڵەتە بەشداربووەکان. زیاتر و زیاتر هەوڵەکە بووە هۆی بەهەدەردانی سەرچاوەکان لە کاتێکدا کە وڵاتە تێوەگلاوەکان پێویستیان بە دەستپێوەگرتنی سەرچاوەکان بوو، تەرمەکانیش بەردەوام دەهێنرانەوە بۆ وڵاتەکە. هەندێکیان دەستیان بە گومانکردن کرد لە هەوڵەکە، بەتایبەتی کاتێك بەرژەوەندییەکانیان فەرامۆش کرا، یان بە لاوەکی لەقەڵەم دەدران، بە بەراورد بە بەرژەوەندییەکانی ڕیاز. بۆ نموونە، ئەبو زەبی، بە شێوەیەکی سەرەکی بایەخ بە ئیحتیواکردنی ئیسلامیزم دەدا لە باشووری یەمەن، بەڵام لەو کاتەدا ئەم ئامانجە ناکۆك بوو بە ئامانجی ڕیاز لە شەڕەکەیدا دژ بە حوسییەکان. لە هەمان کاتدا، ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو زیاتر و زیاتر هۆشیار دەبێت بە هێزی سەربازی و سیاسیی خۆی. بەرپرسانی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو جەختیان





دینا ئەسفەندیاری و ئاریانا تەباتەبائی

**ئەم نووسینە لە ڕۆژی ٦ی حوزەیرانی ٢٠١٧ لە گۆڤاری فۆرێن ئەفێرزدا بڵاوکراوەتەوە**

لەسەر بەشداریی سەربازیی بنەڕەتیی خۆیان کردەوە لە هەڵمەتەکەی یەمەندا و، دیپلۆماسیەتە گشتییەکەی بە گوڕ و تینتر و بەرچاوتر بوو.بەڵام مشت و مڕ و ناکۆکییەکە لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە مانەوە. سەیر ئەوەیە کاتێك ناکۆکییەکان زیاتر بوون، ئیمارات و سعودیە بە ئاشکرا لێك نزیك بوونەوە و، بەرپرسەکانی سعودیە وەك «نزیکترین هاوپەیمان لە ناوچەکەدا» ئاماژە بە ئیمارات دەکەن و باس لەوە دەکەن کە هاوپەیمانێتییەکەیان لەسەر «بنەمای ڕەچەڵەك و قوربانی و چارەنووسی هاوبەش»ـەو دەرکەوت کە ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو تەواو یەکگرتوو بوو لە ئاست ئێراندا.

لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٧دا و لە میانەی سەردانێکیدا بۆ تاران، میری کوەیت پەیامێکی گەیاند و مەرجە پێشوەختەکانی لەخۆگرت بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ ئێراندا کە لەلایەن ئەنجومەنی هاریکاری کەنداوەوە پشتیوانییان لێدەکرا، (لە نێویاندا سعودیە)، پێشنیارەکەی کوەیت داخوازی ئەوەی لەخۆ دەگرت کە تاران دەست لە کاروبارەکانی عەرەب هەڵگرێت.

تاران بە ئیجابی وەڵامی بیرۆکەی گفتوگۆکردنی دایەوە، بەڵام ڕایگەیاند کە مەرجی پێشوەختە قابیلی قبووڵ نییە. دەستپێشخەرییەکەی کوەیت، هاوشان بە سەرکەوتنی گفتوگۆکانی نێوان تاران و ریاز لەبارەی حەجەوە لە سەرەتای ئەمساڵدا، وادەرکەوت کە ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ سیاسەتێکی یەکگرتوویی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بۆ برەودان بە گفتوگۆ لەگەڵ ئێراندا.

یەکەم سەردانی ترەمپ بۆ ناوچەکە لە کاتێکدا بوو کە ئەم مشتومڕانە هەڵدەکشان. لای خۆیانەوە، ئێرانییەکان دووبارە سەرۆکە میانڕەوەکە، حەسەن ڕۆحانی-یان هەڵبژاردەوە، کە کاری لەسەر گفتوگۆکردن دەکرد لەگەڵ دراوسێ عەرەبەکانی کەنداو. بەڵام ترەمپ مەسەلەکانی ئاڵۆز کرد، پشتیوانیی ئاشکرای لە لایەنە سەرسەختەکانی نێو شانشینەکە ئاماژەیەکی ڕوونی نارد بۆ تاران بەوەی بە چاوپۆشین لە سیاسەتەکانی، ئەوا ئەمریکا کاردانەوەی ئیجابی نابێت لە ئاست گۆڕانکارییەکانی ئێران و بەردەوام دەبێت لەسەر سیاسەتە پیادەکراوەکەی کە بریتییە لە گۆشەگیرکردنی ئێران. هەڵوێستی توندی دژ بە ئێران ڕەخنەی لە نێو هەندێ لەلایەنەکانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداودا گرت، لە نێویاندا میری قەتەر. لە کاتێکدا بەرپرسانی قەتەر نکۆڵییان لەم لێدوانانە کرد، بەڵام قەیرانێکی دیپلۆماتی بێ پێشینەیان لە نێو هاوپەیمانێتیەکەدا خوڵقاند.

لە ئێستادا، ئاڵۆزیی نێوان هاوپەیمانەکانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو ئاشکرا و لەبەرچاوە. ئەم هەفتەی ڕابردوو پێنج وڵاتی عەرەبی، لە نێویاندا، بەحرەین، سعودیە و ئیمارات، بە ئاشکرا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ قەتەردا پچڕاند بۆ «پشتیوانیکردنی لە گروپە تیرۆریست و تایەفەگەرییە جۆراوجۆرەکان بە ئامانجی سەقامگیرکردنی ناوچەکە.» کە نیگەرانییەکان هەر تەنیا پەیوەست نەبوون بە تیرۆرەوە، ڕەنگە ئەمەش نوێترین پرس بێت لە هەوڵێکی درێژخایەن بۆ گۆشەگیرکردنی قەتەرییەکان، لە نێویاندا — بە تێڕوانینی ئەوان- پشتیوانیکردنی بۆ ئێران. بۆ ئەوەی ترەمپ بە شێوەیەکی کارا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بکات و ئیدارەی گرژییەکان لەگەڵ ئێراندا بکات، ئەوا دەبێت ئیدارەکەی لەوە تێبگات کە عەرەبەکانی کەنداو یەك بەرە نین. گرژییەکان بوونیان هەبووە و هەمیشە لە ئارادا دەبن لە کاتێکدا کە هەر دەوڵەتەو چارەسەری نیگەرانییە ئەمنییەکانی خۆی دەکات. پێویستە ئیدارەی ترەمپ لەبری هەڵگیرساندنی بارگرژیی ئیقلیمی و بوێریدان بە سەرسەختەکان لە ریاز و پایتەختەکانی دیکەی کەنداو بەوەی کە ناتوانرێت قەناعەت بە ئێران بکرێت، دەستڕۆیشتوویی خۆی بەکار بهێنێت بۆ هاندانی گفتوگۆییەکی ئیقلیمی کە باشتر دابەشبوونەکانی ئێستا چارەسەر بکات.

**چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئێراندا مایەی مشتومڕ بووە لە نێو ئەنجومەنی هاریکاری کەنداودا. ئەگەرچی سەرجەم وڵاتانی نێو ئەم گرووپە ئامانجیانە بە ڕووی دراوسێ بەهێزەکەیاندا بوەستنەوە، بەڵام هەر یەکەیان جیاوازییان هەیە لەوەی چۆن ئەم کارە بکەن. گفتوگۆکانی پەیوەست بە مەسەلە ناوکییەکە لە نێوان گروپی٥+١ و ئێراندا ئەم دابەشبوونانەی زەق کردووەتەوە**

# قەیرانی ئابووری و ئازاری خەڵکی تەنیا بۆ مەرام و ویستی دژایەتیکردنی سەربەخۆیی کوردستان بەکار دەهێنرێت

لەسەدەکانی رابردوو هەرچی سامانی دەوڵەمەندی ژێر زەوی و سەر زەوی کوردستان هەیە، بۆ وێرانکردن و سووتاندنی کوردستان بەکارهاتووە، ئەمرۆ دۆخەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو پێگەی جیۆپۆلەتیکی کوردستان و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەو ناساندنی ئەم هەرێمە وەکو هەرێمێکی پێکەوەژیان و لێبووردەیی نێوان نەتەوەو ئایین و ئایینزاکان و هەوڵە دیپلۆماسییەکانی سەرۆك بارزانی هەمووی وایکردووە پێگەی هەرێمی کوردستان بەهێز بێت و لەناوەندە جیهانیەکاندا وەکو وڵاتێکی نیمچە سەربەخۆ و دەوڵەتێکی دیفاکتۆ مامەڵەمان لەگەڵ بکرێت، تەنانەت ئەمە کاریگەریی کردۆتە سەر شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوە سرووشتییەکان بەشێوەیەك سوودی لێوەربگیرێت کە لەخزمەتی خەڵکیدا بێت و کوردستان لە گەمارۆی ئابووریی حکومەتی ناوەندی دەربازی بێت، ئەو گەمارۆیەی نەك تەنیا لەسەردەمی مالیکی بەڵکو لەسەردەمی عەبادیش درێژەی پێدراوە، ئەمرۆ کوردستانییەکان هیچ رێگەیەکیان لەبەردەستدا نەماوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ عێراق، بەتایبەتی دوای دژایەتیکردنی ئاشکرای خەڵکی کوردستان و بڕینی بودجەی هەرێم لەلایەن بەغداوە، هەربۆیە سەرکردایەتی سیاسیی کورد هەنگاوی بەرەو ئابووریی سەربەخۆ نا، لەمەشدا گەرچی تووشی کەموکورتیی گەورە بووین، بەڵام توانرا ئابووریی سەربەخۆ بونیاد بنرێت و بێ گەڕانەوە بۆ بەغدا مامەڵە لەگەڵ واقیعەکە بکرێت، ئەمەش بە ئازایەتی و خۆڕاگریی مووچەخۆران و ئەمەکی هاووڵاتیانی نیشتمانپەروەر و نەتەوەیی مسۆگەر بووە.

هەنگاوهەڵگرتن بەرەو ئابووریی سەربەخۆ لەکاتێکدا بوو هەرێمی کوردستان رووبەڕووی تەحەدیی قورسی شەڕی داعش و پاراستنی سنوورەکانی کوردستان بووەوە، بەلێشاو ئاوارەو پەناهەندەی کوردی وڵاتانی دەوروبەرو تەنانەت عەرەبی سوننە رووی لە پارێزگاکانی کوردستان کرد، بەهای بەرمیلێك نەوت بەشێوەیەك داشکا لەسەد ساڵی رابردوودا نرخی وای بەخۆوە نەبینیوە، ئەمانە هەمووی تەحەددا بوون و هاووڵاتیانی کوردستان بەتایبەتی مووچەخۆران ئازارێکی زۆریان بینی، هەربۆیە نەیارانی ئابووریی سەربەخۆ لەناوخۆدا توانیویانە سوود لەم مەینەتی و ئازارەی خەڵك بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان وەربگرن و گرووپ و کەسانێك دروست بکەن، هەرچی هەنگاوێکی ئابوورییانەو سیاسییانە هەیە لەدژی بووەستنەوە، هەروەکو چۆن بینیمان لە رێککەوتنەکەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای رۆزنەفتی رووسی روویدا.

### نەیارانی رێکەوتنەکەی حکومەتی هەرێم و رۆزنەفت شیکارییەکی ئابوورییانەیان نەبوو


من وەکو ئابووریناسێك کاتێك سەیری کۆڕبەندی سان پترسبۆرکی رووسیام کرد، هەموو نەتەوەکانی بەشداربوو لەو کۆڕبەندەدا شانازییان بە سەرکردەکانیان دەکرد، میدیاکانی ئەو وڵاتانە بە گرنگییەوە دەیانڕوانییە ئەو رووداوە ئابوورییە گرنگە، کەچی لێرە لە کوردستان بەهۆی شەڕی نێوان پارتە سیاسییەکان و ململانێ و قین و رکی ناوخۆ بارودۆخەکە لە خوێندنەوەیەکی ئابوورییانە بووە ململانێیەکی شەخسی و حزبی. گرێبەستەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گەورە کۆمپانیای رووسی (رۆز نەفت) لەم چوارچێوەیەدا دێت، هەربۆیە لێرەدا لەچەند خاڵێکدا گرنگی بەشداربوونی شاندی حکومەتی هەرێم لە کۆڕبەندەکەی سان پترسبۆرکی رووسیا دەخەمە روو:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان کاراکتەری گرنگ و سەرەکی کۆڕبەندەکە بوو.

٢- بانگهێشتکردنی حکومەتی هەرێم بۆ ئەو کۆڕبەندە ئابورییە گرنگە لە کاتێکدایە کە هەرێمی کوردستان لە دەرگای کۆمەڵەی گەلان دەدات و دەیەوێت ببێتە ئەندام .

٣- ئێستا هەرێم لە رووی جیوپۆلەتیکەوە وەك قەوارەیەکی گرنگ دەرکەوتووە کە خاوەنی سەرچاوە و سامانی سرووشتیی خۆیەتی.

٤- لەکاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بانگهێشتی ئەو کۆڕبەندە کراوە، رووسەکان باش دەزانن کوردستان بانگەشەی سەربەخۆیی دەکات، کاتێکیش رووسیا بەیەکێك لە ٥ وڵاتە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش دابنرێت



**نەوزاد شێخ کامیل**

سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای ئابووریناسانی کوردستان

بۆ گوڵانی نووسیوە

و مافی ڤیتۆی هەیە، گفتوگۆکردن لەسەر ئەو پرسە گرنگە نیشتمانی و نەتەوەییە لەگەڵ ئەو جەمسەرەدا گرنگیی سیاسی و ئابووری خۆی دەبێت.

لە چوارچێوەی ئەم خاڵانەدا و بە پشتبەستن بە سوودەکانی ڕێککەوتنە نەوتییەکەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕۆز نەفت دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە:

١- گەورە کۆمپانیای ڕۆزنەفت خزمەتکردنی لۆجستی لەبواری نەوت لەکوردستان پێشکەش دەکات.

٢- ئاستی پێشکەوتنی کۆمپانیاکەو بوونی ئامێری پێشکەوتوو داهاتی زەبەلاح یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ناردنە دەرەوەی نەوتی کوردستان و بەدەستهێنانی داهات.

٣- لەبواری غازی سرووشتی کە بۆ گەشەی ئابووریی جیهان زۆر پێویستە، کۆمپانیاکە توانایەکی بەرزی هەیەو دەکرێت سوودی لێوەربگرین لەقۆناغی یەکەمدا بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی ناوخۆ، بەتایبەتی لەبواری بەرهەمهێنانی کارەبا.

٤- ژێرخانی ئابووری بۆ نەوت و سەرچاوەکان دادەمەزرێنێ کە کاریگەری زۆی دەبێت لەسەر زیادکردنی داهات و پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازیی نەوت.

٥- بۆ بازرگانیکردن و فرۆشتنی نەوت بوونی ئەم کۆمپانیایە زۆر گرنگە، چونکە پێشتر نەدەتوانرا پارەی فرۆشتنی نەوت بەئاسانی دەست بکەوێت.

٦- لە پێنج کێڵگە گەڕان و پشکنین دەکات و ڕەنگە هەندێکیان ئەگەر گەورە کۆمپانیایەکی وەك روزنەفت نەبێت، کارکردن ئاسان نەبێت و پێویستی بە تەکنەلۆجیای نوێ و پێشکەوتوو دەبێت.

٧- کاریگەری لەسەر بەدەستهێنانی هەلی کاری نوێ دەبێت لە کوردستان، بەتایبەتی لەناو دەرچووانی زانکۆ.

بەمشێوەیە لەچەندین ڕووەوە هەرێمی کوردستان قازانج دەکات لە ئەنجامدانی ئەو گرێبەستە، پێویستە لەمەودوا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوازێکی تازە بڕوانێتە هەنگاوەکانی ئابووری و ریفۆرم هەنگاوێك بنێت کە بتوانێت خاوشانی ئازارو مەینەتیی خەڵکی بێت و ژیانی خەڵکی باشتر بکات و کۆتایی بە سیستەمی پاشەکەوتی مووچە بهێندرێت. بۆ نموونە زۆر گرنگە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو مەزندەیەی هەبێت کە ڕێککەوتنەکانی نەوتی و هەنگاوەکانی چاکسازی کەی کۆتایی بە قەیرانە ئابوورییەکە دەهێنێت، هەروەها بڕیاری دەرکردنی فرسەتی کار بۆ ژمارەیەك لە دەرچووانی زانکۆ بدات، یاخود چاوخشاندنەوەیەك بە سیستەمی مووچەی فەرمانبەران ڕابگەیەنێت، ئەمانە ئەو خاڵانەن کە نەیارانی کورد و هەندێك دەستە و تاقم لافی پێوەلێدەدەن و وای نیشان دەدەن، ئەوان لەو سەرکردەو حزبانە دڵسۆزترن بۆ خەڵکی کە تەنیا لەماوەی ٣ ساڵدا ١٧٠٠ شەهیدیان داوە.

بەشێوەیەکی گشتی ڕێککەوتنەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕۆزنەفت گرنگەو دەبێت بەم نزیکانە ڕەنگدانەوەشی لەسەر شەقام هەبێت و ژیانی خەڵك باش بکات، هەروەها پێویستە داهاتی نەوت تەنیا بۆ خەرجی و بودجەی بەکارخستن خەرج نەکرێت، بەڵکو بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانی ئابووری و بەرەوپێشچوونی هەردوو کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی خەرج بکرێت. خاڵێکی تری ناکۆکیەکانی نێوان لایەنگران و نەیارانی ڕێکەوتنەکە مەسەلەی شەفافییەتی پرۆسەی نەوتە، ڕەنگە لەسەرجەم وڵاتانی دنیا بە وڵاتانی پێشکەوتووشەوە بە ڕێژەی لە ١٠٠٪ ئەم پرسە شەفاف نەبێت، بەڵام لەدۆخی هەرێمی کوردستان کە دوژمنی زۆرە و وڵاتانی داگیرکەر نایانەوێت کورد سوود لە نەوتەکەی وەربگرێت و ببێتە کارکتەرێکی گرنگ، بوونی شەفافییەت و میدیایەکی پێشکەوتووی ئابووری بەتایبەتی لەئاستی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان پێویستە میدیایەکی ئابووری کە بتوانێت بە لۆژیکانەو ڕاستەوخۆ وتووێژ لەگەڵ چین و توێژەکانی هەرێمی کوردستان بکات. ناکرێت میللەت برسی بێت و وڵاتانی دەوروبەر تۆوی فیتنە بچێنن و پەکەکە شنگال داگیربکات و حەشدی بەناو شەعبی هەڕەشەمان لێبکات و ئێمەش وا بێباکانە بڕوانینە هەموو ئەو ڕەخنە و قسانەی کە سەرجەم پرۆسەی سەربەخۆیی و ئەزموونەکەمان ناشیرین دەکات.



سەباح میر جاسم کەسایەتی ئێزیدی بۆ گوڵان:

# کوردانی ئێزیدی بە پیرۆزی و ئەمەکداری سەیری پەیڤ و بەڵێنەکانی سەرۆک بارزانی دەکەن و بە پشت و پەنای خۆمانی دەزانین

**ئێزیدی جیا لەوەی کوردی رەسەنن و خاوەنی ئایینێکن کە بە زمانی کوردییە، دووجار بەهۆی نەتەوەو ئایینەکەیانەوە دووچاری چەوساندنەوە بوون. لەهەموو شۆڕشەکانی کوردستانیش رۆڵی گەورەیان هەبووەو لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان قوربانی زۆریان داوە. پشتگوێخستنی ناوچەکانیان لەلایەن حکومەتی عێراق و کۆمەڵکوژییەکەی ئەمجارەی داعش ئەوەندەی دیکە برینەکانیانی قووڵتر کردەوە، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای ئێزیدییەکان ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ سەباح میر جاسم کەسایەتی کوردی ئێزیدی سازکرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** کوردانی ئێزیدی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بەتایبەتی لە شۆڕشی ئەیلوول بەشداری و رۆڵی بەرچاویان بووە، ئایا هۆکاری ئەوە زیاتر بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- کوردی ئێزیدی بە درێژایی شۆڕشی رزگاریخوازیی کوردستان چ وەکو پێشمەرگە بێت، یا پاڵپشتیکردنی شۆڕش بێت، بەشدار و هاوکاری دۆزی رەوای نەتەوەکەی بووە، هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکیی ئەو مەزلوومییەت و قوربانیدانەی بووە کە کوردی ئێزیدی رووبەڕووی بوونەتەوە بە درێژایی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، کە زۆر کەسیان زیندانی کراون، لەسەر ماڵ و موڵکی خۆیان دەربەدەر کراون ئاوارە بوون و ناوچەکانیان پشتگوێ خراوە. کوردانی ئێزیدی لەئەنجامی بەشداریکردنیان لە شۆڕشەکانی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و مەلا مستەفا بارزانی لەلایەن فەرمانڕەواکانی حکومەتی بەغداوە بە توندی سزا دراون، واتە باجی کوردایەتییان داوە، ئەو سەرکردە گەورانەی کوردیش رێزیان لە هەموو پێکهاتەکانی کوردستان گرتووە و موسڵمان و کوردی ئێزیدی و مەسیحی وەکو برا پێکەوە ژیاون. هەربۆیە کاتێك داعشەکان کوردی ئێزیدییان کۆمەڵکوژ کرد لەشنگال، برا کوردەکانیان دەرگای مزگەوت و ماڵ و شوێنە گشتییەکانیان بە روویاندا واڵاکرد و فریایان کەوتن و بەو پەڕی دڵسۆزییەوە هاوکارییان کردن، دواتر هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ رزگارکردنی شنگال زیاتر لە ٧٠٠ شەهیدیان دا.

*** سەرۆك بارزانی بەڵێنی بەکوردانی ئێزیدی دا کە شنگال ئازاد بکات، ئایا تاچەند جێبەجێکردنی بەڵێنەکەی ئێوەی دڵخۆش کرد؟**

- کوردانی ئێزیدی بەشێوەیەکی پیرۆز و ئەمەکداری تەماشای جەنابی بارزانی سەرۆکی کوردستان دەکەن، پەیمان و پەیڤەکانی سەرۆك بارزانی بە گەورەترین پشتگیری بۆ خۆیان دەزانن، کاتێکیش جەنابیان بەڵێنی پێدایین کە تۆڵە لە داعشەکان دەکاتەوەو شنگال رزگار دەکات، هەر ئەو کاتە ئەنجومەنی رۆحانی ئێزیدی و سەرۆك هۆز و میرەکانی ئێزیدی زانیمان کە بە نەخشەڕێگایەکی تۆکمە شنگال رزگار دەبێت، هەرواش بوو بەسەرپەرشتی راستەوخۆی جەنابی بارزانی و پاڵەوانێتی هێزی پێشمەرگە و هاوکاری هاوپەیمانان شنگال ئازاد کرا، ئێمە هەرگیز شەهید بوونی ٧٠٠ پێشمەرگەی قارەمان لەبیر ناکەین کە بەخوێنی خۆیان شنگالیان لەدەست گەورەترین هێزی تیرۆریستیی جیهان رزگار کرد و تۆڵە لەداعشەکان کرایەوە، هەربۆیە شەهیدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سیمبولی هەموو پێکهاتەو ئایین و ئایینزاکانی کوردستانن و خوێنی ئەو شەهیدانە بووە تاجی سەری هەموومان و هەر لەسایەی ئەوانیشدا دەگەینە خەونە مەزنەکەمان کە سەربەخۆیی کوردستان و گەڕانەوەی کەرکووك و شنگال و تەواوی خاکی کوردستانە، چونکە دەوڵەتی کوردستان بەبێ ئەم ناوچانە نابێت و کوردانی ئێزیدی جارێکی دیکە ناتوانن لەگەڵ ئەو عەرەبانە بژین کە لەگەڵ داعش پێکەوە پەلاماریان دان.

*** بەڵام ئێستاکە بەهۆی بوونی پەکەکە و حەشدی شەعبی ئاڵۆزی کەوتووەتە ناوچەی شنگال و تا ئەو گرووپە چەکدارە بیانییانە لەوێ بن، شنگال ئاوەدان ناکرێتەوە، ئایا ئێوە وەکو کەسایەتی و کوردی ئێزیدی داواکاریتان چییە بۆ ئەوەی ئەو هێزانە بەبێ شەڕ ناوچەکە جێبهێڵن و نەبێتە شوێنی ململانێی تائیفی و ئیقلیمی؟**

**بەسەرپەرشتی راستەوخۆی جەنابی بارزانی و پاڵەوانێتی هێزی پێشمەرگە و هاوکاری هاوپەیمانەکان شنگال ئازاد کرا، ئێمە هەرگیز شەهید بوونی ٧٠٠ پێشمەرگەی قارەمان لەبیر ناکەین کە بەخوێنی خۆیان شنگالیان لەدەست گەورەترین هێزی تیرۆریستیی جیهان رزگار کرد**

**کوردانی ئێزیدی لەئەنجامی بەشداریکردنیان لە شۆڕشەکانی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و مەلا مستەفا بارزانی لەلایەن فەرمانڕەواکانی حکومەتی بەغداوە بە توندی سزا دراون، واتە باجی کوردایەتییان داوە**

**لەکوشتن وماڵوێرانی و دەربەدەری زیاتر هیچمان لە عێراق دەست نەکەوتووە، تەنانەت تا ئێستاش حکومەتی عێراق ئامادە نەبووە لە پەرلەمانەکەی کارەساتی کوردانی ئێزیدی بە جینۆساید بناسێنێت، لە ئاوارەییشدا هاوکاری و یارمەتی نەکردین و ئێمەی بە هاووڵاتی عێراق نەزانیوە**

**مایەی شەرمەزارییە کچانی کوردی ئێزیدی ببرێنە سووریا و پشتێنی بە مۆمب چێنراویان لەبەر بکەن و لە مینبج بیانتەقێننەوە، ئەم رەفتارەی پەکەکە هیچی کەمتر نییە لەوەی چەکدارانی داعش دەرهەق بە خێزانە ئێزیدییەکان کردیان و کچ و ئافرەتانیان رفاندین**

**دابونەریتی کوردانی ئێزیدی رێگە بەوە نادات کچەکانیان لە تەمەنی بچووک و مێرمنداڵی دوور لەماڵباتیان بن، چ جای ئەوەی چەکدار بکرێن، وەکو ئەوەی پەکەکە دەیکات**

- پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، پێویستە هەموان ئەو راستییە بزانن، کە پشتگوێخستنی عێراق و خیانەتی زۆر لە هۆزە عەرەبییەکانی ناوچەکە وایکرد، داعش کچان و ئافرەتانمان برفێنن و کوڕ و پیاوەکانمان بکوژن، هەربۆیە ئێمەش پاڵپشتی لە قسەکەی سەرۆک بارزانی دەکەین کە ئەگەر داوا نەکرێت، شنگال بێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوە گەورەترین خیانەت لە خوێنی شەهیدان و ئەو ئافرەتە بەدیلگیراوانە دەکرێت، ئیتر چۆن دەبێت ژمارەیەکی کەمی کوردی ئێزیدی کە چوونەتە ناو پەکەکەو حەشدی شەعبی بڵێن شنگال عێراقییە، ئەوانەی چوونە ناو حەشدی شەعبی بەهۆی ئیستغلالکرنی دۆخی خراپی بژێوی ژیانیان بووە کە لەلایەن ئەو هێزانەوە بوونە وەکیلی ئێران و گرووپە چەکدارەکانی شیعە، ئەویش تەنیا لەپێناو دژایەتیکردنی گەڕانەوەی شنگال بۆ سەر هەرێمی کوردستان و رانەگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانە کە ئەو هەموو پارەو بودجەیەیان بۆ تەرخان کردووە، ئێمە سوپاسی هاوکاری پەکەکە دەکەین، بەڵام خۆناگرێت تا ماوە ناوچەکەمان چۆڵ نەکەن و داگیری بکەن و ئارام و ئاوەدان نەبێتەوە، لەلایەکی دیکەوە ئەوەی مەرجەعییەتی رۆحانی دەیڵێت، ئەوە بڕیاری سەرەکی و کۆتایی هەموو کوردانی ئێزیدییە، بۆیە زۆر جێگای داخە کە پەکەکە عینادی دەکات و بە فەرمانی دوژمنانی کورد لە شنگال کێشە دروست دەکات، هەربۆیە ئێمە داواکاریمان ئەوەیە پەکەکە شنگال چۆڵ بکات و شنگال ببێتە پارێزگایەك لەسەر هەرێمی کوردستان. ئەگەر پەکەکە راست دەکات، بابچێت گوندێکی باکووری کوردستان ئازاد بکات، فریودانی خەڵکی بە پارە تاسەر بۆ کەس ناچێتە سەر، ئەوەتا زیاتر لە ٦٠٠ کوردی ئێزیدی کە ببوون بە پەکەکە پەشیمان بوونەوە و گەڕانەوە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان، چونکە بۆیان دەرکەوت رزگارکردنی ناوچەکانیان و پاراستنیان تەنیا بە سەرۆك بارزانی و هێزی پێشمەرگە دەکرێت.

*** پێتوایە دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی خەڵکی شنگال لە بەڵای پەکەکە رزگار بکرێن؟**

-پەکەکە هێزێکی نامۆیە بە ناوچەکە و داردەستی حەشدی شەعبی و ئێرانە، ئەگینا چۆن هێزێکی کوردی داوادەکات شنگال لەکوردستان داببڕێت؟ هەربۆیە ئەوان ئامادە نین بە ئاشتی ناوچەکانمان چۆڵ بکەن، تەنانەت پەکەکە وەڵامی داواکارییەکەی جڤاتی رۆحانیی ئێزیدی و میری ئێزیدی و کەسایەتی و رۆشنبیران و خەڵکی کوردی ئێزیدیشی نەدایەوە بەوەی بۆ شوێنی خۆیان بگەڕێنەوە، ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە پەکەکە دەمێکە چاوەڕێی هەلێکی وایە کە کورد لێی بقەومێ و ئەجێندای دوژمنانی کورد جێبەجێ بکات، هەر بۆیە پێش هەموو شت پێویستە هێزەکانی کوردی ئێزیدی لەناو ریزەکانی فەرماندەیی شنگال زیاتر بکرێن، چونکە پاراستنی شنگال بۆ کوردستان گرنگە، ئەگەر کەرکووك دڵی کوردستان بێت، ئەوا شنگال خوێنی ئەو دڵەیە.

*** ئەی چۆن دەڕواننە ئەو گرووپە چەکدارانەی بەناوی حەشدی شەعبی هاتوونەتە باشووری شنگال و لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە نزیك بوونەتەوە؟**

- ئەو هێزانە بەناو عێراقین و لە چەند گرووپێکی چەکداری و میلیشیا پێکهاتووە و بە فەرمی هێزی سەربازی عێراقی نین، بگرە لەسەر داوای ئێران و مالیکی هاتوونەتە ناوچەکانمان، ئەوان پێشێلی ئەو رێککەوتنەشیان کرد کە دەبووایە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ هێزەکانی سوپای عێراق ئەو ناوچانە ئازاد بکەن، حەشد رێککەوتنەکەیان شکاندو پەلاماری ئەو شوێنانەیان داو سارتەریان لێداوەو ناوچەکەیان دابەش کردووە، ئەگەر عێراق و هاوپەیمانەکان هێزەکانی حەشد دوورنەخەنەوە و نەگەڕێنەوە ئەو شوێنانەی عێراق کە لە ساڵی ٢٠١٦ لەگەڵ پێشمەرگە لەسەری رێککەوتبوون، ئەوا ئاڵۆزی روودەدات، ئەمەش درێژەی ئەو ئاڵۆزییانەیە کە پێشتر پەکەکە لە خانەسووری دروستی کرد. هەمووی لەپێناو ئەوەدایە ناوچەکە ئاوەدان نەکرێتەوەو دامودەزگا حکوومی و ئیدارییەکان دەست بەکار نەبنەوەو لە رۆژی ریفراندۆم و هەڵبژاردن هاووڵاتیانی ئەم ناوچانە دەنگ بە کوردبوون و کوردستانیبوونیان نەدەن. دروستکردنی حەشدی شەعبی و هاتنیان بۆ ناوچە سوننەکان و جێگیربوونیان لە شنگال و ناوچەکانی سەر سنووری سووریا بۆ ئەو رێڕەوە مەزهەبییەی

ئێرانە و دژی خواستە ڕەواکانی گەلی کوردە، تەنانەت دەستکاری لاشەی شەهیدەکانمانیان لەناو گۆڕە بەکۆمەڵەکانی تەلعوزیر و کۆچۆش کردووە، لەکاتێکدا پێویستە ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانە بپارێزرێن و بەشێوەی یاسایی و زانستی هەڵبدرێنەوە، نەک بۆ کاری ڕێکلام وێنەی لەگەڵدا بگیرێت و دەستکاری ئێسک و پرووسکەکان بکرێت. ئێمەی کوردی ئێزیدی باش دەزانین تا جەنابی سەرۆک بارزانی و هێزی پێشمەرگە هەبێت، هیچ هێزو تاقمێکی چەکدار بە هاوشێوەی داعش ناتوانێت لەناو خاکی کوردستان بمێنێتەوە، ئەوەتا فەرماندەیی شنگال و خەڵکی شنگال دەنگی خۆیان هەڵبڕیوەو داوادەکەن حەشدی شەعبی و پەکەکە ناوچەکانیان چۆڵ بکەن، ئەگینا پێویستە نەتەوە یەکگرتووەکان و هێزەکانی هاوپەیمانان لەمە ئاگادار بکرێنەوەو داواکاری و خواستی خەڵکی ناوچەکە بگەیەندرێتە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و ئەو هێزو گرووپە چەکدارانە زیاتر ڕیسوا بکرێن. بۆ ئەمەش تێکڕای کوردانی ئێزیدی و جڤاتی ڕۆحانی و میری ئێزیدییان و ڕۆشنبیرو کەسایەتی و سەرۆک هۆزەکانی ئێزیدی هەموو پێکەوە داوایان لە سەرۆک بارزانی و لایەنە سیاسییەکان کردووە، ڕێگە نەدەن جارێکی دیکە کوردی ئێزیدی کۆمەڵکوژ بکرێن و ناوچەکانیان نەکەنە شوێنی ململانێی تائیفی و ئیقلیمی، بەهیچ شێوەیەکیش ئەو لایەن و گرووپ و حزبانەیان ناوێت کە ڕێز لەخاکی شنگال ناگرن و داوای گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان ناکەن.

*** کوردانی ئێزیدی خاوەن دابونەریتێکی تایبەتن و ڕێزێکی زۆر بۆ مێژوو، ئایین و خێزان دادەنێن، پرسیار ئەوەیە ئایا خێزانەکانی کوردی ئێزیدی چۆن دەڕواننە ڕەفتارەکانی پەکەکە کە کچان و مێرمنداڵان دەکاتە چەکداری خۆی؟**

- دابونەریتی کوردانی ئێزیدی ڕێگە بەوە نادات کچەکانیان لە تەمەنی بچووک و مێرمنداڵی دوور لەماڵباتیان بن، چ جای ئەوەی چەکدار بکرێن، وەکو ئەوەی پەکەکە دەیکات. ئێمە سوپاسی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی دەکەین کە لە ڕێگەی لیژنەیەکی تایبەتەوە بودجەیەکی گەورەی بۆ ڕزگارکردنی کچ و ئافرەتی کوردی ئێزیدی تەرخان کرد. لە دابونەریتی ئێزیدا، جێگاو شوێنی کچان و ئافرەتانمان دیارەو بەپیرۆزو هاوبەشی ژیان تەماشایان دەکەین، مایەی شەرمەزارییە کچانی کوردی ئێزیدی ببرێنە سووریا و پشتێنی بە مۆمب چێنراویان لەبەر بکەن و لە مینبج بیانتەقێننەوە، ئەم ڕەفتارەی پەکەکە هیچی کەمتر نییە لەوەی چەکدارانی داعش دەرهەق بە خێزانە ئێزیدییەکان کردیان و کچ و ئافرەتانیان ڕفاندین، خێزان لای ئێزیدییەکان بەهاوشێوەی پێکهاتەکانی تری کورد پیرۆزیی خۆی هەیە و منداڵەکانمان دوورناخەینەوەو منداڵ ڕفاندن و فریودانیان شتێکی زۆر قێزەونە، هەندێک کچی ئێزیدییان بردووە بۆ قەندیل بێ ڕەزامەندی خێزانەکانیان بووە، ئەمانە پێش ئەوەی دژی یاسا و عورفە نێودەوڵەتییەکان بن، دژی دابونەریت و پیرۆزیی خێزانی کوردن، ئێمە کاتێک کچ و کوڕمان دەبێتە پێشمەرگە، دەبێت ڕەزامەندی خێزانەکانیان وەربگرن، کەچی پەکەکە ڕێگاش نادات شەرڤانەکانی پەیوەندییان لەگەڵ خێزانەکانیان هەبێت، بگرە تەلەفۆن و مۆبایلیشیان لێ قەدەغە کردوون، تەنانەت هەرکەسێک بچێتە ناو پەکەکەو واز بهێنێت، بەخائینی دادەنێن.

*** حەشدی شەعبی بەناوی ڕزگارکردنی ئەو ناوچانە لەداعش ڕوویان لە باشووری شنگال کردووە، ئایا کوردی ئێزیدی بڕوا بەم پاساوانە دەکات؟**

- پێش هاتنی داعشیش حکومەتی عێراق تەواوی مافەکانی کوردی ئێزیدی پشتگوێ خستبوو، لەکوشتن و ماڵوێرانی و دەربەدەری زیاتر هیچمان لە عێراق دەست نەکەوتووە، تەنانەت تا ئێستاش حکومەتی عێراق ئامادە نەبووە لە پەرلەمانەکەی کارەساتی کوردانی ئێزیدی بە جینۆساید بناسێنێت، لە ئاوارەییشدا هاوکاری و یارمەتی نەکردین و ئێمەی بە هاووڵاتی عێراق نەزانیوە، ئەوان مەینەتی و خراپیی باری دارایی کوردەکانیا ئیستغلال کردووە و خەڵکێکی کەمیان فریو داوە و بوون بە حەشدی شەعبی. ژمارەیەکی زۆری کوردانی ئێزیدی لە ناچاری چوونە دەرەوەی هەرێم و لە وڵاتانی ئەوروپا نیشتەجێ بوون، ئەگەر پەکەکەو حەشد ئەو ناوچانە چۆڵ نەکەن، بێگومان ئەوەندەی دیکە خەڵکی ئەو ناوچانە لە ئارامی ناوچەکانیان و گەڕانەوەیان بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان بێ ئومێد دەبن.

**ئێمەی کوردی ئێزیدی باش دەزانین تا جەنابی سەرۆک بارزانی و هێزی پێشمەرگە هەبێت، هیچ هێزو تاقمێکی چەکدار بە هاوشێوەی داعش ناتوانێت لەناو خاکی کوردستان بمێنێتەوە**

**دروستکردنی حەشدی شەعبی و هاتنیان بۆ ناوچە سوننەکان و جێگیربوونیان لە شنگال و ناوچەکانی سەر سنووری سووریا بۆ ئەو ڕێڕەوە مەزهەبییەی ئێرانە و دژی خواستە ڕەواکانی گەلی کوردە**

**پێویستە هێزەکانی کوردی ئێزیدی لەناو ڕیزەکانی فەرماندەیی شنگال زیاتر بکرێن، چونکە پاراستنی شنگال بۆ کوردستان گرنگە، ئەگەر کەرکووک دڵی کوردستان بێت، ئەوا شنگال خوێنی ئەو دڵەیە**

**پەکەکە وەڵامی داواکارییەکەی جڤاتی ڕۆحانیی ئێزیدی و میری ئێزیدی و کەسایەتی و ڕۆشنبیران و خەڵکی کوردی ئێزیدیشی نەدایەوە بەوەی بۆ شوێنی خۆیان بگەڕێنەوە**

# ریفراندۆم و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە کوردستان

ریفراندۆم پرۆسەیەکی تایبەتمەندە و تا رادەیەکیش بەلای وڵاتانی رۆژهەڵاتییەوە پرۆسەیەکی نوێیە، چونکە زیاتر لە وڵاتە مۆدێرنەکان ئەنجام دراوە، واتە لە وڵاتە شمولییەکان کەمتر ئەنجام دراوە. ریفراندۆم یەکێکە لەباشترین و خێراترین هەنگاوەکان بۆ بڕیارە چارەنووسسازەکانی میللەتان، بەتایبەتی ئەگەر ئەو پرسە هەستیار بێت وەك سەربەخۆبوون، چونکە ریفراندۆم وەك جۆرێکی گرنگی راپرسی، سەرجەم میللەت بەبێ جیاوازی بەشداری تێدا دەکەن و بڕیارەکە دەدەن، لە روویەکی دیکەوە ریفراندۆم رێگەیەکە زۆربەی وڵاتە دیموکراتییەکانی جیهان بۆ زۆربەی هەنگاوەکان بەکاری دەهێنن، هەرێمی کوردستانیش بۆ ئەم بڕیارە دەتوانێت جوانترین سیستەمی دیموکراتی پەیڕەو بکات لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەك دەزانین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەمتر ریفراندۆم ئەنجام دراوە، رەنگە هەرێمی کوردستان ببێتە یەکەم وێستگەی دیموکراتی لەم ناوچەیەدا، واتا بە ئەنجامدانی ریفراندۆم هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی زۆر مێژوویی دەنێت. ریفراندۆم دەرگایەکە بۆ سەربەخۆیی، کاتێك سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکی مێژووییدا رۆژی ریفراندۆمی دەستنیشان کرد، بەوەش هەنگاوێکی زۆر گرنگ و مێژوویی نا، کە دەبێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی گەلی کوردستاندا. لێرەدا ئێمە کاتێك باس لە ریفراندۆم، یان راپرسی دەکەین و دەمانەوێت بیبەستینەوە بە سەربەخۆبوونی کوردستان و هەنگاوەکانی سەربەخۆبوون، بەر لەهەموو شتێك پێویستی بە ئەنجامدانی ریفراندۆم هەیە، چونکە ریفراندۆم بریتییە لە یەکێك لە باشترین رێگەکانی دیموکراتی بۆ گەیاندنی دەنگی هاووڵاتی، لە رووی یاساییەوە ریفراندۆم بە یەکێك لە شێوازە نوێیەکان دادەنرێت کە میللەت بتوانێت دەنگی خۆی بگەیەنێتە دەستەڵاتی پەیوەندیدار بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات . لە رووی یاساییشەوە ریفراندۆم ئامرازێکی شارستانییە کە لە نێو جیهانی پێشکەوتووی مۆدێرنی ئەمڕۆدا وەك پرەنسیپێکی دیموکراتی رێزی لێدەگیرێت و لە زۆر بواردا بەکاردەهێنرێت، متمانە بە ئەنجامەکەشی دەکرێت و لەگەلێك کایەدا پشتی پێ دەبەسترێت، بە جۆرێك وڵاتە دیموکراتییەکانی جیهان بۆ گشت هەنگاوێك ریفراندۆم ئەنجام دەدەن.

ریفراندۆم رێگەیەکە بۆ یەکلاکردنەوەی پرسە گرنگەکان و زۆربەی چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە ریفراندۆم گرنگییەکی زۆر گەورەی لەسەر هەموو ئاستێکی جیهانی هەیە، بەتایبەتی کە کاریگەریی ئەرێنییانەی لەبواری چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکاندا دەرکەوتووە. هەروەها ریفراندۆم



**مەیادە محەمەد نەجار**

**ماجستێر لە کارگێڕی کار**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ڕێگەیەکە بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی زۆر گرنگ بە ڕێگەیەکی ئاشتییانە. ریفراندۆم پڕۆسەیەکە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا پێشینەیەکی مێژوویی هەیە، لە رووی یاساییەوە ریفراندۆم مافێکی ئاسایی هاووڵاتیانە بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن، بەشێکی دیکە لە توێژەرانی بواری سیاسی پێیانوایە ریفراندۆم پرۆسەیەکە، یان کارێکە لە تواناداییە بکرێت و ببێتە واقیعێکی بەرچاو، هەرچەندە زۆر جار ئەو بڕیارانەی کە لە ریفراندۆمەوە دەردەکرێن، بڕیاری هەتاهەتایی و چارەنووسسازن و گرنگیی خۆیان لەگشت کایە جیاوازەکاندا دەبێت، چونکە ریفراندۆم شێوازێکی بەشداریکردنی هاووڵاتیانە لەدروستکردنی بڕیاری سیاسیدا، کە بە یەکێك لە ڕێگاکانی دیموکراسیی راستەوخۆ دادەنرێت و دەرفەتی ئەوە بۆ جەماوەر دەڕەخسێنێت کە لەبارەی پرسێکی دیاریکراوەوە دەنگ بدەن. واتا ریفراندۆم باشترین سیستەمی دیموکراتییە بۆ بڕیاردان. سەرجەم یاساناسان و چاودێرانی سیاسیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە ریفراندۆم باشترین سیستەمی دیموکراتییە بۆ بڕیاردان، هەروەها ئەگەر وردبینەوە، ریفراندۆم باشترین ڕێگەیە لەم قۆناغەدا بۆ چەندین هەنگاوی گرنگ، لەوانە بۆ سەربەخۆبوونی گەلی کورد و بڕیاردانی چارەنووسیش هەنگاوێکی گرنگە، سەرجەم میللەتی کورد و بگرە پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان بە ئایینی جیاواز وەك مەسیحی و ئێزیدی و کاکەیی و...هتد، هەروەها تورکمانیش پشتگیری لێ دەکەن، چونکە دەزانن مانەوە لەگەڵ عێراقدا خزمەت بە کەس ناکات، بۆیە باشترین ڕێگە بۆ هەرێمی کوردستان سەربەخۆبوونە، لە روویەکی ترەوە دەوڵەتی سەربەخۆ مافی هەموو میللەتێکە، سەرجەم گەلانی جیهان مافی خۆیانە مافی چارەی خۆنووسین لە ڕێگەی ریفراندۆمەوە بۆ خۆیان دیاری بکەن، کوردیش وەك گشت میللەتانی دیکەی سەر رووی زەمین، مافی خۆیەتی بڕیاری مافی چارەی خۆنووسین بدات و، دەوڵەتی سەربەخۆ رابگەیەنێت، بەتایبەتی لە ئێستادا کە وڵاتانی زلهێزی جیهان گەیشتوونەتە ئەو راستییەی کە شتێك بە ناوی یەکپارچەیی عێراق نەماوە و پێویستە کورد لە عێراق جیابکرێتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە ساڵەهای ساڵە گەلی کوردستان لەم پێناوەدا خەبات دەکات و دەیان شۆڕشی بەرپا کردووەو سەدان هەزار شەهیدی پێشکەش کردووە.

دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ دەرفەتی راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە ئاسۆدایە و زۆر نزیکە، لە روویەکی دیکەوە هەڵوەشانی هەریەك لە عێراق و سووریا و لیبیا و یەمەن لە بواری جێبەجیکردندایە، لە کۆتاییدا دڵنیام هەموو میللەتی کورد پشتگیری ریفراندۆم دەکات.



## لەساڵیادی ڕۆژی ڕەشی ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣ی سلێمانییدا

# پانۆرامای تاوانەکانی بەعسی فاشیست



**فوئاد محەمەد ئەمین سەراج**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەوەی لەم پانۆرامایەدا دەبینرێت، خشتەی ئەو تاوان و کوشتن و بڕین و لەسێدارەدان و قەدەغەکردنی هاتوچۆ (منع التجول) و پلان و پیلانی دەسەڵاتی فاشیستەکانە کە لە دوای (٩)ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ بە شێوەیەکی تۆتالیتاری و عەسکەرتاریتانە پەیڕەویان کرد بە درێژایی حوکمڕانییان تا گەیشتە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و ئەنفالکردنی گەلی کورد. ئەم ڕەگەزپەرستانە بەدەر بوون لە مرۆڤبوون، لە هەموو کەلتوورێکی مرۆڤایەتی و دادی کۆمەڵایەتی، کە بە هیچ جۆرێك لە فەرهەنگی سیاسی و نیشتمانی و مافە سەرەتاییەکانی مافی مرۆڤ جێگایان نابێتەوە. ئەم نووسینە زۆبەی تاوانەکان دەنووسێتەوە، وێنەی ئەم مێژووییە پڕ لە دڕندەییە کە مرۆڤایەتی شەرمی لێدەکات و لەبەردەم ئەو هەموو کارەساتانەدا کە بەسەر کوردیان هێنا، ئەویش:

١- قەدەغەکردنی هاتوچۆ بەشێوەی (منع التجول) لە بەرەبەیانی ١٩٦٣/١٠/٩ لە شاری سلێمانی و کۆیەدا و خەڵکێکی زۆری تیا شەهید کرا، زۆریشیان گیران و بێسەروشوێن بوون.

٢- گوللەبارانکردنی شاری سلێمانی لە ڕۆژی (٤) نیسانی ١٩٦٤ کە ناسراوە بە ڕۆژی شەهیدانی...

٣- وێرانکردنی دوو گوندی (دەتان و سوریا) بە غازی خەردەل لە ساڵی ١٩٦٦ و کوشتنی خەڵکە بێگوناهەکەی.

٤- گرتن و ڕاوەدوونان و دوورخستنەوەی فەرمانبەران و دەزگای پۆلیس بۆ خوارووی عێراق.

٥- پیلانی لەناوبردنی بارزانی-ی نەمر لە شەوی ١٩٧٢/٥/١٦ دا.
٦- پەشیمان بوونەوە لە پەیماننامەی (١١)ی ئاداری پیرۆز.
٧- راگواستنی خەڵك و تەعریبکردنی كوردستان و دەست پێکردنی (تبعث)كردن و (تهجیر)كردن لە شارەكانی وەکو کەرکووك، خانەقین، شنگال، زوممار و زۆر جێگای دیکەی کوردستان.
٨- بۆردوومانکردنی شاری قەڵادزێی شەهید لە رۆژی ١٩٧٤/٤/٢٤ كاتژمێر (١٠،٤٥)ی بەیانی کە بووە هۆی شەهیدکردنی زۆربەی قوتابیانی زانکۆی سلێمانی و چەندین کەسی بێگوناهی ئەم شارە شەهیدە.
٩- بۆردوومانکردنی شاری هەڵەبجە بە فڕۆکە رۆژی ١٩٧٤/٤/٢٦ و شەهیدکردنی ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی.
١٠- بۆردوومانکردنی شارەکانی (چۆمان، گەلاڵە،حاجی ئۆمەران، رەواندز) و چەند شوێنێکی دیکە کە بووە هۆی شەهیدکردن و دەربەدەرکردنی خەڵکی ئەم ناوچانە لە ترسی بۆمببارانکردن وماڵوێرانییان.
١١- شەهیدکردنی لەیلا قاسم و نەریمان فوئاد و حەسەن حەمە رەشید و جەواد و ئازاد لە یانەی (صید)( کە فەرمانی لە سێدارەدانیان لە مانگی (٥)ی ١٩٧٤ دەرچوو.
١٢- رشتنی ماددەی فسفۆر لە شەری ١٩٧٤ لە دژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.
١٣- رێککەوتننامەی جەزائیر لەگەڵ شای ئێراندا بۆ لێدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد.
١٤- قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە ساڵی ١٩٨٥ کە تێیدا کەوتنە گیانی خەڵکی بەشەرەفی سلێمانی و دەستیان کرد بە گرتن و راوەدووت و رووخاندنی خانووی هاووڵاتیان و زیاتر لە ١٠٠ کەسیان بێسەروشوێن کرد، کە ئێستا لە گۆڕستانی بە کۆمەڵ دەدۆزرێنەوە.
١٥- قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە رۆژی ١٩٨٧/٨/١٢، هەروەها دەستیان کرد بە گرتن و کوشتن و رووخاندنی خانووی هاووڵاتیان بە شۆفڵ و گرتن و بێسەروشوێنکردنی خاوەنەکانیان.
١٦- رووخاندن و وێرانکردنی (٤٥٠٠) گوندی کوردستان و راگواستنی خەڵکەکەی بۆ نێو ئۆردوگا زۆرەملێیەکان.
١٧- بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بەسەر شاری هەڵەبجەی شەهید لە رۆژی ١٩٨٨/٤/١٦ کە بووە هۆی شەهید بوونی زیاتر لە (٥٠٠٠) هاووڵاتی و دەربەدەرکردنی سەرجەم دانیشتووانی ئەم شارە شەهید و خۆڕاگرە.
١٨- بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە بادینان و قەرەداغ و سێوسێنان و زێوێ و هەڵەدن و سەرگەڵۆ و بەرگەڵۆ و چەندین شوێنی دیکە کە بووە هۆی شەهیدبوونی ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان و سووتان و کوێربوون و پەراگەندە بوونی ژمارەیەکی زۆری دیکەیان.
١٩- تواندنەوەی مرۆڤی کورد لە (وحدە المجازر البشریە) کە لەم بەڵگەنامانەی دواییدا ئاشکرا کرا.
٢٠- بێسەروشوێنکردنی (١٨٢) هەزار کورد بە ناوی ئەنفال.
٢١- بێسەروشوێنکردنی (٨٠٠٠) هاووڵاتی لە بارزانییەکان.
٢٢- گوللەبارانکردن و لە سێدارەدانی خەڵکی بێگوناهی کورد لە شەقام و گۆڕەپان و کۆچە و کۆڵانەکانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان.
٢٣- راوەدووتکردن و تاڵانکردنی ماڵی هاووڵاتیان و دابەشکردنیان بەسەر پیاوانی رژێم و بەکرێگیراوانیان.
٢٤- گرتنی ئەو منداڵانەی لە تەمەنی یاسایی و سرووشتیدا نەبوون و زیادکردنی تەمەنیان بۆ لە سێدارەدانیان لە قەسابخانەکانی رژێمدا.
٢٥- وەستان دژی راپەرین و دەستپێکردنی کۆچە بە کۆمەڵەکەی سێ ملیۆن مرۆڤی کورد کە تا ئەندازەیەك ویژدانی گشت مرۆڤایەتیی جیهانی هەژاندو هیوای بۆ کورد هێنایە گۆڕێ و بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ژمارە (٦٨٨)ی بۆ کورد هێناکایەوە دژی دیکتاتۆری خۆێنرێژی بەغدا.
ناردنی تەقەمەنی و دینامێت و ئۆتۆمبیلی مینرێژکراو بۆ جەماوەری کوردستان، گەورەترین دیارییە کە رژێمی فاشی دەینارده کوردستان لە باتی داودەرمان و خۆراك، چونکە خۆی بێبەری بوو لە هەموو شتێکی مرۆڤایەتی و تەبایی، تەنیا خوێنرشتن و جەنگ و کوشتن و وێرانکردن و فەرتەنەی دۆڕاو نەبێ، هیچی دیکە لە فەرهەنگی دیکتاتۆری و بەعسی فاشیستدا نەبوو، وەك لەبەرچاومانە.

# سلێمانی لانکەی کوردایەتی و هەڵمەت و قوربانی

من و باوك و باپیرانم كە لە شاری سلێمانی لەدایك بووین و بە دەنگی «كوردستانی سەربەخۆ، بژی پێشمەرگە، بڵندی بۆ ئاڵای كوردستان و بڕووخێ رژێمەكانی دژ بە كورد و كوردستان و سروودی ئەی رەقیب ساڵ لە دوای ساڵ بە پێی جیاوازی تەمەن گوێچكەكانمان كرانەوە و دەنگی دونیایان بیست و چاوەكانمان بە رەنگی پیرۆزی ئاڵای كوردستان و نووسینی نامیلكەكانی رزگاركردنی كوردستان و نووسینی بانگەشەكانی سەر دیوارەكان چاوەكانی ئێمە و هەموو دڵسۆزانی كوردستانی لە شاری سلێمانیدا لە نابینایی رزگار كرد. ئەم شارە هەمیشە پێشەنگ بووە بۆ باڵپشتی لە شۆڕشی دژ بە رژێمەكانی یەك لە دوای یەكی دژ بە خاك و خەڵكی كوردستان و هەمیشە لانكەی شۆڕشگێڕان بووە هەر لە سەرتای شۆڕشی نوێوە شاخی گۆێژە قەڵغانێك بوو بۆ پێشمەرگە شۆڕشگێڕەكان و ناوشاریش سەنگەرێك بوو بۆ بەرگری لە خاك و نیشتمان و دوژمن بەزاندن.

نووسەرانی سلێمانی خامەیان هەموو كات خامەی غیرەت و هەستی نەتەوایەتی و خامەی شەرەف و خزمەتكاری پرسی نیشتمانپەروەری بووە و پاڵپشتی بەدەستهێنانی مافی ئازادی و سەربەخۆیی بووەو مامۆستاكانی وانەی نیشتمانپەروەرییان فێری قوتابیان دەكردو قوتابییەكانیش بۆ بەدەستهێنانی پلەی خوێندنی باڵا و سەركەوتن بەسەر دوژمناندا پێشمەرگە ئاسا دەیان خوێند.

سلێمانی هەمیشە ماڵێكی گەورە بوو بۆ خزمەتی شۆڕشی كوردی لە سەرەتای شۆڕشی بارزانی-ی نەمر بۆ ماوەیەكی زۆر لەم شارەدا پاڵپشتییەكی زۆر و خزمەتێكی زۆر بە بارزانی-ی نەمر و شۆڕشی ئەیلوول و گوڵانیش كرا. ئەوكات كە بۆ ماوەیەكی زۆر سەركردایەتی شۆڕش و ماڵی بارزانی لە سلێمانی بوو، خەڵكی شار هەمیشە وەك خاوەن ماڵ و بە رێزێكی زۆرەوە پاڵپشت و پشگیری شۆڕشی كوردایەتی بە سەركردایەتی بارزانی بوون و ئەم شارە هیچ كاتێك زوڵم و زۆرداری رژێمەكانی سەدەی پێشووی داگیركەری كوردستان و ژێردەستەیی عەرەبیان لا قبووڵ نەبووە، بۆیە شۆڕشی كوردی تیایدا سەركەوتوو بووە.

سلێمانی پشتگیری شێخ مەحموودی نەمری كردووەو پاڵپشتی شۆڕشەكەی مەلیكی كوردستان بووە، بەڵام دەستی تێكدەر و دەرەكی نەیانهێشت ئەم خەونە پیرۆزەی كوردستان بەردەوام بێت. ئەم شارە خاوەنی گەورەترین شەڕە كە لە لاپەڕكانی مێژوویدا نووسراوەتەوە، ئەویش شەڕی بەردەركی سەرایە لە سەرەتای دەیەكانی سەدەی پێشوودا، كە دژ بە داگیركەرانی كوردستان بوو، خەڵكی سلێمانی خۆپیشاندانیان كرد و لە كۆتاییدا بوو بە شەڕێكی گەورە و تیادا چەندین كەس بوونە قوربانی بە گوللەی داگیركەرانی كوردستان و یەكێك لە و كەسە ناودارانەی كە لەو شەڕەدا شەهید بوو، كە تا ئێستا ناوی لە ناو خەڵكی شاردا ماوە، «عەولە سیسە» بوو كە بە گوللەی بریتانییەكان شەهید بوو.

خەڵكی ئەم شارە هێچ كات خیانەتكاری و نادڵسۆزی و دابەشبوونی كوردستانی لەلا جێگای

**ئەوکات کە بۆ ماوەیەکی زۆر سەرکردایەتی شۆڕش و ماڵی بارزانی لە سلێمانی بوو، خەڵکی شار هەمیشە وەک خاوەن ماڵ و بە ڕێزێکی زۆرەوە پاڵپشت و پشگیری شۆڕشی کوردایەتی بە سەرکردایەتی بارزانی بوون**



ڕێباز عوسمان – سلێمانی

قبووڵ نەبووە، بۆیە هەمیشە لە ڕووبەڕووبوونەوەدا بوون لە دژی دابەشکەرانی کوردستان و خیانەتکاران و هەمیشەش خەباتکارانی دڵسۆزی لە باوەش گرتووە.

خەڵکی شارەکە خوێنی شەهیدان و کەسوکاری شەهیدانیان لە لا بەرز و پیرۆز بووە و هەموو کات پێشمەرگە و ناوی پێشمەرگە بە بەرزی و پیرۆزی ڕاگیراوە و هیچ کەس نەیتوانیوە بە وشەیەکی کەم ناویان بهێنێت، بەڵام ئەوەی ئێستا دەبینرێت و دەبیسترێت لە سەر دژایەتی خوێنی شەهیدان و پێشمەرگە و ناوهێنانیان بە میلیشیا، ئەوانە بێبەرین لە سلێمانی و کورد و کوردستان. سلێمانییەکان لە خوێن بەخشیندا بۆ خاکی کوردستان و ئاودانی درەختی ئازادی و بڵندیی ئاڵای کوردستان ئەو هەموو لاو و پیر و کوڕ و کچەیان خوێنی پیرۆزیان بەخشییە خاکی کوردستان، ئێستا کەسانێکیان ناوێت بە ناوی ئەوانەوە بە پێشمەرگە بڵێ: میلیشیا! یان بڵێ: بەخێربێن سەرانی عەرەب و میراتییەکانی ئەنفال و کیمیاباران و خوێنمژان و داگیرکەرانی کوردستان!! سلێمانی و غیرەتی خەڵکی ئەم شارە و دەوروبەری هەموو کات لەو کەسانە بێبەرییە و تا ناوی ئەم شارە بمێنێ، ژێردەستەیی عەرەب قبووڵ ناکات و رابردووی خۆی ناداتە پاڵ مێژووی عەرەب، دەشێ عەرەب دراوسێیەکی باش بێت، بەڵام هیچ ساتێك کورد ژێردەستیی ئەوان قبووڵ ناکات، کە تا ئێستاش دژایەتی مافی نەتەوەییمان دەکەن. دڵنیام سلێمانی ئەم جارەش بە دڵسۆزی و وەفای خۆی بۆ کوردستان و شەهیدەکانی هەموو بە «بەڵێ» دەنگ دەدەن لە ڕۆژی ڕیفراندۆمدا بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ئاسوودەکردنی دڵ و دەروونی خۆیان بەرامبەر بە شەهیدانی خاکی کوردستان و دانانی بەردی بناغەی دەوڵەتی کوردستان و داهاتوویەکی نوێ و پڕشنگدار بۆ نەوەکانی داهاتوومان.

سلێمانی لە ٢٥ی ئەیلوولدا لە پاڵ هەولێر و دهۆك و کەرکووك و هەڵەبجەدا دەنگ بە بەڵێ دەدەن بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ئەوەش سەری خیانەتکار و نادڵسۆزانی کوردستان شۆڕ دەکات و دووریان دەخاتەوە.

سروشتی سلێمانی وا دروست بووە کە هەر لە سەرەتای دانانی بناغەی ئەم شارەوە، خاوەنی فکری نەتەوەیی و پاراستنی ناسناوی کوردستان بووە، بۆیە ئەوەی ئێستا دەبینرێت و دەبیسترێت لە خیانەتکاری و دژایەتیکردنی ریفراندۆم و سەربەخۆیی، ئەوە باس لە سلێمانی و سلێمانییەکان ناکات و هیچ کات دەنگی ئەم شارە نییە و نووسینی خامەی نووسەرەکانی نییە و دەنگی لاو و پیرەکانی نییە، سلێمانی ئەم جارەش دەگەڕێتەوە باوەشی کوردایەتی و سەربەخۆیی و ڕێزگرتن لە خەباتی چەند ساڵەی شۆڕشگێڕان و پێشمەرگەکان و شەهیدانی کوردستان. دەنگی خەڵکی ولاتپەروەری سلێمانی ئەمەیە:

بژی کوردستان و بە بەڵێ بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، ڕۆحی شەهیدانمان شاد دەکەین.

**تا ناوی ئەم شارە بمێنێ، ژێردەستەیی عەرەب قبووڵ ناکات و رابردووی خۆی ناداتە پاڵ مێژووی عەرەب، دەشێ عەرەب دراوسێیەکی باش بێت، بەڵام هیچ ساتێک کورد ژێردەستیی ئەوان قبووڵ ناکات، کە تا ئێستاش دژایەتی مافی نەتەوەییمان دەکەن**